# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٧ ■ هەینی ٣١ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## دیسان نەویکێشان و باجدانی ئورووپا بە ئێران



پاڕلمانی بلژیک سەرەڕای دژایەتیی بەشێک لە پارلمانتاران، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و نارەزایەتیی توندی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕێککەوتننامەی گۆڕینەوەی تاوانباران لەگەڵ ئێرانی پەسند کرد.

دژبەرانی ئەو ڕێککەوتنە دەڵێن کە ئەمجارەیان بلژیک بە پشتبەستن بەو بیانووە یاساییە دەتوانێ ئەسەدوڵلا ئەسەدی، دیپلۆماتتاوانباری ئێرانی ڕادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکاتەوە. نوێنەرێکی پاڕلمانی بلژیک لە کۆبوونەوەی پێش دەنگدان بەو پرۆژەیاسایە گوتبووی گەڵاڵەیەی گۆڕینەوەی تاوانباران لە نێوان بلژیک و ئێراندا بەرگێکە تەنیا بە بەری ئەسەدی دووراوە. ئەسەدوڵلا ئەسەدی بە تاوانی بەشداری لە جینایەتێکی تێرۆریستیی ناسەرکەوتوودا سزای ٢٠ ساڵ زیندانی دراوەتێ و ماوەی چوار ساڵە بەند کراوە، بەڵام ڕوونە بێتوو ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، دەمودەست ئازاد دەکرێت.

کاربەدەستانی بلژیک پێچەوانەی بریتانیایی یان فەڕانسەوییەکان بەئاشکرا دانیان بەوە داناوە کە لە بەرانبەر بارمتەگیری و باجئەستێنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەستەوەستان ماونەتەوە. ئەوان دەڵێن بەرژەوەندییەکانی بلژیک لە ئێران و گیانی زیاتر لە ٢٠٠ هاوولاتیی ئەو ولاتە لە مەترسیدایە و ئەوە ناچار بە نەویکێشانی کردوون لە بەرانبەر ئێراندا.

## به شۆڕش تەنیا نیزامە سیاسییەکان دەگۆڕدرێن

# ئێران دەبێ لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دروست بکرێتەوە

◆ سەروتار

### کەیسی تێرۆری ڤییەن و زەرفییەتە قانوونییە بەردەستەکان

**ڕەحمان سەلیمی**

تێرۆریزم تایبەتمەندییەکی زاتیی کۆماری ئیسلامییە. بۆ سەلماندنی ئەو گوزارەیە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا بەسە. حوکمڕانییەکی سیاسیی دیکتاتۆڕی پشتبەستوو بە ئیدئۆلۆژی، پێویستی بەوەیە پەنا بۆ توندوتیژی و تێرۆر و ئامرازە سەرکوتکار و نادیمۆکڕاتیکەکان ببا بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارێتییەکەی بپارێزێ. بەتاییەت کاتێک بەها و نۆڕمە ئیدئۆلۆژیکەکان بارتەقای ئەوە نین تاکەکان بڕوایان پێ بێنن، دەسەڵاتی ڕووت جێگای هێژمۆنی دەگرێتەوە و تێرۆر دەبێتە خەسڵەتێکی زاتیی حوکمڕانی. لە وەها ڕێژیمێکی سیاسیدا چەمکی هاوولاتی چیتر مانای نامێنێ و ڕەعیەت جێگای دەگرێتەوە کە یان دەبێ ملکەچی ڕێنوێنییەکانی دەسەڵات بێ یان نەمێنێ.

کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک کە نەک لە زەوی و لەنێو خەڵکدا، بەڵکوو لە ئاسمان و مێتافیزیک بەدوای مەشرووعییەتی خۆیدا دەگەڕێ، هەر لە سەرەتاوە هەڵگری گوتارێکی توندوتیژ بوو. ئەوەش دەرەنجامی ڕاستەوخۆی خواستی مکوڕی ئۆلیگارشیی دەسەڵاتدار بۆ ڕادەستنەکردنی دەسەڵات بوو. هەربۆیە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بەوە بوو بارودۆخێک دروست بکا کە دەنگی نارەزایەتی لە نێوخۆ و دەرەوە نەبیسترێ و کپ بکرێ. ڕێژیم لە نێوخۆ هەوڵی دا پەرە بە دەزگا سەرکوتکارەکانی بدا بۆ گرتن و ئێعدام و تێرۆری جیابیران و لە هەمان کاتدا بە دامەزراندن و پشتیوانیکردنی ماددی و مەعنەوی لە گرووپ و ڕێکخراوی تێرۆریستییەکان لە ولاتانی ناوچە، سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێرانەوە بەرەو ...


درێژە لە لاپەڕەی ٢





## دێموکراسی، ڕێککەوتن و دەستەبەری مافی نەتەوەکان گەرەنتیی دابەش‌نەبوونی وڵاتە

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ٢٧ی پووشپەڕ، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکی کلاپهاوسیدا کە بە بەشداریی زیاتر لە یازدە هەزار کەس لە چالاکانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران کە هەموو ڕوانگە و تەیفە جیاوازە سیاسییەکانی تێدا دەبیندرا، سەرنجی خستە سەر ڕوانگە و تێفکرینەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ ئێرانی دوای ڕێژیمی کۆماری ی ئێران و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی قسەکانی لەم کۆبوونەوەدا کە زیاتر لە چوار کاتژمێر و نیوی خایاند، وێڕای پێداگری لە سەر ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، تەواوی ئەو تۆمەتانەی لە سەر بزووتنەوەی کورد ڕەت کردەوە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ناوەندگەراکانەوە دەخرێنە پاڵی. کاک خالید عەزیزی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە پرسی کورد و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەتەنیا هەڕەشە نین بۆ سەر ئێران و چوارچێوەی خاکی ئەم وڵاتە، بەڵکوو دەرفەتن بۆ پێکەوەژیان و سەقامگیریی ئەمنییەت و دێموکراسی.

سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێک لە قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە ڕاستە کە لە نەبوونی ئازادی، دێموکراسی و مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکدا و بەهۆی پەرەسەندنی دیاردەگەلی وەک هەژاری، بێکاری و گرانی نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێکن، بەڵام ڕێژیمێکی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامی تەنیا بەوە ناڕووخێ کە دژبەری هەن، بەڵکوو ڕێژیمێکی سیاسیی ئەوتۆ بە بەرنامەی سیاسیی دژبەران و بوونی ئالترناتیڤ وەلا دەنرێت، بەو مانایە کە ئەو ڕێژیمە چۆن دەبێ بڕوا و چ جۆرە نیزامێک جێی وی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەش کە دێموکراسی لە وڵاتدا لەسۆنگەی دەسەڵاتی نیزامە دیکتاتۆڕە ناوەندگەراکانەوە نەهادینە نەبووە و ئەزموونی کاری پێکەوەیی لەنێو ئۆپۆزیسیۆن و توێژە جۆراوجۆرەکانی دژبەری ڕێژیمدا کاڵ و لاوازە؛ ڕێژیم هەتا ئێستا توانیویەتی بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بمێنێتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ تۆمەتەکانی وەک «تجزیه طلبی» و «تجزیه هراسی» کە لەلایەن هێندێک لە بەشدارانی ژوورەکەوە دەخرانە پاڵ حیزبی دێموکرات، ڕایگەیاند نەتەوەی کورد لە ئێران بە دوای ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و ئازاددا دەگەڕێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکە لەم پێناوەدا نیزامی فیدراڵی پێشنیار دەکەن. بۆیە ئەوەی هەڕەشە لە ئێرانی داهاتوو دەکەن پرسی کورد نییە، بەڵکوو تێڕوانینی لە پەراوێزخستن و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندە کە دەتوانێ هەڕەشە بێت بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران.

سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵامی بەشێک لە پرسیار و تێبینیی بەشدارانی کۆڕەکەدا بە شیکردنەوەی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر چوارچێوەی دەسەڵات و سەڵاحییەتەکانی ناوچەی فیدراڵ و دەوڵەتی ناوەندی؛ دابەشکردنی دەسەڵات و بەڕەسمی ناسینی جیاوازییەکان و دانپێدانان بە دەسەڵاتە ناوچەیی و هەرێمییەکان لەسەر ئەساسی نەتەوەیی بە باشترین نەخشە ڕێگا بۆ ئێرانی داهاتوو لەقەڵەم دا.


دواوتووێژی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو — ل ٢ – ٣
د. قاسملوو و بنەڕەتی سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردان — ل ٥
حوکمی «عەداڵەت» لە بەرانبەر «جینایەت»دا — ل ٨
ئەمن و چیرۆکی دیوارەکان — ل ١١

◆ درێژەی سەروتار

## کەیسی تیرۆری ڤیەن و زەرفییەتە قانوونییە بەردەستەکان

دەرەوەی سنوورەکان لاڕێ بکا. ئاشکرایە لەو سیستەمانەدا تیرۆر هەڵبژاردەیەکی ئاگاهانە و پلان بۆ داڕێژراوە بۆ ملکەچکردنی ڕەعیەت؛ بەو مانایەی کە لە چارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا لە هاووڵاتی دەڕواندرێ.

بێگومان سیستمێکی لەو چەشنە ناتوانێ تەحەممولی نەیارانی خۆی بکا و هەموو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ لەناوبردنی کەسایەتییە سیاسی و تەنانەت فەرهەنگی و هونەرییە نارازییەکانی بەسیج دەکا.

لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا گەلی کورد وەک گەورەقوربانیی تیرۆریزم کە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕێژیم لەگەڵ هێرشی هەمەلایەنەی ڕێژیم بەرەوڕوو بوو، ڕێچکەیەکی تەواو جیاوازی گرتەبەر. بە ئاوڕدانەوەیەک لە سیاسەتی حیزبی دیمۆکرات و بەتایبەت بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو، بۆمان دەردەکەوێ کە تیرۆر لە ڕوانگەی کوردەوە بەتەواوی مەحکووم و ڕەتکراوەیە. تێڕوانینێک کە لەنێوان تەواویەتخوازیی ناوەند و مافخوازیی حیزبی دیمۆکڕاتدا تا ئێستاش بەردەوامە و لە لایەک پرێستیژێکی نێودەوڵەتی بۆ خەباتی گەلی کورد لێکەوتۆتەوە و لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامیی وەک ڕێژیمێکی پشتیوانی تیرۆر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناساندوە.

دوکتور قاسملوو سەبارەت بە تیرۆر دەڵێ: "دیمۆکراسی دوژمنی ژمارە یەکی تیرۆریزمە. بەرتەسککردنەوەی دیمۆکراسی بە مانای یارمەتیدان و لایەنگری کردنە لە تیرۆریزم." ئەو شێوە ڕوانینە بۆ تیرۆریزم هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتە کە لەلایەک تێگەیشتن و ڕوانینێکی واقعی و هاوتەریب لەگەڵ پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان نیشان دەدا کە ئەوکات دوکتور قاسملوو یان باشترە بڵێین حیزبی دیمۆکڕات لە زمانی دوکتور قاسملۆوە بەوپەڕی وریاییەوە هێناویەتیە گۆڕێ و لە لایەکی دیکەش دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی یان لە سەرووی ئەو جەمسەربەندییە ئیدئۆلۆژیکەوە کە لە سەردەمی شەڕی سارد لە ئارادا بوو، سیستەمی بەها و ئەرزشەکانی بە چەشنێک بۆ خەباتی گەلی کورد داڕشتوە کە تا ئێستاش وەک میراتێکی بەنرخ بۆ نەسلی ئێمە بەجێ ماوە.

دوکتور قاسملوو سەرەڕای سازشنەکردن لەسەر مافەکانی گەلی کورد، تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو خواستی خۆی وەک ڕێبەرێکی ناوداری گەلی کورد بە وتووێژ و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد نەشاردەوە و لەو ڕێگایەدا هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ، تا جێگایەک کە گیانی خۆی کردە قوربانیی ئەو ئامانجە.

لە ۳۳ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەردا، ئەوەی بۆ حیزبی دیمۆکڕات و گەلی کورد و بەگشتی بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازیی ئێران گرینگە دادگاییکردنی تیرۆریستانی ڤیەن و تاوانبار ناساندنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییە لە دادگایەکی بێ لایەندا. پێویستە ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی و بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات هەموو زەرفییەتە قانوونییە بەردەستەکان بۆ وەگەڕخستنەوەی کەیسی ئەو جینایەتە بەکار بێنن بۆ ئەوەی هەم بۆ جارێکی دیکە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنن و هەم دادگەری بێتەدی.

وەبیرهێنانەوەی ئەو زەرفییەتە قانوونییانە بەتایبەت لە ئێستادا کە ئاراستەی سیستەمی دادوەریی جیهانی بەرەو بەرپرسیارەتیی بەرامبەر تاوانە گەورەکان دەڕوا، گرینگیی تایبەتی هەیە.

– سیستەمی دادوەریی وڵاتی ئوتریش

ئەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییانەی کە دوابەدوای تیرۆرەکە لە لایەن دژەتیرۆری ڤیەن ئەنجام دران و تا ڕادەیەک لە ڕاگەیەنەکانیشدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو، بەڵگەی بەهێزن بۆ وەگەڕخستنەوەی ئەو پەروەندەیە. بەتایبەت کە لەنێو خودی دەسەڵاتدارانی ئوتریش کەسانی دەستڕۆیشتوو لە پارلەمان و دەسەڵاتی دادوەری زۆرجار ڕەخنەیان لە سیاسەتی دەستێوەردانی دەوڵەت لە دادگا و سیستەمی دادوەری و تەسلیمبوونی دەوڵەت بە ڕادەستکردنەوەی تاوانباران لەژێر فشارەکانی کۆماری ئیسلامیدا گرتوە. وەبیرهێنانەوەی ئەو پەڵە ڕەشە بە نێوچاوانی دەسەڵاتدارانی ئوتریش لە پەنا لابیگەری لەنێو نوخبەی سیاسیی ئەو وڵاتە، باشترین دەرفەتە بۆ دووبارە وەگەڕخستنەوەی کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو.

– ئەنجومەنی ئاسایش

ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵاتێکی فراوان و بەرپرسیارەتییەکی گەورەشی هەیە لە ئاست ئاسایش و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی. لە ئێستادا کە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی تاڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێی گرتوە، ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێ بەتایبەت لەژێر کاریگەریی ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بێتە مەیدان. ئەو ڕێچکەیە لە دەستێوەردانی ئەنجومەنی ئاسایش لە کەیسی تیرۆردا لە دادگای ڕەفیق حەریری دا تاقی کراوەتەوە. دیارە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ بارودۆخی سیاسی و ئەوەی کۆماری ئیسلامی چەندە بەرەو تەریککەوتەیی دەچێ دەتوانێ زەمینەی هەنگاوی لەو چەشنە بۆ کەیسەکانی تیرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان تیرۆری دوکتور قاسملوو لەبار بکا.

– سەڵاحیەتی دادوەریی جیهانی

یەکێکی دیکە لە زەرفییەتە قانوونییە نێودەوڵەتییەکان کە دەتوانین دەستی بۆ بەرین بریتییە لە سەڵاحیەتی دادوەریی جیهانی. هەرچەند تا ئێستا بەهۆی نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو لە سەر چەمکی تیرۆر، ئەو سەڵاحییەتە زیاتر بۆ تاوانە نێودەوڵەتییە پێناسەکراوەکانە، وەک ئەوەی لە ڕەوتی دادگاییکردن و مەحکوومکردنی حەمید نووریدا بینرا، لە هەمان کاتدا درێژکردنەوەی ویلایەتی دادوەری بۆ تاوانە مەترسیدارەکانی دیکەی وەک تیرۆریش بەرەبەرە وەک پرەنسیپێکی دادوەری سەری هەڵداوە و دوور نییە لە داهاتوودا کەیسی هاوشێوەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لەو چوارچێوەیەدا بەدواداچوونیان بۆ بکرێ. لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسپانیا بکەین کە تاوانی تیرۆریان خستۆتە بازنەی ئەو تاوانانەی لە کۆنتێکستی سەڵاحیەتی دادوەریی جیهانیدا گونجێنراون.

ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەلەبەرە یاسایی و سیاسی و هەروەها ئەو میکانیزمە کارپێکراوانەی لە سیستەمی دادوەریی نێودەوڵەتیدا لە گۆڕێدان.

# دواوتووێژی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو



ئاماژە: تۆڕی مێدیایی "بی بی سی" لە بیستوپێنج ساڵەی تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی لە ڤییەن بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا وتووێژێکی بڵاونەکراوەی دوکتور قاسملووی بڵاو کردەوە.

عینایەتی فانی، ئامادەکاری ئەم وتووێژە دەڵێ لە ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ (نیزیک مانگێک پێش ڕووداوی ٢٢ی پووشپەڕ) بۆ فیلمێکی دێکیۆمێنتاری بۆ یەکێک لە تەلەڤیزیۆنەکانی بریتانیادا لەگەڵ دوکتور قاسملوو کۆ بوونەوەتەوە و لەبارەی پرسە گرینگەکانی ئێران و کوردستان ئەم وتووێژەیان لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە.

عینایەتی فانی کە ئەم وتووێژەی لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملووی پاش ٢٥ ساڵ لە بەرنامەی "بە عبارت دیگری"لە تەلەڤیزیۆنی بی بی سی‌دا بڵاوکردەوە، باس لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستان و چییەتیی ماف و داخوازەکانی کورد دەکا و لە خودموختاری‌خوازی یان ویستی سەربەخۆیی‌خوازیی کوردەکان دەکۆڵێتەوە. هەروەها کاریگەریی لەبەریەکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و مردنی خومەینی و کاریگەریی ئەم دوو فاکتەرە لەسەر داهاتووی هاوکێشە جیهانییەکان و بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی.

"کوردستان" لە سی‌وسێ ساڵەی تیرۆری ڤییەن‌دا دەقی ئەم دواوتووێژەی د. قاسملووی دابەزاندوە، کردوویەتی بە کوردی و بۆ خوێنەرانی بڵاوی دەکاتەوە:

**بۆچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران کە کوردەکان ڕۆڵێکی چالاکیان تێی‌دا هەبوو، زۆر زوو لە کوردستان بوو بە شەڕ؟**

ئێمە، خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا بەشدار بووین و شەهیدمان دا، و فیداکاریمان کرد. هەر بۆیەش چاوەڕوان بووین کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش ئەگەر هەموو داخوازەکانیشمان وەدی نەیەن، هەرنەبێ بەشێک لە داخوازەکانمان پیادە بکرێن. بەداخەوە، هێشتا چەند ڕۆژ بەسەر شۆڕش‌دا تێنەپەڕیبوو کە بۆمان دەرکەوت ئەو ڕێژیمەی لە تاران هاتۆتە سەر کار، بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان جیاوازی دادەنێ. ئێوە دەزانن کە لە ماوەی شۆڕش و ڕۆژەکانی دوای شۆڕش‌دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، لاوە شۆڕشگێڕەکان پەلاماری پادگانەکانیان دا و دەستیان بەسەر چەکی پادگانەکان‌دا گرت. بەڵام کاتێک ئێمە لە مەهاباد بە بێ خوێنڕێژی هەر ئەو کارەمان کرد دەگەڵ نارەزایی توندی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی بەرەوڕوو بووین.

دوای ئەوەش هێشتا یەکەمین نەورۆز بوو کە لە سنە بەهۆی ئاخوندێکەوە شەڕیان دژی لاوەکانمان وەڕێخست و ژمارەیەکی زۆر لەو شەڕەدا کوژران. دەسبەجێ دوای ئەویش لە نەغەدە وەختێک ئێمە دەمانەویست متینگێکی ئاشتیخوازانە وەڕێ بخەین و کاتێک ئەمن دەمەویست بچمە پشت تریبوون و قسە بکەم، تەقەیان لە متینگی ئاشتیخوازانەی ئێمە کرد، شەڕێک هەڵگیرسا کە سێ ڕۆژی خایاند و لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا کوژران. بەم‌جۆرە بۆ ئێمە ڕوون بۆوە کە ڕێژیم بە هیچ‌جۆر حەز ناکا ئەو ڕاستییە بسەلمێنێ کە حیزبێک لە کوردستانی ئێران هەیە کە خاوەنی ڕابردوویەکی درێژە و بۆ دێموکڕاسی و خودموختاری تێ‌دەکۆشێ. ڕاستییەکەش ئەوەیە کە ئێمە لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا چووینە سەردانی خومەینی خۆی و داوامان لێ‌کرد ڕابگەیەنێ کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا مافی خودموختاری بۆ گەلی کورد مسۆگەر دەکرێ و پێمان گوت کە ئێمەش بەو مەرجە ئامادەین لە ڕێفڕاندۆم‌دا بەشدار بین و دەنگ بە کۆماری ئیسلامی بدەین. بەڵام چون ئەو کارەی نەکرد ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەنگمان نە بە کۆماری ئیسلامی دا، نە بە قانوونە بنەڕەتییەکەی و نە لە هیچ ڕێفڕاندۆمێکیش‌دا بەشدار بووین. ئەمن پێم‌وایە ئەمەش یەکێک لە هۆیەکانی ئەو ڕقە بوو کە خومەینی لە خەڵکی کوردستانی هەبوو. لەڕاستی‌دا هۆیەکی دیکەش هەبوو، ئەویش بریتی بوو لەوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان سوننی‌مەزهەب بوون، و لەڕاستی‌دا بەم‌جۆرە خومەینی بە سێ هۆ دژایەتیی ئێمەی دەکرد یەک ئەوە کە ئێمە خوازیاری دێموکڕاسی بووین و ئەویش هەر ئەودەم ڕایگەیاند کە دێموکڕاسی شتێکە لە خۆرئاواوە هاتوە و بۆ قبووڵکردن ناشێ، ئێمە خودموختاریمان دەویست کە لەجێ‌دا لە فەلسەفەی بەناو ئیسلامیی ئەودا شتێک بەناوی نەتەوە نەبوو تا ئەو دان بەوەدا بنێ کە مافی خودموختاریی هەبێ، پاشان ئێمە هەم سوننی‌مەزهەب بووین و هەم چەکمان بەدەستەوە بوو و ئامادە نەبووین بچینە ژێر باری (وەک دەڵێن) زۆری دەوڵەتی ناوەندی.

هەمووی ئەمانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەو دوو شەڕەی ناوم بردن ڕوو بدەن و دوایەش لە مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خومەینی شەڕی ئاشکرا و ڕەسمیی دژی ئێمە وەڕێ‌خست و جیهادی ڕاگەیاند و ئەمن کە ئەودەم بۆخۆم وەک تەنیا نوێنەری لاییکی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان) هەڵبژێرابووم و قەرار بوو بچم لە تاران لە دانیشتنی ئەنجومەن‌دا بەشدار بم، هەر ئەو شەوە، یانی پێش ئەوەی وەڕێ‌کەوم نوێنەرانی ئەنجومەنی خڕ کردنەوە و هەر لەوێ جنێوی پێ‌دام و قسەی ناشیرنی کرد و منی بە «مفسد فی‌الأرض» ناو برد. ئێوە دەزانن کە ئەمە لە عورفی خومەینی‌دا بە مانای ئێعدام بوو. هەر بۆیە ئەمن ئیدی نەچوومە تاران و شەڕێک هەڵگیرسا کە سێ مانگی خایاند و لەو شەڕە سێ مانگەیەدا ئێمە توانیمان سوپا ببەزێنین و سەرلەنوێ چووینەوە شارەکان. بەڕواڵەت ئاخوندەکان دەیانەویست نیشان بدەن کە دەیانەوێ وتووێژمان لەگەڵ بکەن. شەش مانگ دەگەڵ ئاخوندەکان لەڕاستی‌دا قسەمان کرد. ئەمن لە هەموو ژیانم‌دا ئەوەندەم ئایەتوڵڵا نەدیبوو کە لەو شەش مانگەدا دیتم، بەڵام دوایە دەرکەوت کە نیازی ئەوانە تەنیا کات‌بەدەستهێنانە و دەیانەوێ خۆیان بۆ شەڕێکی دیکە ئامادە بکەن و هەربۆیەش لە نەورۆزی ١٣٥٩وە سەرلەنوێ هەم لە باکوور لە ناوچەی ورمێ و هەم لە ناوچەی کامیاران شەڕیان دەست پێ‌کردەوە و ئەوەش شەڕێکە کە تا ئێستا درێژەی هەیە.

**داخوازەکانی حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی بەڕێز قاسملوو ئەوکات لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بە جیابوونەوەخوازی دادەنران و شەڕ لەگەڵ کوردەکانیش بەو ڕوانگەیە پاساو دەدرا، ئەم داخوازانە چ بوون و بەڕێز قاسملوو چۆنی بۆ من ڕیز کردن؟**

ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستبوو، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و خودموختاری بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام ناکرێ هەتاهەتایە چەکمان پێ‌بێ، دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەی دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە و وێناکردنی ئێمە بۆ دێموکڕاسی زۆر سادەیە. دێموکڕاسی بۆ ئێمە یانی فرەیی (پلوڕالیزم)، دێموکڕاسی واتە ئازادی بۆ هەمووان، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زمانە نەتەوەیی‌یەکان، ئازادیی فەرهەنگ و دیارە ئازادیی حیزبەکان، دانی دەسەڵاتی (وەک دەڵێن) جێبەجێ‌کردن بەدەستی خەڵک و ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە ئێران لە دوارۆژدا ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران، گەلانی ئێران دابین بکا. ئێستا ئەو دیکتاتۆرییە دیکتاتۆریی شاهەنشاهی بێ، دیکتاتۆریی ئیسلامی بێ یان دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئێرانی ئێمە پێویستیی بە ڕێژیمێکی دێموکڕات هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئێمە، مێژووی ئێمە، بەڵام بە پاراستنی بنەماکانی دێموکڕاسی، بە پاراستنی ئەو بنەمایانە کە لە بڵاوکراوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتوون، دەتوانێ وڵاتی ئێمە بەڕاستی بەرەوپێش بەرێ. بەم‌جۆرە ئێمە تەنانەت لە کوردستانیش کە بەرپرسانە دەتوانم پێتان بڵێم زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبی ئێمەن، ئێمە خۆمان بە خاوەنی کوردستان نازانین، ئەوە خەڵکی کوردستانن بڕیار دەدەن داخوا حیزبی دێموکڕات دەبێ خودموختاری بەڕێوە بەرێ یان ڕێکخراوێکی دیکە. ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەگەر هەلومەرجی شەڕ لەنێو بچێ دەبێ هەموو ڕێکخراوەکان و هەموو گرووپەکان بەرنامەی خۆیان بخەنە بەر چاوی خەڵک و خەڵکی ئێران بتوانن بە ئازادی لەنێو ئەو ڕێکخراو و گرووپانە هەڵبژێرن.

بەم‌جۆرە ئێمە باوەڕمان بە دێموکڕاسییەکی قووڵ لە ئێران هەیە، دێموکڕاسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکڕاسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن. هەر لەبەر ئەوەش ئامادە نیین دەگەڵ شایەتی-خوازەکان هاوکاری بکەین، چونکە پێمان‌وایە مێژووی ئێمە پێی سەلماندووین شایەتی واتە ملهوڕی.

**لێیم پرسی پەیوەندیی کوردستانێکی خودموختار دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چۆنە و چۆن تۆمەتی جیابوونەوەخوازی بەرپەرچ دەدەنەوە؟**

لە مێژووی ئێران‌دا هەمیشە هەموو دەسەڵات لە تاران خڕ بۆتەوە، لەحاڵێک‌دا ئێمە خودموختاریمان دەوێ، خودموختاری واتە خڕنەبوونەوەی دەسەڵات. ئێمە نامانەوێ هەموو دەسەڵات لە تاران خڕ بێتەوە، ئێمە دەمانەوێ دەسەڵات لەنێو خەڵکی ئێران، لەنێو گەلانی ئێران و تەنانەت ئوستان (پارێزگاکان)ی ئێران‌دا دابەش بکرێ. ئێستا لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی بیستەم‌دا لەڕاستی‌دا لە هەموو وڵاتان دەسەڵات بەش کراوە، دەسەڵات لە دەستی تاقەکەسێک ئەویش لە ناوەند کۆ نەبۆتەوە و نەبۆتە ناوەندی و هەربۆیە ئێمە دژی ئەو گرووپانەشین کە

**ڕێکخراوە مارکسیستییەکان ئێستا تەنیا دوو ڕێگایان لەپێش‌دان. یان دەبێ ئازایانە پێ لە هەڵە و ڕابردووی پڕ لە هەڵەی خۆیان بنێن و لە سیفرەوە دەست پێ‌بکەن و بەرەو دێموکڕاسی بڕۆن، پەیوەندییە نێوحیزبیەکانیان دێموکڕاتیزە بکەن و فرەیی قبووڵ بکەن و وەدوای دیکتاتۆری نەکەون، یان هەر لەو حاڵەتی پێشوودا بمێنن. ئەمن پێم‌وایە ئاکامەکە ئەوە دەبێ کە هێندێ کەس لە حاڵەتی پێشوودا دەمێنن و ژمارەیەکیش دیارە ئازایەتی بەکار دێنن و سیاسەتێکی تازە دەگرنە پێش. هەر بۆیەش بەداخەوە دەبێ پێشبینی بکەین ڕیزە لەت‌بوونێکی دیکە لەو ڕێکخراوانەدا بێتە پێش**

بیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری بێننە سەر کار، ئێستا سەر دەکەون یان نا مەسەلەیەکی دیکەیە. ئەمن وا بیر دەکەمەوە لە ئێرانی دوارۆژدا ئەگەر دوای کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆرییش بێتە سەر کار، ئەو دیکتاتۆرییە ماوەیەکی درێژ لەسەر کار نامێنێتەوە. بەداخەوە ڕێی تێ‌دەچێ دۆخی وڵاتی ئێمە بەرەو شەڕی نێوخۆییش بەرێ. کەوایە لەپێش‌دا هەموو داخوازەکانمان هەم دێموکڕاسی هەم خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران‌دان. ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و ڕێگا بە هیچ کەس بە هیچ ئێرانییەک نادەین خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ، هۆیەکیش بۆ ئەم کارە نابینین، بەڵام لەم بنەماڵە هاوبەشەی خۆمان، نیشتمانی هاوبەشی خۆمان‌دا کە ئێرانە دەمانەوێ مافەکانمان لەبەر چاو بگیرێن و وەک هاونیشتمانی پلە دوو نەژیەین. بەڵکوو هەمووومان بەرابەر قانوون وەک‌یەک بین و هەربۆیەش بیر دەکەینەوە کە ئەم داخوازانەی ئێمە چ داخوازە دێموکڕاتییەکان و چ ئەو داخوازانەی پەیوەندی‌یان بە مافی نەتەوایەتییەوە هەیە کە دیارە بۆ گەلانی زۆرلێکراوی دیکەی ئێرانیش دەبێ لەبەر چاو بگیرێن، تەواوی ئەمانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکڕات‌دا دەگونجێن و هەربۆیەش لەڕاستی‌دا ئێمە دێموکڕاسی بۆ ئێرانمان کردۆتە دروشمی سەرەکیی خۆمان.

**ئێمە باوەڕمان بە دێموکڕاسییەکی قووڵ لە ئێران هەیە، دێموکڕاسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکڕاسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن**

**ساڵی ١٣٦٨ ساڵی دەست‌پێکردنی هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرلێشێواوی لەنێو ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران بوو، دیارە عەبدولڕحمان قاسملوو لەمێژ بوو خۆی بە سۆسیالیستێکی دێموکڕات دەزانی و حیزبەکەشی کە لە سەرەتای دامەزرانی‌دا وەک ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران کاری دەکرد، ئیدی نە ئەندامێکی بنەماڵەی حیزبە چەپەکانی لایەنگری سۆڤیەت بەڵکوو لە تەنیشت حیزبە سۆسیال‌دێموکڕاتە ئوورووپایی‌یەکان دانابوو. بەوحاڵە هەمیشە حیزبە چەپەکان بوون کە پشتیوانی‌یان لە خودموختاریی کوردەکانی ئێران دەکرد، پرسیم بۆچوونی لەبارەی ئەو سەرلێشێواوی و پەرش‌وبڵاوییەی هێزە چەپەکان چیە و حیزبەکەی خۆی لە کوێ دەبینێ؟**

ئێمە حیزبێکی دێموکڕاتین، حیزبی مارکسیستی نیین. لە ڕیزەکانی حیزبی ئێمەدا کەسانی خاوەنی ئیدیۆلۆژیی جیاواز هەن. ئێمە تاقە ئیدیۆلۆژییەکمان نیە. زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی حیزبی ئێمە باوەڕی مەزهەبی‌یان هەیە، موسوڵمانن، کەسانێکیش هەن کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن. تەنانەت لە مەسەلەی مەزهەبیش‌دا لە حیزبی ئێمەدا سوننی، شیعە، ئەهلی حەق، مەسیحی، هەموویان هەن. بە باوەڕی ئێمە ئەوە ڕاستە کە هێندێ هێزی چەپ هەن، چەپی مارسیستی کە هیچ نەبێ وەک فەرمووت لە تیۆری‌دا بەرگری لە مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی گەلان و یەک لەوان گەلی کورد دەکەن و ئێمە هیوادارین کە ئەگەر ڕۆژێک بەکردەوەش لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بەرەوڕوو بوون، ئەم بۆچوونەیان هەر هەبێ.

بەڵام ئەو شتەی دەمەویست بە ئێوەی بڵێم ئەوەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، پێم‌وایە مەسەلەی سەرەکی هێزە چەپە مارکسیستەکانیش لە ئێران هەر مەسەلەی دێموکڕاسییە. هێزەکانی چەپی مارکسیستی دوای شۆڕش دەرفەتێکی زۆر بەنرخیان لەدەست دا، وەدوای خومەینی کەوتن هێندێک بەو ناوە کە ڕێژیمی خومەینی ڕێژیمێکی دژی ئیمپەریالیستییە، لەحاڵێک‌دا هەر ئەوکات ئێمە گوتمان و نووسیمان ڕێژیمێک کە ئازادییەکان لەنێو بەرێ، خەڵکی وڵاتی خۆی سەرکوت بکا ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک کە هیچ، ناتوانێ ڕێژیمێکی دژی ئیمپەریالیستییش بێ.

جگە لەوە، قەیرانی هێزەکانی چەپی مارکسیستی ڕیشەیەکی مێژووییشی هەیە و ئەویش تێنەگەیشتنی دۆخی واقعیی ئێرانە. ئەم ڕێکخراوانە زۆرتر لەڕووی کتێبەوە دەیانەویست مەسەلەکانی ئێران چارەسەر بکەن، لەجیاتی ئەوەی سەرنج بدەنە ڕاستییەکان، لە ڕووی کتێبەوە و ئەویش نەک کتێبە ڕەسەنەکانی مارکس و ئەنگێلز بەڵکوو ئەو کتێبانە کە بەدەستی دووەم و سێیەم وەک بڵاوکراوەگەلێک نووسرابوون و زۆربەیان لە ڕێگای حیزبی توودەوە گەیشتبوونە دەستی خەڵک، دەیانەویست کێشەکانی ئێران چارەسەر بکەن کە دیارە باش دیتتان کە ئەو ڕێکخراوانە تووشی لەت‌بوون هاتن و ڕێکخراوێکی وەک ڕێکخراوی چریکە فیدایی-یەکانی گەل کە لە سەرەتاکانی شۆڕش‌دا یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکان بوو، بووە چەند ڕێکخراوی چووکەڵە. بەڵام ئێستا چەند ساڵێکە مەسەلەیەکی دیکەش قەیرانی ئەو ڕێکخراوانەی توندتر کردوە، ئەویش ئەو شتەیە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەچێتە پێش. ئێستا یەکیەتیی سۆڤیەت وەک گەورەترین وڵاتی سۆسیالیستی بەخێرایی بەرەو دێموکڕاسیزاسیۆن و بەرەو دێموکڕاسی دەچێتە پێش. گلاسنۆست و پریسترۆیکا ڕاستە کە لەجێ‌دا گۆرباچۆف دروستی کردن بەڵام پێویستییەکی مێژوویین و نەخشی گۆرباچۆف پتر لەوەدایە کە باش و بەوەخت لەو پێویستییە مێژوویی‌یە تێگەیشت. ڕێکخراوە مارکسیستییەکان ئێستا تەنیا دوو ڕێگایان لەپێش‌دان. یان دەبێ ئازایانە پێ لە هەڵە و ڕابردووی پڕ لە هەڵەی خۆیان بنێن و لە سیفرەوە دەست پێ‌بکەن و بەرەو دێموکڕاسی بڕۆن، پەیوەندییە نێوحیزبیەکانیان دێموکڕاتیزە بکەن و فرەیی قبووڵ بکەن و وەدوای دیکتاتۆری نەکەون، یان هەر لەو حاڵەتی پێشوودا بمێنن. ئەمن پێم‌وایە ئاکامەکە ئەوە دەبێ کە هێندێ کەس لە حاڵەتی پێشوودا دەمێنن و ژمارەیەکیش دیارە ئازایەتی بەکار دێنن و سیاسەتێکی تازە دەگرنە پێش. هەر بۆیەش بەداخەوە دەبێ پێشبینی بکەین ڕیزە لەت‌بوونێکی دیکە لەو ڕێکخراوانەدا بێتە پێش. بەڵام ئەمن هیوادارم پاش ئەو لەت‌بوونانە ئیدی ڕەوتی یەکیەتی و یەک‌بوون لەنێو هەموو ئەو کەس و کەسایەتی و ڕێکخراوانەدا کە حەز بە دێموکڕاسی دەکەن و پێیان وایە سۆسیالیزمیش بەبێ دێموکڕاسی دروست ناکرێ، دروست ببێ.

**ئەمن باوەڕم وایە کە هیچ گرووپێک بەتەنیایی ناتوانێ لە ئێران بێتە سەر کار، هیچ گرووپێک بە تەنیایی ناتوانێ ببێتە دیکتاتۆر و ئەگەر بشگاتە ئەو جێیە کە دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ شەڕی نێوخۆیی وەڕێ دەخا. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕات پێمان وایە دەتوانین ڕێژیم کز بکەین، دەتوانین زەبر لە ڕێژیم بدەین و تەنانەت دەتوانین تاڕادەیەک هەلومەرجی ڕووخانیشی ئامادە بکەین. بەڵام بەتەنیایی ناتوانین ببینە جێ‌نشین (ئاڵتێر ناتیڤ)، بۆیە ئێمە لە ئێران، لە بەشەکانی دیکەی ئێران لە هاوپەیمان دەگەڕێین کە هەمووومان لە هەڤبەندییەکی زۆر بەرین، دێموکڕاتیک لە بەرەیەک‌دا کە بتوانێ هەموو دێموکڕاتەکان و کۆمارخوازان کۆ بکاتەوە.**

چونکە دروستە کە ئێمە حیزبێکی مارکسیستی نین، بەڵام لە بەرنامەی حیزبیی خۆمان‌دا سۆسیالیزمی دێموکڕاتیمان کردۆتە ئامانجی درێژخایەنی خۆمان و زۆر پێشتر، دەوری پێنج ساڵ پێشتر نیازمان هەبوو هەر ئەو وەختە سنوورمان دەگەڵ ئەوانە هەبێ کە دەیانەوێ بەرەو دیکتاتۆری یان تووتالیتاریزم بڕۆن. ئەمن پێم-وایە ڕێکخراوەکان و هەموو گرووپەکانی چەپی مارکسیستی لە ئێران ئێستا ئەرکیان ئەوەیە دابنیشن، باش بیر لە ڕابردووی خۆیان بکەنەوە و ئەو ڕێگایە کە ئێستا لە سۆڤیەت و هێندێکی دیکە لە وڵاتانی سۆسیالیستی گیراوەتە پێش، ئەو ڕێیە کە لەپێش‌دا ڕێی دێموکڕاسیی نێو حیزب و دوایە دێموکڕاسی لە نێوخۆی وڵاتە بگرنە پێش.

**ڕاست دوو حەوتوو بەر لە وتووێژەکەم دەگەڵ بەڕێز قاسملوو، ئایەتوڵڵا خومەینی مردبوو و هێندێک لە لێکدەرەوە سیاسییەکان قسەیان لە ئەگەری قەیرانی سیاسی بەهۆی لەدەستچوونی ئەو و توندبوونی ناکۆکییەکانی نێوخۆی ڕێژیم لەسەر دەسەڵات دەکرد، بۆچوونی بەڕێز قاسملوو لەم بارەیەوە چ بوو؟**

ڕێژیمی خومەینی لەمێژە کەوتۆتە قەیرانێکی قووڵەوە. تەنانەت پێش ئاگربەس دەگەڵ عێڕاق و پێش مەرگی خومەینی. ئێمە قەیرانی ڕێژیم لەوەدا دەبینین کە مەسەلە گرنگە سیاسی، ئابووری، سەربازییەکانی وڵات بێ‌چارەسەرن و ئەم ڕێژیمە نە بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری ئەو مەسەلانە هەیە و نە لەجێ‌دا لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی ویلایەتی فەقیهی‌دا ئەگەری چارەسەری ئەو مەسەلانە هەبوو. بەم‌جۆرە ئاگربەس کە دیارە ناچاری بوو و خومەینی بۆخۆی گوتی ژارێک بوو کە ئەو دەبوو بی‌خواتەوە و خواردیەوە، قەیرانەکەی توندتر کرد و دۆخێکی هێنایە پێش کە سەرانی کۆماری ئیسلامی یەکتریان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە شەڕ خەتای ئەم گرووپ یان ئەو گرووپ بووە. خومەینی جارێکی دیکە هەموویانی دەمکوت کرد و خەتەکەی خۆی کە ناوی خەتی ئیمامە، بردە پێش کە لەڕاستی‌دا خەتی توندڕۆیەکانە.

ئێستا خومەینی ڕۆیوە. ئەمن پێم‌وا نییە بە مردنی خومەینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ. ئەمن لەو باوەڕەدام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا زەوەڕی (زەخیرە) هەیە و بەم‌جۆرە ماوەیەک دەخایەنێ کە قەیرانەکە دیسانیش توندتر خۆی نیشان بدا، دەرکەوێ و ناکۆکیی نێوخۆی ڕێژیمیش بگاتە لووتکە. شتێکی سروشتییە کە پاش مەرگی خومەینی دەسبەجێ ئاخوندەکان هەرنەبێ بەڕواڵەت یەک بگرن، و ئەمەش بە باوەڕی من شتێکی کاتی و دەستکردە. ناکۆکییەکان زۆر پتر و توندتر لەوەن کە بکرێ ماوەیەکی درێژ سەرپۆشیان لەسەر دابنرێ و بەتایبەتی گیروگرفتەکانی وڵات ئەوەندە زۆرن کە سەرەنجام سەرانی ڕێژیمی ئێستا ناچار دەکا هەڵوێست بگرن و هێندێ کار بۆ چاری ئەو مەسەلانە بکەن کە سەرەنجام دەگەڵ قازانجی ئەو گرووپە جۆراوجۆرانە کە ئێستا لەنێو ڕێژیم‌دا هەن تێک‌دەگیرێن.

بەم‌جۆرە ڕێژیمی خومەینی لەڕاستی‌دا بە مەرگی خومەینی دەسبەجێ ناڕووخێ، بەڵام ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەدار لەنێوخۆی وڵاتەکەمان‌دا خۆش بووە و ئەمن دڵنیام کە ئەو ڕەوتە ئێستا دەستی پێ‌کردوە و ئەگەر بمەوێ جۆرێکی دیکە بڵێم لەڕاستی‌دا مەرگی خومەینی سەرەتای کۆتایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە زۆربەی نزیک بەتەواوی خەڵکی ئێران، ئاشتی‌یان دەوێ، ئازادی و دێموکڕاسی‌یان دەوێ، ئەمنیەت و ئاسوودەیی‌یان دەوێ و کەسانێک کە بتوانن بەرنامەیەکی لەو جۆرە بخەنە بەر چاوی خەڵکی ئێران و خەڵکی ئێران بە ڕاستگۆیی خۆیان قانیع بکەن کە بەرنامەیەکی لەو بابەتە پیادە دەکەن پێم‌وایە ئەم ڕەوتە لە دوارۆژی ئێران‌دا دەیباتەوە. ئەمن باوەڕم وایە کە هیچ گرووپێک بەتەنیایی ناتوانێ لە ئێران بێتە سەر کار، هیچ گرووپێک بە تەنیایی ناتوانێ ببێتە دیکتاتۆر و ئەگەر بشگاتە ئەو جێیە کە دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ شەڕی نێوخۆیی وەڕێ دەخا. ئێمە وەک حیزبی دێموکڕات پێمان وایە دەتوانین ڕێژیم کز بکەین، دەتوانین زەبر لە ڕێژیم بدەین و تەنانەت دەتوانین تاڕادەیەک هەلومەرجی ڕووخانیشی ئامادە بکەین. بەڵام بەتەنیایی ناتوانین ببینە جێ‌نشین (ئاڵتێر ناتیڤ)، بۆیە ئێمە لە ئێران، لە بەشەکانی دیکەی ئێران لە هاوپەیمان دەگەڕێین کە هەمووومان لە هەڤبەندییەکی زۆر بەرین، دێموکڕاتیک لە بەرەیەک‌دا کە بتوانێ هەموو دێموکڕاتەکان و کۆمارخوازان کۆ بکاتەوە. پێکەوە بە یەکگرتوویی خەبات بکەین و ئەمجار دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کارێک بکەین کە هیچ‌کات دیکتاتۆرییەکی باشتر یان خەراپتر لە کۆماری ئیسلامی نەیەتە سەر کار، بەڵکوو دوای دوو دیکتاتۆریی دووردرێژی شاهەنشاهی و ئیسلامی ڕێژیمێکی دێموکڕات بێتە سەر کار کە داخوازەکانی خەڵکی ئێران پیادە بکا.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک عەلی قازی



بەداخەوە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ یەکشەممە، ١٩ی پووشپەڕ کاک عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان لە یەکێک لە نەخۆشخانەیەک لە وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی کرد.

کاک عەلی قازی ساڵی ١٣١٢ لە شاری مهاباد چاوی بە دنیا هەڵێناوە و دواتر بۆ خوێندن چووەتە شارەکانی تەورێز و تاران. ئەو لە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی کە شوێنەواری لەسەر ژیان و ڕوح و ڕەوانی کاک عەلییەوە دانا و کاریگەریی ئەو کارەساتانەی تا کۆتایی تەمەنی پێوە دیار بوو، بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی لە دەرەوەی وڵات کرد و لە وڵاتی ئاڵمان گیرسایەوە.

کاک عەلی کە هەمیشە شانازیی بە ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەکرد، لەم ساڵانەی دواییدا و لەسەر داوای خۆی شەرەفی ئەندامەتی و پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ بەخشرا و بە دوای ئەوەدا وەک ئەندامێکی بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەرکەکانی بەجێ دەهێنا.

کاک عەلی قازی هەرکات کە سەردانی هەرێمی باشووری کوردستانی دەکرد، بە تامەزرۆییەوە دەهاتەوە نێو کۆڕی ڕێڕەوانی ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد و سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دەکرد و بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرا. بەڵام بەداخەوە مەرگ دەرفەتی ئەوەی نەدا کە کاک عەلی ڕزگاری کوردستان و وەدیهاتنی ئەو ئاواتانەی کە پێشەوای مەزن و هەزاران کادر و پێشمەرگە و ڕۆڵەی کورد سەری خۆیان لە پێناودا دانا، بە چاوی خۆی ببینێ و ئەمڕۆ بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە کۆڕی ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات کرد.

بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قازییەکان و هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێگەی پێشەوا قازی محەممەد دەکەین و خۆمان بە بەشداری خەمیان دەزانین.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٩ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

***

تەرمی کاک عەلی قازی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی پووشپەڕ لە وڵاتی ئاڵمانەوە گەیشتە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان و پاش ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان کە بە بەشداریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان بەڕێوە چوو، بەرێی شاری کەلار کرا و لە گۆڕستانی جافەکان بەخاک سپێردرا. لەو ڕێوڕەسمەدا شاندێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستی حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوو. لە ڕێوڕەسمی ناشتنی کاک عەلی قازییشدا هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی کورش نوسرەتی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی و هاوڕێیەتی کۆمیتەی کەلار بەشدار بوون. لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی زیندەیاد عەلی قازی‌دا کە لە مزگەوتی "سەواف" لە شاری هەولێر بەڕێوە چووم شاندێکی حیزب بە سەرپەرستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بەشدار بوون.

# بەشداری شاندێکی حیزب لە ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەی "کەریم ئەحمەد"دا



دوانیوەڕۆی ڕۆژی، پێنج‌شەممە، ٢٣ی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەشداریی لە ڕێورەسمی بەخاک‌سپاردنی مامۆستا کەریم ئەحمەددا کرد.

لە ڕێوڕەسمی بەخاک‌سپاردنی کەریم ئەحمەددا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە پێشکێش بە ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

کاک حەسەن قادرزادە بە ئاماژە بە کەسایەتیی بەرزی مامۆستا کەریم ئەحمەد و ڕۆڵی بەرچاو و ئەرێنیی لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان تیشکی خستە سەر پێوەندیی بەهێزی حیزبی شیوعی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی خەباتی کورددا کە ئەو پێوەندییە گەرموگوڕ و نەتەوەیی و نیشتمانییە لەسەر دەستی کەسانێکی وەک مامۆستا کەریم ئەحمەد و ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات بنیات نرابوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ٢٤ی پووشپەڕ و لە ڕێوڕەسمی پرسەی نەمر کەریم ئەحمەددا شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سیاسەتمەداری کورد و کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشدار بوون و لە نیزیکەوە پەیامی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی ڕاگەیاند.

# دادگای حەمید نووری بە مانای شکانی تابووی پارێزبەندیی کۆماری ئیسلامی لەلای دەزگا قەزاییەکانی ئورووپایە

## (ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی دەرچوونی حوکمی دادگای حەمید نووری لە سوئێد)




ڕۆژی ١٤ی ژوئیەی ٢٠٢٢ی زایینی (٢٣ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی)، دادگای حەمید نووری، یاریدەدەری بەناو دادیاری زیندانی گەوهەردەشتی کەرەج لە ستۆکهۆڵم، پاش زیاتر لە نەوەد دانیشتن و گوێگرتن لە دەیان شایەتحاڵ و لێکۆڵینەوە لە سەدان بەڵگە و فاکت، سەرەنجام ناوبراوی بە تاوانی دەستهەبوون لە ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی ئێران لە ساڵی ١٩٨٨ (١٣٦٧) و ئەنجامدانی جینایەتی شەڕ و قەتڵی عەمد لەو پێوەندییەدا، بە زیندانی هەتا هەتایی مەحکوم کرد.

دادگای حەمید نووری خاڵی بەیەکگەیشتنی مشوور و ژیریی هێندێک لە چالاکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە زەمینەی دەستگیرکردن و تۆمارکردنی سکاڵا لەو تاوانبارەی کۆماری ئیسلامییان پێک هێنا لەلایەک و، لەلایەکی دیکەوە ئازایەتی و دادپەروەریی دادستان و دادوەرانی سوئێدی بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە هێندێک زەرفیەتی نوێی قانوونی جینایی نێودەوڵەتی بەتایبەتی "سەڵاحییەتی جیهانی" دەرفەتی پرۆسەیەکی کەموێنەی دادپەروەرییان لەپێوەندی لەگەل تاوانبارێکدا ڕەخساند کە هیچ پێوەندییەکی هۆکاریی بە دەوڵەتی سوئێدەوە نەبوو.

گرینگیی دادگای حەمید نووری لەوەدایە کە لەدوای دادگای تێرۆری شاپوور بەختیار لە فەڕانسە و دادگای میکۆنۆس سەبارەت بە تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی لە ئاڵمان و دادگای بێلژیک سەبارەت بە پیلانی تەقاندنەوەی میتینگی موجاهیدین لە ڤیلپەنتی پاریس، لەو دەگمەن حاڵەتانەی تۆماری زیاتر لە چوار دەهە تێرۆر و جینایەتی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە کە لەودا مۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی جینایەتەکانیان حوکم دراون و لەپشت وانیشەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتیی خودی ئەو ڕێژیمە دەست نیشان کراوە. حوکمی دادگای حەمید نووری لەو لایەنەشەوە پڕبایەخە کە لەکاتێکدا دەردەچێ کە ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتر لەپێشووی خەڵک لە ئێران لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دڵەڕاوکێی ئەو ڕێژیمە سەبارەت بە داهاتووی، کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمەی هێناوەتە سەر ئەوە کە لە یەک کاتدا شەپۆلێکی نوێ لە دەستگیری و زەبر و زەنگ لەنێوخۆی وڵات وەڕێ بخەن و قۆناغێکی نوێ لە سات و سەودای سیاسی لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەتی ئورووپاییەکان و ڕاست لەسەر پەروەندەی تێرۆرەکان بگرنەبەر. ئەگەر سەرەڕای هەموو فشار و شانتاژەکانی، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پێش بە دادگایی کردنی مۆرە و نێردەکانی وەک حەمید نووری و ئەسەدوڵڵا ئەسەدی بگرێ، بەدوور نازانرێ کە بە کۆمەڵێک هۆکاری ئێستای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەوڵەتانی ئورووپایی مل بۆ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەپێناو ڕادەستکردنەوەی مۆرەکانی و ناکامکردنی کارزاری عەداڵەتخوازی بدەن.

**– لە سەردەمێکدا کە ئیدی تابووی پارێزبەندیی کۆماری ئیسلامی و مۆرەکانی لەلای دەزگا قەزاییەکانی ئورووپا شکاوە و چەمکی سەڵاحییەتی جیهانی ئەو هیوایەی دروست کردوە کە ناوەندە قەزاییە موعتەبەرەکانی دەوڵەتانی ئورووپا لە تاوانە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بپێچنەوە، جێی خۆیەتی هەموو هەوڵێک بدرێ بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە درێژە بکێشێ و زیاتریش بەرهەم بدا.**

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای دەربڕینی سوپاس و دەسخۆشیی خۆی لەحاند بوێری و سەربەخۆیی دەزگای قەزایی سوئێد و پیرۆزبایی لە کەسوکاری قوربانییانی ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی ساڵی ٦٧ و هەموو ئەو چالاکە ئێرانییانەی لە بردنەپێش و سەرخستنی ئەو کەیسەدا نەخشیان هەبووە، سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و بەشەردۆستە ئێرانی و ئورووپاییەکان بۆ لای دوو مەسەلە ڕادەکێشێ:

١- ئێستا کە کەیسی حەمیدی نووری وەک کەیسی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی بە ئاکامی دڵخواز گەیشتوە، پێویستە هەموو لایەک بە وشیاری و هەستەوەرییەوە چاوەدێریی جێبەجێ بوونی ئەو حوکمانە بکەن و بە تەوژمی لۆبیگەری و مێدیایی خۆیان تێبکۆشن پێشگیری لەوە بکرێ کە ساتوسەودای دەوڵەتانی ئورووپایی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لەپێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی حوکمدراوان لە هەردوولا چارەنووسێکی پێچەوانەی بڕیاری دادگاکان نسیبی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی بکا؛

٢- لە سەردەمێکدا کە ئیدی تابووی پارێزبەندیی کۆماری ئیسلامی و مۆرەکانی لەلای دەزگا قەزاییەکانی ئورووپا شکاوە و چەمکی سەڵاحییەتی جیهانی ئەو هیوایەی دروست کردوە کە ناوەندە قەزاییە موعتەبەرەکانی دەوڵەتانی ئورووپا لە تاوانە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بپێچنەوە، جێی خۆیەتی هەموو هەوڵێک بدرێ بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە درێژە بکێشێ و زیاتریش بەرهەم بدا. بۆ حیزبی ئێمە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات بوونی دەرچوونی حوکمی دادگای حەمید نووری لەگەڵ سی و سێهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات دوکتور قاسملوو لە ڤییەنی ئوتریش وەبیرخەرەوەی هاودەستیی دەوڵەتی ئەو وڵاتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە بەدواداچوونی قەزایی ئەو جینایەتە و دیزە بەدەرخۆنەکردنیەتی.

بەڵام کەیسی حەمیدی نووری بۆ جارێکی دیکە دەری دەخا کە ئەگەر دەوڵەتانی ئورووپایی تەسلیمی شانتاژەکانی کۆماری ئیسلامی نەبن و لێگەڕێن دەزگا قەزاییەکانیان ئەرکی خۆیان بە دروستی بەجێ بگەیەنن، هەم لە قانوونی جینایی نێودەوڵەتیدا زۆر زەرفیەتی نوێ پەیدا بووە، هەم بەڵگەکانی تاوانباریی کۆماری ئیسلامی و مۆرەکانی فرە و حاشاهەڵنەگرن.

بەشێوەیەکی تایبەتی، لە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوودا لەگەڵ ئەوە کە حوکمی جەلبی تێرۆریستەکان چەندین مانگ دوای ناردنەوەیان بۆ ئێران دەرچوون، بەڵام ئێعتباری ئەو حوکمانە هەر لە جێی خۆیەتی و نەک هەر بەڵگەکانی بەرپرسیارێتیی تێرۆریستەکان و کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتەدا بێئەملاوئەولان، بەڵکوو لەدوای تێرۆرەکەوە تا ئێستا چەندین فاکتی نوێ هاتوونەتە سەر ئەو پەروەندەیە کە سەرلەنوێ کردنەوەی پاساو دەدا. ئەوە جیا لەوە کە ئەم کەیسە بە داخراو نایەتە ئەژمار و جۆری جینایەتەکەش تێپەڕینی زەمان نایگرێتەوە. لەوەش زیاتر، بەپێچەوانەی کەیسی حەمید نووری، لە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوودا بەهۆی بوونی پێوەندی ڕاستەوخۆی هۆکاری لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش (بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لەسەر خاکی ئوتریش) پەنابردن بۆ چەمکی سەڵاحیەتی جیهانییش پێویست نییە و ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێ، تەنانەت ئەوە کە تۆمەتبارانی تێرۆری دوکتور قاسملوو چیدیکە لەدەست پۆلیسی ئوتریشدا نەماون پێش بە چالاککردنەوەی پەروەندەی ئەو تێرۆرە و پێکهێنانی دادگایەک ناگرێ، چونکە لە کەیسی لەم جۆرەدا تەنانەت دەکرێ تاوانباران لەسەر بنەمای مێکانیزمی "کۆنتووماس" واتە لە غیابی خۆیاندا دادگایی بکرێن.

**لەگەڵ هەموو بەرچاوڕوونییەک کە دەبێ لە ڕوانین بۆ واقعییەتی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و مشتومڕی نێوان ئورووپا و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی‌مان هەبێ، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر هێز و بژاردەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی هەموو توانا کارناسی و لۆبیگەرییەکانی خۆیان یەک بخەن، زەرفییەتە قانوونییەکان دەتوانن لە کەیسەکانی دیکەشدا بەرهەمی وەک کەیسی حەمیدی نووری‌یان لێ بکەوێتەوە.**

لەگەڵ هەموو بەرچاوڕوونییەک کە دەبێ لە ڕوانین بۆ واقعییەتی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و مشتومڕی نێوان ئورووپا و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی‌مان هەبێ، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر هێز و بژاردەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی هەموو توانا کارناسی و لۆبیگەرییەکانی خۆیان یەک بخەن، زەرفییەتە قانوونییەکان دەتوانن لە کەیسەکانی دیکەشدا بەرهەمی وەک کەیسی حەمیدی نووری‌یان لێ بکەوێتەوە. بەدووریشی نازانین کە هەلومەرجی نێودەوڵەتییش -ئەگەر ئێستا کۆماری ئیسلامی تەمای پێ بەستووە- دواتر سەرلەنوێ بەجۆرێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ کە بە قازانجی ویستی عەداڵەت و پێڕاگەیشتنی قەزایی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەواو بێ.

لەگەڵ پیرۆزبایی لە ڕەوتی دادخوازیی خەڵکی ئێران و ئارەزووی ڕیسوایی زیاتر بۆ ڕێژیمی تێرۆریست و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ی ژوئیەی ٢٠٢٢ی زایینی**
**(٢٤ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی)**

---

## مادح ئەحمەدی: ئەوەی کەسایەتیی د. قاسملوو لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکاتەوە بەها، ڕوانگە و پرەنسیپە سیاسییەکانیەتی



ڕۆژی شەممە ١٨ی پووشپەڕ کۆڕیادی ٣٣ی ساڵەی تێرۆرکردنی د. قاسملوو و هاوڕێیانی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکرات و نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە وڵاتی نۆروێژ بەڕێوە چوو.

لەم کۆڕیادەدا مادح ئەحمەدی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەژێر ناوی "کەسایەتیی دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی" پێشکەش کرد و لە باسەکەیدا بە ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵی کاراکتەری ڕێبەر لە بزاوتە سیاسییەکاندا تیشکی خستە سەر کەسایەتی و ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو گوتی: دوکتور قاسملوو لە قۆناغێکی دژواردا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئەستۆ بوو کە ئەوکات دۆزی کورد بە قەرا ئێستا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و لەنێو ڕای گشتیدا نەناسرا بوو؛ هەروەها ئاستی وشیاری کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستی گەشە و وشیاری نەتەوەییش بە قەرا ئێستا نەبوو.

ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە درێژەی باسەکەیدا لە دوو ڕوانگەی تیۆری و ئەزموونییەوە قسەی لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی کاریزماتیک کرد و بە ئاماژە بە ئەزموون و ڕوانگە و بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو گوتی: ئەوەی کاراکتەر و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی حیزبەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ڕوانگە، بەها و پرەنسیپە سیاسییەکانی ئەم ڕێبەرە مەزنەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەرییەکانی لە دوای شەهیدبوونیشی لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بێ.

لە درێژەی ئەو کۆڕیادەدا بەڕێز مەحموود بیرۆ، بە نوێنەرایەتیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە (ئەنەکەسە) پەیامێکی پێشکەش کرد، هەروەها پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان لە وڵاتی نۆروێژ، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەیەوە خوێندرایەوە.

---

## کۆبوونەوە لەگەڵ خاتوو لاریسا واترز، سێناتۆر لە حیزبی سەوزەکانی ئوستراليا





ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی پووشپەڕ هەیئەتێکی کومیتەی ئوسترالیای حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە سەلاح پورئەسەد و کامران سوهرابی لە شاری بریزبن لەگەڵ خاتوو لاریسا واترز، سێناتۆر لە حیزبی سەوزەکانی ئوسترالیا و خاتوو کەتینکا، بەرپرسی دەفتەری سێناتۆر واترز کۆ بوونەوە.

لەو دیدارەدا هەیئەتی حیزب باسی ئەوەیان کرد کە ٣٣ ساڵ پێش ئێستا و لەو ڕۆژەدا دوکتور قاسملوو بە دەستی ڕێژیمی ئێران تێرور کرا، ئەویش لە حاڵێکدا کە دەیویست بە ڕێگایەکی ئاشتییانەدا کورد پرسی کورد لە ئێران چارەسەر بکا. بەڵام جێی داخە کە دەوڵەتی ئوتریش تێرۆریستەکانی ئازاد کرد و ئەو تێرۆریست و بکوژانە هەتا ئێستاش بەئازادی دەسوڕێنەوە، بۆیە داوایان لە سێناتۆر واترز کرد کە بەپێی توانا هەوڵ بۆ وەگەڕخستنەوە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بدات.

سێناتۆر لاریسا واترز لەگەڵ بەداخبوون بۆ ڕووداوی شەهیدکرانی د. قاسملوو، بەڵێنی دا کە لە ڕێگای دۆستەکانی و پارێزەرەکانیەوە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکا و ئەو باسە لە ڕاوێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەشدا بێنێتە بەرباس. هەروەها بەڵێنیی دا کە داوا لە حکومەتی ئوسترالیا دەکا هاوکار بێ بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ لە دادگایەکی نێودەوڵەتییدا بکوژان و بڕیاردەرانی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی دادگایی بکرێن.

لە درێژەی کۆبوبوونەوەکەدا هەیئەتی حیزب باسیان لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد کرد و لەو بارەوە کۆمەڵێک زانیارییان بۆ سێناتۆر واترز خستە ڕوو. هەروەها باسی خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایيانەی مامۆستایان، خانەنشینان، کرێکاران و خەڵکی ئێرانیان دژی بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد. لەم پێوەندییەشدا سێناتۆر واترز بەڵێنی دا داوا لە حکومەتی ئوسترالیا دەکا بۆوەی پشتیوانی خەباتی گەلی کورد ئێران بێت.

# د. قاسملوو و بنەڕەتی سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردان



تەیموور مستەفایی

سەربەخۆیی سیاسی واتای ئەو بڕیار و کردەوانە دەگەیەنێ کە حیزبێک یان دەوڵەتێک لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی حیزب و میللەتەکەیدا سەرەڕای هەستکردن بە کۆسپ و مەترسییەکانی سەر ڕێگا بەڕێوەیان دەبا.

لە سیاسەتی ئەمڕۆی دنیادا گرووپ و ڕەوت و دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن ئامانجە کورت و درێژمەوداکانیان لە ڕێگای جوراوجۆر و بەهۆی لایەنەکانی دیکەوە ببەنە پێش، بۆ ئەوەی خۆیان و ڕەوتەکەیان زیانمەند نەبن. لە چوارچێوەی وەها بیرکردنەوەیەکدا بۆ ئەوەی حیزب یا ڕەوتێک بتوانێ بڕیاری سەربەخۆ بدا، بێجگە لە تێپەڕاندنی ترس و کۆسپەکانی سەر ڕێگا پێویستە لە بواری سیاسی و جیهانبینییەوە توانای لێکدانەوەی ڕووداوو و پێشهاتەکانی زۆر لە سەرەوە بێت تا نەکەوێتە ژێر کارتێکەریی حیزب و جەریان و کەسایەتییەکانی دیکەوە. لە مێژووی حیزبی ئێمەشدا د. قاسملوو بە مێعماری سەربەخۆیی حیزب دەناسرێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییە کەسییانەی کە د.قاسملوو لە ئازایەتیی بڕیاردان و ناسینی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان لەلایەک، و خوێندنەوەی پیلانی دوژمنانی نەتەوەکەمان لەلایەکی دیکەوە هەیبووە .

پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان تەشکیلاتی حیزب هەڵوەشایەوە، بەڵام خۆشەویستیی خەڵک بۆ کۆمار و ویستی مافخوازیی خەڵکی کوردستان هەروا لە جێی خۆیدا مابوو و کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم کە یەک لەوان عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، بە هاوکاریی حیزبی توودە دەستیان دایە ڕێکخستنی لاوانی کوردستان. لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخستنانە دەبوونە بەشێک لە ڕێکخستنی حیزبی توودە لە کوردستاندا، بەڵام بەناوی حیزبی دێموکراتەوە، هەر ئەوەش بوو ئەندامی حیزب کاتێک دەچووە تاران پەیوەندیی بە ڕێکخراوی حیزبی تودەوە دەگرت و ئەرکی خۆی لە تاران وەک ئەندامی حیزبی توده ڕادەپەڕاند. لەهەمان کاتیشدا ئەندامی حیزبی توده کە دەهاتە کوردستان وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات کاری بۆ دیاری دەکرا، د.قاسملوو بۆخۆیشی کادری حیزبی توده بوو. ئەم ڕەوتە هەروا دەچووە پێش تا لە ئاکامدا لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی حیزبی لە ناوچەی کەوتەرانی مەهابادا کە ناوی کۆنفرانسی یەکەمیشی لەسەر دانرا، بە ئیبتکار و پێشنیاری شەهیدی د. قاسملوو، پۆلیس‌زەدە بوونی ئەوکاتی حیزبی توده دەکرێتە بیانوو و بڕیار دەدەن لەو ڕێکەوتە بەدواوە کاری تەشکیلاتیی جیاواز لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی تودەدا بەڕێوە بەرن، کە ئەمەش بە بەردی بناغەی سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات دادەنرێ.

لە دوو قۆناغی مێژوویی دیکەشدا حیزب بەهۆی لاوازیی ئاستی سیاسی ڕێبەری و تێنەگەیشتن لە هەلومەرجی بابەتیی ئەوکات کەوتووەتە ژێر باندۆری حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی دیکەوە و لەم بارەوە زیانی زۆر بە یەکڕیزی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی حیزب و گەلەکەمان کەوتوە. لە ساڵەکانی"١٣٤٢ -١٣٤٣"ی هەتاویدا ئەحمەد تەوفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) بەهۆی جیانەکردنەوەی نێوان دۆستایەتی و بەستراوەیی و بە بیانووی کوردایەتی بە ڕادەیەک خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی خستە ژێر باندۆری شۆڕشی کوردستانی باشوورەوە کە جێگایەک بۆ خۆدەرخستن وەک حیزبی دێموکراتی بە تایبەتمەندی و خسڵەتی سەربەخۆی خۆیەوە نەهێشتەوە. بە جۆرێک کە نە باسێک لە دەرچوونی گۆڤاری حیزبی لە ئارادا ما و نە شتێک بە ناوی تەشکیلات و ...هتد. بەم چەشنە حیزب لە ڕاستیدا کاری بووە ڕاپەڕاندنی کاروباری شۆڕشی ئەیلول، ئەویش لە نزمترین ئاستی خۆیدا.

هەر لەو قۆناغەدا د. قاسملوو لە ساڵی ١٣٣٩تا١٣٤٩ی هەتاوی لە حیزب دور دەخرێتەوە و وەک خۆی نووسیویەتی لەو ساڵانەدا زۆر بە کەمی ئاگای لە وەزعی حیزبی دیموکرات دەبێ. ساڵی ١٣٤٩ کە د. قاسملوو دەگەڕێتەوە کوردستانی باشوور، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئەوکات ئەندامانی پرش‌وبڵاوی حیزب کۆ دەکەنەوە و بە نووسینی بەرنامەوپێڕەو و دانانی کلاسی کادر و گرتنی کۆنفرانسی سێهەم گیانێکی دیکە بەبەر حیزبدا دەکاتەوە. لە پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ پارتی و بارزانیشدا جۆرێک لە هاوسەنگی وەک پەیوەندیی دوو حیزب پێک دێنن و بەم چەشنە حیزب دەخرێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کاتێک حیزب هەر چەند بەدرەنگەوە دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و خەڵک لە ڕیزەکانی خۆیدا ڕێک‌دەخاتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی باکگراوەندی مێژوویی و بوونی ڕێبەرییەکی تا ڕادەیەک بەئەزموون لە باری سیاسییەوە کە لە سەرەوەی ئەو ڕێبەرییە کەسایەتییەکی بێ‌وێنەی وەک د. قاسملوو هەبوو، توانیی لە ماوەیەکی کورتدا بە سەدان هەزار کەس لە ئەندام و کادر و پێشمەرگە و لایەنگر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و ببێتە هێزێک کە دۆست و دوژمن حیسابی بۆ بکەن. ڕاست لەم کاتەدا و بە پیلانی هاوبەشی حیزبی توده و کۆماری ئیسلامی و بە هاندانی چەند کەسێک لە ڕێبەریی حیزب و بە هێنانەگۆڕێی ئەو تیورییە کە گوایە قۆناغ قۆناغی خەباتی دژی ئیمپریالیستییە و لەم قۆناغەدا پێویستە هەموو هێزەکان بەرەوڕووی ئیمپریالیزم ببنەوە و کۆماری ئیسلامی هێزێکی دژی ئیمپریالیستییە، دەبێ بچنە ئەو بەرەیەوە.



لە چوارچێوەی ئەم لێکدانەوەیەدا، حیزبی توودەی ئێران بەهۆی هیندێک دروشمی بێ‌نێوەرۆکی خۆمەینی لە دژی ئەمریکا ئەو و ڕێژیمەکەیان بەدژی ئیمپریالیستی لە قەڵەم دەدا و داوایان دەکرد حیزب واز لە خەبات بێنێ و تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببێت، کە ئەمە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانەوە ڕەت کرایەوە. بەداخەوە پیلانی کۆماری پەت و سێدارە و حیزبی توودە توانییان گرووپێک لە حیزبی دیموکرات -کە بە تاقمی ٧ کەسی ناسران- لەگەڵ ژمارەیەک کادر و پێشمەرگە لە حیزب کە دواتر ناوی" پەیڕەوانی کۆنگرەی چواریان" لەسەر خۆیان دانا دابڕن. ئەوان دوای خۆڕادەستکردنەوە بە ئێران بە بیانووی خەباتی دژی ئیمپریالیستی چی سیخوڕی و دوژمنکاری نەما کە دژی حیزبی دیموکرات نەیکەن. پاش چەند مانگ لە دابرانی تاقمی حەوت کەسی، کزی و هەڵبوونی لێکدانەوەکانی حیزبی توودە و ئەو تاقمەش لەسەر نێوەرۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمووان دەرکەوت و تیئوریسیەنەکانیان -ئیحسان تەبەری، نورەدیین کیانوری، عەلی گەلاوێژ و..." کەوتنە بەر تیغی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیعدام کران.

مەبەست ئەوەیە لە هەردوو قۆناغدا ئەوەی بووە هۆی ئەم زەرەر و زیانانە کە وەبەر بزووتنەوەی کورد کەوت، کزی و لاوازییەک بوو لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەلومەرجی عەینی و زیهنیی ئەوکاتی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان، هەروەها نەناسینی نێوەرۆکی کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و لەلای دیکەوە ئەوەی بۆ تاقمی حەوت کەسی و حیزبی توودە گرینگ نەبوو، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی بوو. ئەوان مەبەستیان ڕازی‌کردنی کۆماری ئیسلامی و دڵخۆش‌کردنی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو کە ئەوکات کیسەی لەسەر دۆستایەتیی خۆیان و کۆماری ئیسلامی هەڵدروو‌بوو.

لە بەرامبەر ئەو دوو ڕەوتەدا کە بەکورتی باسمان کرد، حیزبی دێموکراتی ڕاستەقینەی هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی خەڵک هەبوو کە خوێندنەوەی دروستی بۆ ڕووداوەکان هەبوو و بنەڕەتی سیاسەت‌کردنەکەشی بۆ بەرژەوەندی گەل دەگەڕایەوە و، ڕێبەریی ئەم ڕەوتەش د. عەبدولڕەحمان قاسملوو دەیکرد.

لەمەڕ سەربەخۆیی بڕیاردان لە حیزبی دێموکرات و لە باوەڕەکانی د. قاسملوودا نموونە زۆرن کە ڕەنگبێ باسکردن لە هەموویان لەو دەرفەتەدا مەیسەر نەبێت، بەڵام پێوەندیی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق یەک لە لوتکەکانی خاوەنداریی حیزب لە بەها و پرەنسیپەکانیەتی. شێوەی دامەزراندن و بەردەوامیی پەیوەندییەکانی د. قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی بەعس و درێژەی ئەو پەیوەندییە بۆ ماوەی چەند دەیە کە هاوکاتیش بوو لەگەڵ شەڕی عێراق لەدژی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی باشوور ئێستاش جێی سەرنج و بایەخی لێکۆڵەرانە. پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس و دەرکەوتنی بەڵگەکان زۆر لە دوژمنان و نەیارانی حیزبی دیموکرات پێیان وابوو دەست بەسەر سەدان بەڵگە لە پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکومەتی بەعس دادەگرن و بە خەیاڵی خویان حیزبی پێ ڕیسوا دەکەن، بەڵام لە تەواوی بەڵگەکاندا بە شایەتیدانی زۆر بەرپرسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لەو بارەیەوە دواون -د. مەحموود عوسمان و مەلا بەختیار بۆ نموونە- تەنانەت یەک بەڵگەش نەدیتراوە کە حیزبی ئێمە دێموکرات بڕیارێکی لەدژی بزووتنەوەی کوردی باشوور یا هیچ شوێنێکی دیکە دابێ، یان لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی ئەوان کارێکی کردبێ؛ بەڵکوو هەر بەپێی قسەی ئەم بەڕێزانەی ناویان هات سەدان بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشانەی هاوکاریی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی لیقەومانی تێکۆشەرانی باشووردان. ئەوە جێی شانازییە کە لە تەواوی ئەو سەردەمەدا کە حیزب پەیوەندیی لەگەڵ عێراق هەبووە، نەدیتراوە و نەبیستراوە یەک کوردی باشووری کوردستان لەلایەن کوردێکی ڕۆژهەڵاتەوە هێرشی کرابێتە سەر، بریندار یان شەهید کرابێ. هۆکاری ئەمەش بۆ ئایدیا و بایەخە فکرییەکانی د. قاسملوو دەگەڕێتەوە کە لەجێدا باوەڕی وابوو ئەو سیاسەتەی کە خۆمان -وەک حیزب- بڕیارمان لەسەر داوە، ئەگەر چەوت و هەڵەش بووبێ، مادام بۆچوونی خۆمان بووە، بە ئەرزشە. چونکی پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نییە. بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نییە. جا ئەوە چ دەوڵەتێک بێت چ لایەنێکی تەنانەت دۆستمان.

ئەو باسە دەکرێ زۆر بەردرێژ بێت، بەڵام تەنیا نموویەکی دیی بۆ دێنینەوە. لە کاتێکدا ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێوەندیی زۆر باشی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق دامەزراندوە، لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە هەوڵی تێرۆرکردنی مەڕحووم مەلا مستەفا بارزانی، دەدرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە ئیمزای کۆمیتەی ناوەندی بە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٣٥٠ (١٩٧١/١٠/١) بەتوندی ئەو کردەوە تێرۆریستییە مەحکووم دەکا.

ناسراوترین وتەی د. قاسملوو لەبارەی سەربەخۆیی سیاسی بڕیاردان ئەوەیە کە: ئەگەر ڕۆژێک ناچار بین لە نێوان سەربەخۆیی سیاسی و دۆستایەتی یەکیان هەڵبژێرین ئەوە بەبێ گومان سەربەخۆیی سیاسیی هەڵدەبژێرین." نووسینەکەم بە وتەیەکی دوکتور قاسملوو کۆتایی پێ دێنم کە دەفەرموێ: "حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرینگرە. ئەوەی بە قازانجی خۆی و خەڵکی بزانێ جێبەجێی دەکات و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ. نابێ لە بیری بکەین کە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان بۆ ئێمە سەرمایەیەکی گەورەیە."

# جیاوازییەکانی شوناس‌پێدەری "سەرکردەی کاریزما"



**شـــــاهۆ مەتین**

٣٣ ساڵ بە سەر تیرۆر ڕێبەری هەرمان، شەهید د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە پێتەختی ئۆتریش کە بە دەستی دیپلۆمات‌تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندیزمی ئێران، ئەویش لەسەر میزی وتووێژ شەهید کران، تێپەڕی. بەحەق یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی دوکتۆر قاسملوویان لە ڕێبەرانی تر جیا دەکردەوە، خەسڵەتی "سەرکردایەتیی مەزن"ی کاک دوکتۆر بوو. "براین تریسی" لە کتێبەکەیدا بنەماکان و جیاوازییەکانی شوناس‌پێدەری "سەرکردایەتیی گەورە" شی دەکاتەوە کە بێتوو ئەو خەسڵەتانە بە بەری شەهید قاسملوویان بگرین، دەبینین کە بەحەق پێناسە و وێنایەکی پڕ بەپێستە.

براین تریسی پێی وایە "سەرکردەکان لەدایک نابن، بەڵکوو دروست دەبن". بە واتایەکی تر هەر کەسێک دەتوانێ فێری ئەو کارامەییانەی بێ کە بۆ سەرکردەیەکی گەورە پێویستە، بەڵام دەبێ بە ڕێرەوێکی تایبەتدا بڕوا و خۆی پێوە ماندوو بکات. تێگەیشتن لەو چەمکە ئەوەیە کە هەموو سەرکردە سەرکەوتووەکان سەردەمانێک شوێنکەوتوو بوون، بەڵام بە وردبوونەوە و ئانالیزکردنی بیر و ئاوەز و ڕەفتار و هەڵوێستی ئەو سەرکردە سەرکەوتووانەی دەیانناسن، بەرە بەرە فێری "بنەماکانی سەرکردایەتی" بوون و بۆخۆشیان بوونە ڕێبەر و سەرکردەیەکی مەزن.

**گرنگترین بنەماکانی سەرکردەی کاریزما و مەزن**

١- سەرکردە گەورەکان دیدێکی درێژخایەنیان هەیە و هەموو یەکەکانی حیزبی بۆ بەدیهێنانی ئەو دیدە گەورەیە کۆ دەکەنەوە.

٢- سەرکردە مەزنەکان توانایەکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ گۆڕینی دیدگای حیزب بۆ ئامانجی گەورە و پاڵنەر، تا ئەو ڕادەیە کە هەموو ئەندامانی حیزب ژیانی خۆیان ببەخشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.

٣- سەرکردە گەورەکان هەرگیز چاوەڕێ ناکەن کەسانی تر بۆ خەونەکانی ئەو تێ‌بکۆشن، بەڵکوو بۆخۆیان مرۆڤێکی چالاکن و شەو و ڕۆژیان پێکەوە دەدوورن و کار دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکەیان. بەم شێوەیە هانی ئەوانی تریش دەدەن بۆ کارکردنی شەو و ڕۆژ، نەوەستان و شێلگیری.

٤- سەرکردە مەزنەکان لە هەڵەی ئەندامەکانیان خۆش دەبن، بۆ ئەوەی ئەم لێبووردنە ببێتە پاڵنەریان بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە داهاتوودا. لە کاتێکدا سەرکردە ئاساییەکان بۆ نیشاندانی ئۆتۆریتەی خۆیان زۆر بەکەمی لە هەڵەی ئەندامەکانیان خۆش دەبن.

٥- سەرکردە مەزنەکان ڕیسکی گەورە دەکەن و ڕوحی بوێری و ورەبەرزی لە حیزبەکەیاندا دەچێنن.

٦- سەرکردە گەورەکان پشوودرێژن، بە کەوچکێک ئاو وەمەلە ناکەون و بە هۆی ناکامییەکانەوە دەست لە هیوا بەرنادەن. هەربۆیە هەرگیز لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناوەستن و هەر هەمان ڕۆحی نەسرەوتنەش دەخەنە نێو دەمارەکانی ژیانی حیزبەکەیانەوە.

٧- سەرکردە مەزنەکان، کاتێک دەیانەوێ بڕیار لەسەر پرسێک بدەن، بەردەوام بیر لە ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بابەتە دەکەنەوە و هەمیشە لە خۆیان دەپرسن: "ئەگەر ئەم کارە بکەین چ سودێکی درێژخایەنمان دەست دەکەوێت؟ کاردانەوەی ڕکەبەر و دوژمن چۆن دەبێت؟ ئایا ئەندامان و میللەت بەم بڕیارەمان ڕازی دەبن؟"

٨- سەرکردە گەورەکان سەرنجیان لەسەر دروست‌کردنی "جیاوازیی بنەڕەتی لە ڕکەبەرەکان"دایە نەک لەسەر ئەرکە ڕۆتینیەکان.

٩- سەرکردە گەورەکان توانایەکی نائاساییان هەیە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئامانج و بیرۆکە و پلانەکانیان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەمیشە دڵنیا دەبن لەوەی ئەندامانی حیزب و گرووپەکانیان لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو ئامانج و بیرۆکە و بەرنامانە تێ‌دەگەن.

١٠- سەرکردە مەزنەکان هەمیشە وەک ژێنەڕاڵێک لە هێڵی پێشەوە و لەگەڵ ئەندامەکانیان بۆ سەرکەوتنی حیزبەکەیان تێ‌دەکۆشن. ئەوان هەرنەبی یەک لە چواری کاتەکانیان لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا بەسەر دەبەن و نایەڵن هیچ دابڕانێک لە نێوان خۆیان و گرووپەکەیاندا دروست ببێت.

بە سەرنجدان بەو بنەمایانە کە "براین تریسی" بۆ سەرکردەی مەزن دەست‌نیشانی کردوون، دوکتۆر قاسملوو "سەرکردەیەکی مەزن"ی کوردستانی و جیهانی بوو. بۆیە تاریک‌پەرەستانی ئاخوندیزمی ئێران نەیانتوانی خۆ لە بەرانبەر خۆری پڕشنگداری هزر و ئەندێشەکانیدا بگرن، لەو سۆنگەیەشەوە بە دەستی غەدر و تاوان لە خەڵکی کورد، لە مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی جیهانییان ئەستاند .

کوردستان
• ژمارە ٨٢٧
٣١ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

# هەتا ئێستاش هزری د. قاسملوو ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانمانە

## (بەشێک لە کۆڕیاد، سمینار و کۆبوونەوەکانی حیزب لە سی‌وسێهەمین ساڵیادی تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوودا)



### بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ سمینارێک لەژێر ناوی "ئەندێشەکانی دکتور قاسملوو ڕێنما و ڕێنیشاندەرمانن" بۆ ڕەحمان سەلیمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و عەلی لەیلاخ، کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێک‌هات.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا ڕەحمان سەلیمی لە باسەکەی لەژێر ناوی "ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە پەنابردنە تیرۆر چییە"، ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە و بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بەوەیە بارودۆخێک دروست بکا تاکوو دەنگی ناڕەزایەتی لە نێوخۆ و دەرەوە کپ بکا. لەلایەکی دیکە بە پشتیوانی‌کردنی ماددی و مەعنەوی لە گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی ناوچە، سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێرانەوە بەرەو دەرەوەی سنوورەکان بەلاڕێدا بەرێ. سەلیمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژەکردن بەوەی کە تێرۆر لە کۆماری ئیسلامیدا جێگای دیپلۆماسی گرتۆتەوە، گوتی ئاکامی ئەو ڕەفتارە دەبێتە هۆی بەرفراوان‌بوونی بازنەی دوژمن، ئەوەش یانی گۆشەگیربوون و تەریک کەوتنەوە، بێگومان باجی ئەو ڕەفتارانەش لە پێشدا هاووڵاتی دەیدا و هەژاری و بێ‌دەرەتانی و بێ‌هیوایی تەنگ بە خەڵک هەڵدەچنێ و چەندین وەچە دەبنە قوربانیی ئەو سیاسەتانە.

لە پانێلی دووهەمی سیمینارەکەدا عەلی لەیلاخ لە دوو مژار لەژێر ناوەکانی "کارەساتەکان و بەهێزکردنی شوناسخوازی" و "بەرچاوترین میراتە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو بەپێی ئەندێشەکانی" باسی لە فەلسەفەی سیاسیی د. قاسملوو لە کتێبی "کورتەباس"دا، کە لەسەر بنەمای چارەسەر بۆ سێ پرسی ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیچمی گرتوە کرد و هەروەها ئەوەی کە د. قاسملوو لەلایەن چەپە مارکسیستەکانەوە بە ناسیۆنالیسیت دەناسرێ، خۆی فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو پێک‌دێنێ کە بریتییە لە جومگەبەندیی خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ خەباتی چینایەتی.

***



### وێبیناری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ وێبینارێکی بۆ عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک‌هێنا.

لەم وێبینارەدا عومەر باڵەکی بە ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانی پێش تێرۆری دوکتور قاسملوو و کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق، باسی لە چۆنیەتیی چوونی دوکتور قاسملوو بۆ سەر مێزی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەر پرسی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە کرد. بەڕێزیان لەو بەشەدا ئەو ئاکامگیرییەی کرد کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو بە تێرۆری ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات یان لەنێو دەچێ و یان ئەوەندە لاواز دەبێ کە بۆ ئەوان نابێ بە مەترسی، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران سەلماند کە حیزبی دێموکرات بە لەدەستدانی ڕێبەران و سەرکردەکانی بەچۆک دانایە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆتایی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوە کە پێویستە لە کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەزموون وەربگرین، جەختی لەسەر پێویستی وەرگرخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کردەوە.

***



### دەڤەری هەولێر

کۆمیتەی گشتیی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە باشووری کوردستان ڕۆژی هەینی، ٢٤ی پووشپەڕ

کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ ئەندامانی حیزب لە پارێزگای هەولێر بەڕێوە برد. لەم کۆبوونەوەیەدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی سیاسی – تەشکیلاتیی پێشکەش کرد.

بەڕێز کەریمی لە سەرەتای قسەکانیدا لە گۆشەنیگای ڕوانینەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بە ئاوڕدانەوە لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵکی ئێران لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، باسی لە وڵامدەرنەبوونی ئەم ڕێژیمە و سیاسەتی سەرکوت بەرانبەر بە خەڵکی مافخوازی ئێران و هەروەها پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە کرد. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەم پێوەندییەدا بە ئاوڕدانەوە لە ماهییەت و نێوەڕۆکی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و هەروەها ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە لەم دواییانە لە ناوچەکەدا هاتوونە ئاراوە، داهاتووی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێرانی بەرانبەر بە نیزامی سەرەڕۆ سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی، گەش و دڵخواز وێنا کرد.

لە بەشیکی قسەکانیدا بەڕێز کەریمی، سەرنجی خستە سەر داهاتووی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە هێنانەبەرباسی داهاتووی ئێران و ڕوانگەی لایەنە جۆراوجۆرە سیاسییەکانی ئێران نیسبەت بە داهاتووی ئەم وڵاتە و جۆری دەسەڵات لە تاران، باسی لەو هەنگاوە پێشوەخت و گرینگانە کرد کە کورد و هێزە سیاسییەکانی پێویستە کاری لەسەر بکەن. لەم پێوەندییەدا کاک کەماڵ کەریمی بەڕوونی باسی لە ئەرک و ڕەساڵەتی مێژوویی و هەنووکەیی حیزبی دێموکرات کرد کە خەڵک زۆرترین چاوەڕوانی لێی هەیە و بێ‌گومان لە داهاتووشدا پێویستە ڕۆڵی سەرەکی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا بگێڕێ و وەک هەمیشە ببێتە جێی هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستان. بۆیە بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا دەستەبەرکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی بە هەنگاوی سەرەکیی خۆ ئامادەکردن بەرانبەر بە هەر ئەگەر و پێشهاتێکی سیاسی زانی.

***

### کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات

بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٩ی پووشپەڕ لەسەر کۆمەڵێک باسی سیاسی و تەشکیلاتی، کۆبوونەوەیەکی بۆ بەشێک لە بەرپرسان و ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە شێوەی ئۆنلاین پێک‌هێنا.

لە کۆبوونەوەکەدا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژەدان بە بەرزڕاگرتنی ساڵانەی یاد و بیرەوەریی شەهید دوکتور قاسملوو و باس‌کردن لە بیر و ئەندێشەکانی ئەم ڕێبەرە ناوەدارە لە کۆڕ و سمینارەکان و هۆگریی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی سیاسی بە بیر و باوەڕەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، باسی لە کاریگەریی کەسایەتیی شەهید قاسملوو و حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی کورددا کرد.

بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کە تایبەت بە هێندێک باس و بابەتی تەشکیلاتی بوو، سەرنجی خستە سەر پرسی چۆنیەتیی بەرەوپێش‌چوونی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و لەم پێوەندییەدا وێڕای ئاگادارکردنەوەی هاوڕێیانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی پرسی یەکگرتنەوە، سەبارەت بە ئەرکی ئەندامانی حیزب لەم پێوەندییەدا قسەی کرد.

***



### دەڤەری سلێمانی

ڕۆژی هەینی، ١٧ی پووشپەڕ کۆمیتەی گشتیی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان، لە سەر کۆمەڵێک باسی سیاسی و تەشکیلاتی کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی حیزب لە شاری سلێمانی پێک‌هێنا. لەم کۆبوونەوەیەدا کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند باسێکی تایبەتی سیاسی و تەشکیلاتیی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە سەرەتای قسەکانیدا بەبۆنەی نزیک‌بوونەوە لە ٢٢ی پووشپەڕ، ٣٣ ساڵەی تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیانی لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، باسێکی کورتی لەسەر کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو و کاریگەرییەکانی ئەم ڕێبەرە ناودارە لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بەگشتی پێشکەش کرد. بەڕێز مەولوودی لەم پێوەندییەدا وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵ و تێفکرینەکانی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، وەک دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بەگشتی، پێی وابوو کە شەهید دوکتور قاسملوو لە بەرنامەڕێژیی بۆ خەباتی حیزبی دێموکرات و کاریگەرییەکانی لە شێوەی سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شوێنەوار و قورسایی تایبەتی خۆی هەیە کە تا ئێستاش هزری ئەو ڕێبەرە مەزنە هەروا ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانمانە.

کاک مستەفا مەولوودی لە بڕگەیەکی دیکەی قسەکانیدا و هەر لە درێژەی باسەکەی لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو و ڕوانینی ئەم ڕێبەرە شەهیدە لەسەر پرسە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی حیزب و پێگەی حیزب لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، سەرنجی خستە سەر داهاتووی حیزبی دێموکرات و جۆری پێگە و قورسایی ئەم حیزبە لە سەر ئەگەر و پێشهاتە سیاسییەکانی داهاتوو لە ئێران و کوردستاندا. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، باسی لە زەروورەتی یەکڕیزی و یەکیەتیی تەشکیلاتی لە حیزبی دێموکراتدا کرد. بەڕێزیان هەر لە درێژەی باسەکەیدا پەرژایە سەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و لەم بارەوە کورتەباسێکی لە سەر پرۆسەی دیالۆگ و دانیشتنی نێوان هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و کاریگەرییەکانی یەکگرتنەوە لە سەر خەباتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێز مستەفا مەولوودی لە دوبەشی قسەکانیدا، ڕوو بە ئەندامانی حیزب، باسی لەو ئەرک و بەرپرسایەتییانە کرد کە هەر ئەندامێکی حیزب پێویستە لە پێناو یەکیەتی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزبدا خۆی لێی بە بەرپرسیار بزانێ.

لە بەشێکی دیکە و دوایین بەشی کۆبوونەوەکەدا کاک مستەفا مەولوودی وڵامی پرسیار و تێبینیی بەشداربووانی دایەوە.

***



### دەڤەری کۆیە، پشدەر و بتوێن

ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی پووشپەڕ کۆمیتەی گشتیی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی سی‌وسێهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیانی، بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی حیزب، دانیشتوو لە ناوچەکانی کۆیە، بتوێن و پشدەر، کۆبوونەوەیەکی بەڕێوەبرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا سمایل شەرەفی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، باسێکی لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی لە شەخسییەت‌بەخشین بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە سەرەتای قسەکانیدا بە گەڕانەوە بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دواتر کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی و، هەروەها کاریگەرییەکانی کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و بەرزنرخاندنی ڕۆڵیان لە بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی نوێ و مودێرنی نەتەوایەتیدا بۆ نەتەوەی کورد، ئاماژەی بە کاریگەرییە فیکری و کردەییەکانی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە سەر بیچم‌گرتنی شوناس و شەخسییەت لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا کرد.

سمایل شەرەفی لەم پێوەندییەدا بە ئاماژە بە بیر و بۆچوون و داهێنانە فکری و سیاسی‌یەکانی شەهید دوکتور قاسملوو لە سێ بەستێنی سیاسی، پێشمەرگانە و دیپلۆماسیدا، باسی لەو خەسڵەتە تایبەتییانە کرد کە شوناسێکی نەتەوەیی نوێ و مودێرنیان بە ئەقڵییەتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد، ڕەفتاری دەروەست و بەرپرسانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پەیام و هاواری گەلێکی مافخواز بە ڕووی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بەخشی.

لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا لە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی پووشپەڕ بۆ دەیان تێکۆشەری دیکە لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێ لە بنکەکانی حیزب بەڕێوە چوو، سمایل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە ئاوڕدانەوە لە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆخی قەیراناویی ڕێژیم، تەوەری سەرەکیی باسەکەی بۆ قسەکردن لەسەر ئێرانی داهاتوو تەرخان کرد. شەرەفی وێڕای ئاماژەدان بە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ئێران، باسی لە ڕیزبەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوانینیان بۆ جۆری نیزامی سیاسی لە ئێرانی داهاتوودا کرد.

بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی باسەکەی‌دا بە سەرنجدان بە پێداویستییەکانی قۆناغی تێپەڕین لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و ڕوانین بۆ ئێرانی داهاتوو و دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و هەروەها نەخش و دەوری کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی، پرسی هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی لە سێ بەستێنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان‌دا خستە بەر باس.

***



### دانمارک

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک ڕۆژی شەممە، ٢٥ی پووشپەڕ بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆرکردنی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی سیمینارێکی بۆ بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی "پێناسەکردنی هزری دکتۆر قاسملوو" پێک‌هێنا.

لەم کۆڕەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، فێدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان وێڕای ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون، سەرەتا

پەیامی کۆمیتەی دانمارک لەلایەن "حوسێن مەحموودی"، بەرپرسی کۆمیتەوە خوێندرایەوە. دواتر کاک مستەفا شەڵماشی لە باسە پڕ نێوەرۆکەکەیدا ئاماژەیەکی گشتگیری بە ژیان و کەسایەتیی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر کرد و پاشان لە دەرگای پێناسەکردنی هزری دکتۆر قاسملوو، و بە لێکدانەوەیەکی زانستی و بە ئاماژە بە گەلێک فاکتەر، شەن و کەوی گەلێک ڕەهەندی لە بیروهزری دکتۆر قاسملووی شەهیددا کرد.

ڕەوتی گەشەی هزریی دکتۆر قاسملوو لە کۆنفڕانسی سێی حیزبەوە وە تاکوو کاتی شەهیدبوونی و هۆکارەکانی و باسکردن لە گرینگترین پڕەنسیپە هزرییەکانی دکتۆر قاسملوو دوو تەوەری سەرەکیی باسەکەی کاک مستەفا شەڵماشی بوون کە بەڕێزیان بەشێک لەو پرەنسیپانەی لە ئەولەویەت‌دان بە پرسی نەتەوەیی، سەربەخۆیی سیاسی، گرینگیدان بە دێموکڕاسی وەک میکانیزمێک بۆ پاراستنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ، ئاوەڕدانەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی سوسیالیزمی دێموکڕاتیکدا، گرینگیدان بە شەففافییەت لە سیاسەتدا پۆلێن کرد.

ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی لە دوابەشی باسەکەیدا تیشکی خستەسەر ئەوە کە هیچ ڕێبەرێک و هیچ کەسێک تا سەر نامێنێ و، ڕەنگە ئەگەر ئەوکات دوکتر قاسملوو شەهیدیش نەکرابا، ئێستا لە ناوماندا نەبوایە. بۆیە پێویستە وەک سەردەمی دکتۆر قاسملوو داهێنان و بەرهەم‌هێنانی فکریمان هەبێ و بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هەر سەردەمە سیاسەت و میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە بۆ هەر قۆناغەی سیاسەت‌سازیی تایبەت بۆ ئەو قۆناغە بکەین.

نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان، پارتی ماف و ئازادی (هاک پارتی)، کۆمکار، ۆارتی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارک چەند لایەنێکی بەشداربوو لەو کۆڕیادە بوون کە پەیامەکانیان بەو بۆنەیە خوێندرایەوە.

# خوێندنەوە بۆ لێکدانەوەیەکی سیاسی و ئاکامەکانی



عومەر باڵەکی

ئەگەر بمانەوێ لەسەر هەر بابەتێک کە لە ڕابردوودا چ دوور و چ نزیک لێکۆڵینەوە بکەین، ڕێگەی دروست و زانستی ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخە کە ئەو ڕووداوەی تێدا ڕووی داوە. چونکە ئەگەر بمانهەوێ ڕووداوەکانی ڕابردوو بەپێی ئەو سەردەمەی کە خۆمانی تێدا دەژین هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، نەک بە ئاکامێکی دروست ناگەین، بەڵکوو ئاکامەکەش بە هەڵەماندا دەبات.

ئەو کورتە پێشەکییە بۆ ئەوە بوو کە زۆر جاران لەسەر شەهیدبوونی ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی تێرۆرکردنی شەهید د. قاسملوو ڕەخنە و گازندەی وا بەرچاو دەکەوێ کە لەڕاستیدا لەجێی خۆیاندا نین. بۆ ئەوەی بزانین لەبەرچی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خودی د. قاسملوو ڕازی بوون وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بکەن، باشتر وایە ئاوڕێک لە هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتی ناوچەکە و ئێران بدەینەوە و هەڵسنگاندن و لێکدانەوەیەکی کورتی لەسەر بکەین.

هەموو لایەک ئەوە دەزانین کە دەسەڵاتدارانی ئێران و عێراق بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕێکی بێئاکامیان تووشی گەلانی ئەو دوو وڵاتە کرد کە دواجار بە بڕیارنامەی ٥٩٨ی شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی بەو شەڕە هات. دوای تێپەڕینی نزیک بە ساڵێک بەسەر خواردنەوەی جامی ژەهرەکەی لەلایەن خومەینییەوە، ناوبراو کە لەو ماوەیەدا نەخۆش بوو، مردنەکەی لە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٦٨ی هەتاویدا ڕاگەیەندرا. ئەم دوو ڕووداوە واتە کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و مردنی خومەینی، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر لێکدانەوەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و خودی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوەی وەڵامی ئەرێنی بدەنەوە بە پێشنیاری حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ وتووێژ و دانیشتن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران.

بە هەموو پێوانەیەکی لۆژیکی و ئەقڵی، وا دەهاتە بەرچاو کە ئێرانی دوای شەڕی هەشت ساڵە، ماندوو و شەکەتە و پێویستیی بە ئارامی و سەقامگیریی سیاسی لە نێوخۆدا هەیە و بۆ ئەوەش کە بتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا جێگە و پێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە و لە بواری ئاوەدانی و ئابوورییەوە هەستانەوەیەک بە خۆیەوە ببینێ. بەڵام لە نێوخۆی وڵات خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد کە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ بوو سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و کوشتار و وێرانییەی ڕێژیم بەسەر کوردستانی هێنابوو، هەر وا لە ئارادا بوو. هاوکات سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا وزە و هێزێکی زۆری ماددی و نیزامی و سیاسیی ئەو ڕێژیمەی بەخۆیەوە خەریک کردبوو کە دەکرا لە شوێنێکی دیکە و بە مەبەستی ئاوەدانی و خۆشبژێویی گەلانی ئێران بەکار هاتبا. ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری نوێی ڕێژیمیش کە هەوڵێکی بەربڵاوی بۆ دیپلۆماسیی گشتی هەڵگرتبوو، وێنایەکی تری لە کەسایەتیی خۆی بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسیی ڕێژیمەکەی پێشانی دنیای دەرەوە دەدا. بەگشتی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا (٦٨-٦٧) وا چووبوونە پێش کە مردنی خومەینی ئەو لۆژیکەی زیاتر بەرجەستە کرد کە ڕەنگە ململانیی باڵەکانی ڕێژیم لەسەر جێگرتنەوەی خۆمەینی وا لە دەسەڵاتداران و بەتایبەتی دەوڵەت بکا کە بە جدی بەدوای چارەسەریی پرسە ئاڵۆزەکانی نێوخۆی ئێراندا بڕۆن.

لەبارەی ئەم تێڕوانینە پێم باشە لێرەدا ئاماژە بە چاوپێکەوتنێکی دوکتۆر سادق شەرەفکندی بکەم کە ساڵێک دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕادیۆ دەنگی کوردستان کردی و دواتر لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ و بڵاو بۆوە. د. شەرەفکەندی لەو وتووێژەدا لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ: "لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمەوە پێشنیار بۆ وتووێژ لەسەر پرسی کوردستان بە حیزب کرا. ئەو پێشنیارە لەو هەلومەرجەدا دوو زەمینەی قەبووڵکردنی لەلایەن حیزبەوە هەبوو. یەکەمیان، خەتێکی گشتی لە سیاسەتی حیزب کە بریتییە لەوەی پرسی کوردستان لە ڕێگەی نیزامییەوە چارەسەر ناکرێ و ئەو پرسە دواجار دەبێ لە ڕێگەی ئاشتی و وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. دووهەمیان، هەلومەرجی تایبەتیی کاتی پێشنیارەکەیە. چونکە ڕێژیم کە ئەو پێشنیارەی دەکرد، بەپێی قاعیدە دەبوایە لە حاڵی پێداچوونەوە بە ڕابردووی خۆی و هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتیی ئێستەدا بێت و تێ بکۆشێ ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی ببینێتەوە. پاش شەڕی ئێران و عێراق – کە دیارە شەڕی کوردستان لە سەرەوەی هەموو گیروگرفتەکانی ڕێژیمدا بوو و ئاسایی بەنەزەر دەگەیشت ئەگەر ڕێژیم بیر لە چارەسەرکردنی بکاتەوە– بە هۆی ئەو دوو زەمینەیە پێشنیارەکەی ڕێژیم لەلایەن ئێمەوە قەبووڵ کرا."

بەم خوێندنەوەیە پێشنیاری وتووێژ لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لۆژیکی دەهاتە بەرچاو، و لەوەدا فاکتەری هاوکێشەکانی نێوخۆی ئێران دیار و بەرهەستە؛ بەڵام فاکتەری دەرەکییش نابێ چاوپۆشیی لێ بکرێ، چونکە لەو سەردەمەدا هەموو ئەو بابەتانەی کاریگەرییان لەسەر پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق دەبوو و بەتایبەتی پرسی سنوورەکانی نێوان دوو وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جموجوڵی هێزی پێشمەرگە دادەنا. چونکی شەڕی نێوان ئێران و عێراق کۆتایی پێ هاتبوو، پشتی جبهەیەک کە بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عێراق بۆ هێزی پێشمەرگە پێک هاتبوو، ئەو پشتی جبهەیە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو کۆسپی بۆ دروست دەکرا، هەروەها بەپێی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق، نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی "جزائیر" لەسەر سنووری نێودەوڵەتیی هەردوو لا زیندوو ببۆوە. عێراق هەر بە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە، بەئاشکرا دەستی کردبوو بە ڕاگواستنی ئەو گوند و شارانەی کوردستان کە لەسەر سنوور هەڵکەوتبوون. شار و گوندەکان یەک لە دوای یەک بە بەرچاوی ئێمە و خەباتگێڕانی باشووری کوردستان و دنیاشەوە تەخت دەکران و ئەوە بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و خودی دوکتور قاسملوو، وەک سکرتێری ئەو حیزبە زۆر سەخت و دژوار بوو. ئەگەر لە باشووری کوردستان بۆ بەرگرتن بەو دۆخە حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچی لەدەست نەدەهات، بەڵام دەبوایە هەوڵ بدرێ کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو دەرد و ئازارەوە نەتلێتەوە و یەکێک لەو ڕێگەیانە ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەکرێ پرسی کورد لە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکرێ و لەو ڕێگەیەوە پێش بە چۆڵبوونی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بگیردرێ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەوپیری ئەو پێشنیارەوە چوو، بەڵام دیتمان کە ڕێژیمی کەلکی خراپی لە نیازپاکیی حیزب وەرگرت و دەستی بۆ قێزەونترین کەرەستەی سەدەکانی نێوەڕاست واتە تێرۆر برد و لەسەر میزی وتووێژ و دانوستان بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێران، داوی تێرۆرکردنی د. قاسملوو و هاورێیانی دارشت.




کاتێک چاو بە ڕەوتی دانیشتنەکانی هەیئەتی حیزبی دێموکرات و ڕێژیمی ئیسلامیدا دەخشێنین کە دوو قۆناغ بووە و لە هەر قۆناخێکدا دوو دانیشتنیان لە ڤییەن بەڵام لە دوو شوێنی جیاوازدا بووە، زۆر بەڕوونی دیارە کە هەیئەتی حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە هاتووەتە مەیدانەکە و داواکانی ڕوون و ئاشکران. بەڵام لە قسە و دەربڕینەکانی هەیئەتی وتووێژکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر زوو بۆت دەردەکەوێ کە لەڕاستیدا هیچیان پێ نییە و تەنیا کات تێپەڕ دەکەن و لە هەلی گونجاو دەگەڕێن بۆ ئەنجامدانی کردەوە نامرۆڤانەکانی خۆیان کە هەر لە سەرەتاوە ئامانجیان تێرۆرکردنی د. قاسملوو بووە.

ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتاوە دوو کردەوەی تێرۆر و بارمتەگرتنی مرۆڤەکانی کردە کەرەستەی مانەوەی خۆی و گوشارهێنان بۆ سەر لایەنەکانی بەرانبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی. دەبینین دوای تێپەڕبوونی ٤٣ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو نیزامەدا ئەو دوو کردەوە قێزەونە و دوور لە هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی و نێودەوڵەتی، بەردەوام کەلکیان لێ وەردەگرێ. ئەگەر لە سەردەمانێکدا دەوڵەتەکان هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە بە پشتیوان و هۆکاری کردەوەی تێرۆریستی تاوانبار نەکرێن چونکە بۆیان دەبوو بە جێگەی شەرمەزاریی نێودەوڵەتی، بەڵام لە سەردەمی ئێستەدا نیزامێکی وەک ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نەک شەرمی لێ ناکا، بەڵکوو وەک ئامرازێکی زۆر کاریگەر لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا کاری پێ کردوە. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە هەتا دەرکردنی حوکمی دادگای مێکۆنووس لە بەهاری ١٣٧٦ی هەتاوی، واتە نزیک بە ١٨ ساڵ، ڕادەی ٨٩ کەس لە دژبەرانی ئەو نیزامە لەسەر خاکی ئورووپا بە دەستی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تیرۆر کراون، ئەوە بێجگە لەو تێرۆر و کردەوە تێرۆریستییانەیە کە لە باقی شوێنەکانی دیکەی ئەو جیهانە ئەنجامی داوە. ئەوە لە لایەک و لایەکی دیکەوە تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٢ هەتا ١٤٠٠ی هەتاوی، نزیک بە ٦٩ کەس لە هاووڵاتییانی هەڵگری ناسنامەی دەوڵەتانی ئورووپایی و ئەمریکایی و کانادایی و ئوسترالیایی لەلایەن دەزگا بەناو ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەبارمتە گیراون و لە بەرانبەر جێبەجێکردنی مەرجێکی ئەو ڕێژیمەدا کە زۆرتر لایەنی ماددی هەبووە ئازاد کراون، نموونەکانی ئەو دواییانەش خۆیان هاوار دەکەن، لە تێرۆرکردنی د. قاسملووشدا لەو ڕێکارە کەڵکیان وەرگرتوە.

جەعفەری سەحراڕوودی یەکێک لە تێرۆریستەکانە کە لە تێرۆری د. قاسملوو و هاورێیانیدا بە وندی بریندار بوو، یەک دوو ساڵ پێشتر لە یۆنان وەک نێردراوی ڕاوێژکاری نیزامی لەژێر نازناوی "ڕەحیمی" مامەڵەیەکی قورسی چەکوچۆلی لەگەڵ دوڵەتی ئوتریش کردبوو کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، ئوتریش مافی ئەوەی نەبووە چەک بە هیچ کام لە لایەنەکانی شەڕ بفرۆشێ و لە کاتی کڕینی ئەو چەکانە کە تۆپخانەی قورس بوون، لایەنی ئێرانی بەرتیلێکی زۆری داوە بە لایەنی ئوتریشی. کاتێک جەعفەر سەحراڕوودی دوای کردەوە تێرۆریستییەکە بە برینداری دەکەوێتە دەستی پۆلیسی ئوتریش، بوونی ناوبراو لە نەخۆشخانە دەبێتە هۆی ترس و دڵەراوکێی کاربەدەستانی پلەبەرزی ئوتریشی کە ناوبراویش ئەوە باش دەزانێ، بۆیە لەلایەن باڵوێزی ئەوکاتی ئێران لە ڤییەن بە دەسەڵاتدارانی ئوتریشی ڕادەگەیندرێ کە ئەگەر ناوبراو واتە جەعفەر سەحراڕوودی بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەی پۆلیس، ڕەنگە بۆ بەرگریکردن لە خۆی بابەتی چەکفرۆشتنەکە ئاشکرا بکا کە ئاشکرابوونی ئەو بابەتە لە نێوخۆی ئوتریشدا دەبوو بە قەیرانی سیاسی. ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لە تاران باڵوێزی ئوتریش بانگ کرایە وەزارەتی دەرەوەی ئێران و بەفەرمی پێی ڕاگەیەندرا کە ئەگەر پۆلیس لەو بابەتە بکۆڵێتەوە، ئێمە ناتوانین زەمانەتی پاراستنی هاووڵاتییانی ئوتریشی لە ئێران بکەین و ئەوانە هەڕەشەی ڕاستەخۆ بوون لە دەوڵەتی ئەو کاتی ئوتریش. دەبینین کە دوڵەتی ئوتریش زۆر زەبوونانە تەسلیم بوو و بکوژانی د. قاسملوو و هاورێیانی بە سڵامەتی و دوودەستی ڕادەستی ئێران کردەوە.

ئەوەی کە دەبێ لە ئێستەدا سەرنجی بخەینە سەر و چاوپۆشیی لێ نەکەین، ئەوەیە کە هەموو هەوڵی خۆمان چڕ بکەینەوە کە پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو و هاورێیانی لە ئوتریش کارا بکرێتەوە و ئەوەش هاوکاریی هەموو لایەکی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کوردستانی پێویستە، هەر وەکوو لە سەردەمی خۆیدا لە پەروەندەی مێکۆنووس لە ئاڵمان و لەو ماوەیەدا لە پەروەندی "حەمید نووری" لە سوئید ئەو هاوکارییە هەمە لایەنەی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کوردستانی توانییان لە سەرکەوتنی دادپەروەرانەی ئەو ددادگایەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و دادگا بڕیاری دادپەروەرانەی خۆی بدا.

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە




حوسێن عوسمانی، زیندانی سیاسیی کورد زیندانبەزێنێکی دیکەی کوردە کە لەم دەرفەتەدا و لەم گۆشەیەی ڕۆژنامەدا باسێک لە ژیان و خەباتی دەکەین و ئاوڕێک لە بارودۆخی لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا دەدەینەوە. حوسێن عوسمانی کە سزای ٣٠ ساڵ بەندکرانی دراوەتێ، ئێستا خەریکی کێشانی ئەو حوکمەیە کە دوور لە ویژدان و دادپەروەری بەسەریدا سەپاوە.

حوسێن عوسمانی ئێستا تەمەن ٦٣ ساڵە و خەڵکی گوندی "بایندرە"ی سەر بە شاری مەهابادە. ئەو کە ئێستا لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێدا بەند کراوە، ئەندامەتیی ڕێکخراوی کۆمەڵەی دراوەتە پاڵ و بە تۆمەتی کاری تێکدەرانە دەسبەسەر و پەروەندەی لەدژی دروست کراوە. ئەو ڕۆژی ١٢ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاویپاش بانگکرانی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد ئیدی دەستبەسەر کرا و نەگەڕایە ماڵێ. حوسێن پاش ماوەیەک بەندکران و ئەشکەنجە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە مەهاباد، بۆ یەکێک لە گرتنگەکانی ئیتلاعاتی سپاس لە ورمێ گوازرایەوە. ئەو بەندکراوە سیاسییە کوردە بۆ ماوەی ١٣ مانگ لە سللولی تاکەکەسیی گرتنەگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بە توندترین شێوە ئەشکەنجە کرا، هەروەها لەو ماوەیە بەتەواوی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی بێبەش کرا، ئەوە نەبێ تەنیا دوو جار بە تەلەفوونی ئیزنیان داوە پێوەندییەک بە بنەماڵەکەی بگرێت.

حوسێن عوسمانی بەهۆی قورسیی ئەشکەنجەکان و ئەو جەزرەبانەی لە گرتنگەی ئیتلاعات بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ چاشتبووی، بۆ ماوەی ٤ مانگ لە نەخۆشخانەی خومەینیی ورمێ خرایە ژێر چاوەدێری پزشکی؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش بە دەم دەرد و ئازار و ئاسەواری ئەشکەنجەکانی ئەوکاتەوە دەناڵێنێ و کەمترین مافی پێڕاگەیشتنی پزیشکیی بە لەبەرچاو گیراوە.

حوسێن عوسمانی لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لەگەڵ دوو بەندیی سیاسی دیکە بەناوەکانی "دیاکۆ ڕەسووڵزادە" و "سابیر شێخعەبدوڵڵا" بەبێ هەبوونی پارێزەر، لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی جەوادیکیا بە تۆمەتی "موحاربە لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی کۆمەڵە و "بەشداری لە بۆمبنانەوەی ساڵی ١٣٨٩ی شاری مەهاباد" دادگایی کران و سزای بە ئێعدام بە بەرچاوی خەڵکەوەیان بەسەردا سەپا. ئەو سێ زیندانییە تانەیان لەو بڕیارە دا و پاش ئەوەی پەروەندەکەیان بۆ پێداچوونەوە بۆ لقی ٤٧ دیوانی بەرزی وڵات بەرز کرایەوە، بە بڕیاری ئەو دادگایە لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا، حوکمی ئێعدامی حوسێن عوسمانی هەڵوەشا. پاس ئەو بڕیارە پەروەندەی حوسێن بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە نێردرایەوە لقی یەکی دادگای شۆڕشی مەهاباد. سەرەنجام لقی یەکی دادگای شۆڕشی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی جەواد غولامی لە خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاویدا سزای ٣٠ ساڵ زیندان و دوورخستەوە بۆ زیندانی ورمێی بەسەر حوسێن عوسمانیدا سەپاند. ئەو حوکمە ڕۆژی ٢٢ پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی لەلایەن دیوانی بەرزی وڵاتەوە پشتڕاست کرایەوە، ئەوە لە حاڵێکدا کە حوسێن عوسمانی لە هەموو ماوەی بەندکرانی لە گرتنگەی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی هەر دوو دادگاکەدا، ڕاگەیاندبوو کە بێتاوان گیراوە و ئەو تۆمەتانە کە دراونەتە پاڵی ئەسڵ و بنەڕەتیان نییە و لە سۆنگەی ئەشکەنجەی قورسەوە ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ بووە.


بەڵام "سابیر شێخ عەبدوڵڵا" و "دیاکۆ ڕەسووڵزادە" دوو هاوپەروەندەی دیکەی حوسێن عوسمانی ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لەدار دران. هاوزیندانییەکانی دیاکۆ و سابیر چەندین جار شایەتی ئەوەیان داوە کە ناوبراوان لەژێر ئەشکەنجەی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا دانیان بە تاوانی نەکردوویاندا ناوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییش پێشتر چەند جار داوای لە بەرپرسانی ئێران کردبوو کە حوکمی لەداردانی ئەو دوو بەندکراوە کوردە هەڵوەشێنێتەوە و بوار بۆ دادگاییەکی دادپەروەرانە و بەبێ دانپێدانانی زۆرەملی بەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵیان، بڕەخسێنێت.


حوسێن عوسمانی کە لە ڕۆژی ١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٨ەوە و دوای ١١ مانگ بەندکرانی لە زیندانی مەهاباد بۆ جارێکی تر بۆ زیندانی ناوەندیی ورمێ دوور خرابۆوە، حەوتوویەک پاش ئێعدامکرانی سابیر شێخزادە و دیاکۆ ڕەسووڵزادە بردرایەوە ئیدارەی ئیتلاعات و هەڕەشەی ئێعدامکران و گۆڕانکاری لە بڕیاری پەروەندەکەی لێ کرابوو. حوسێن عوسمانی لە ماوەی بەندکرانیدا بە هۆی ئەشکەنجەی ڕوحی و جەستەیی و هەروەها بەساڵاچوویی تووشی زۆر نەخۆشی هاتوە و سەرەڕای ئەوەش لە پێدانی مەرەخسیی دەرمانییش بێبەش کراوە، هەتا دواجار لە ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا و پاش ٨ ساڵ بەندکرانی بەدانانی بارمتەی یەک میلیارد تمەنی و بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مەرەخسیی درایە.

بەڵام ئەسڵی ڕووداوەکە: ئەو سێ بەندکراوەی خەڵکی مەهاباد کە دوو کەسیان ئێعدام کران و ئێستا حوسێن عوسمانیی تەمەن سەروو ٦٠ ساڵ کە دەبێ زیاتر لە ٢٠ ساڵی دیکەش لە زینداندا بمێنێتەوە، بە تۆمەتی دەستتێداهەبوون لە تەقینەوەکەی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لەکاتی ڕێژەیەکی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لەو شارە گیران. هەر دوابەدوای تەقینەوەکە محەممەد پاکپوور، فەرماندە هێزی ویشکانییەکانی سپای پاسداران ڕایگەیاند کە بکەرانی تەقینەوەکەیان لە عەمەلیاتێکدا خستۆتە دا و و کوشتوویانن. بەڵام سەرەڕای ئەو ڕاگەیاندنەش دوای سێ ساڵ سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسولزادە گیران و تۆمەتی تەقینەوەکەیان خرایە پاڵ، لە حاڵێکدا بەپێی هەموو بەڵگەکان سابیر شێخ عەبدوڵڵا لە ڕۆژی ڕوودانی تەقینەوەکە لە زانکۆی تاران خەریکی خوێندن بوو.

**ئا: دیاکۆ دانا**

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

گەلی قارەمان و تێکۆشەری کورد بەدرێژایی مێژوو بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی و چەوسانەوە بەربەرەکانی کردوە. مێژووی خوێناوی و پڕ حەماسەی نەتەوەکەمان پێمان دەڵێ کە ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد لە هیچ چەشنە فیداکاری و گیانبازییەک درێخییان نەکردوە چیا و پێدەشتەکانی نیشتمانی ئێمە، کوردستانی ئازی و قارەمانمان بەخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕەنگین بووە. دار و دەوەنی ئەم نیشتمانە بە خوێنی گیانبازان و فیداکارانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەرزی پاراو کراوە. کاراونی لەپسان نەهاتووێ شەهیدان بێ پسانەوە ڕۆژ بەرۆژ لە ڕێگادا بووە و هەروا درێژەی هەیە. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە کە لە هەگبەی "شۆڕش و شاخ"ی ئەمجارەدا ڕێز لە یاد و بیرەوەریی دەگرین، شەهید عەلی خزری ناسراو بە عەلی باساوێ لە ناوچەی سەردەشتە.

شەهید عەلی خزری ناسراو بە عەلی باساوێ ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی لە گوندی باساوێی ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و کورد خۆشەویست چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو لەبەر سەختیی ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکەی نەیتوانی بخوێنێ و ناچار بوو وێڕای باوکی و براکانی شن بداتە بەر کاری کەشاوەرزی و ئاژەڵداری.

ئەو ناوچەیەی عەلی تێیدا دەژیا هەمیشە مەڵبەندی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بووە و ناوی دێموکرات و قەڵافەتی پێشمەرگە و بیری کوردایەتی و خەبات بەشێک بووە لەو یادەوەریی خەڵکی ئەو ناوچەیە. عەلی دوای سەرکەوتنی ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوی خۆی وەک لایەنگری دەنوسێ و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک ڕادەگەیەنێ. ئەو دواجار لە ساڵی ١٣٦١ ڕوو دەکاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە هێزی شەهید موعینیدا چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکا و تێکۆشانی سیاسیی تەواووەختی خۆی دەست پێ دەکا.

عەلی زۆر زوو لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا خۆی نیشان دا و زۆر زوو توانی جێگای خۆی لەنێو دڵی کادر و پێشمەرگەکاندا بکاتەوە. ئەم ڕۆڵە قارەمانە لە شەڕەکانی نۆڕێ، مێکوکاوێ، پشت ماڵی کانیەزەرد، پەڕکانیان و مردوا و... ئازا و فیداکار دەردەکەوێ. ئەو بەهۆی فیداکاری و قارەمانەتی دوو جار لە مەیدانی شەر لەگەڵ دوژمندا بریندار دەبێ و هەموو جارێ پاش سارێژبونەوەی برینەکەی دەگەڕێتەوە سەنگەری بەرگری و لە پێشوو ئازاتر خۆی نیشان دەداتەوە. عەلی خەباتگێڕێکی خۆشەویست لەنێو خەڵک و پێشمەرگەیەکی بەوەج لە ڕیزی هاوسەنگەریدا بوو.

شەهید عەلی باساوێ ساڵی ٦٨ بوو بە سەرپەل و ساڵی ٦٩ بە فەرماندەری لکی ٣ی هێزی گیاڕەنگ دیاری کرا. عەلی لە بواری نیزامیدا شارەزایەکی زۆر باشی لەسەر فەننی شەڕ لەگەڵ دوژمن هەبوو، و پارتیزانێکی بەهەق لە مەیدان هاتبووە دەرێ. کوڕێکی هێدی و لەسەرەخۆ و بە نەزم و دیسپلین و لەگەڵ ئەوەشدا ئازا و نەترس و بێباک بوو، هەربۆیە هەموو هاوسەنگەرانی ڕێزیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست. ئەو دڵگەرمییەکی لە ڕادەبەدەری بە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو. بێجگە لە ئازایەتی لە شەڕدا، تایبەتمەندیەکی هەرە بەرزی عەلی ئەوە بوو کە خوێندن و نوسین لە شۆڕشدا فێر بوو، هەمیشە بۆ بردنەسەری پلەی زانیاریی خۆی بێپسانەوە هەوڵی دەدا و نووسراوەکان و بڵاوکراوەکانی حیزبی دەخوێندەوە؛ هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێئەسپێردراودا لە هیچ فیداکارییەک دەریخی نەدەکرد. سەبارەت بە ئازایەتی و جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرز و هەڵسووڕبوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵی بە ڕێبازی حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی زۆر زوو جێگای خۆی لە نێو خەڵکدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیانبازییەک بوو و لە بەڕێوەبردنی ئەرک و مەئموورییەتە حیزبییەکاندا ڕووسوور و جیددی بوو.

حەماسەخوڵقێنییەکانی عەلی باساوێ کەم نەبوون. گرتنی پایەگای زێوە، ئەحمەد بریو، جادەی سەردەشت- پیرانشار، دەشتی باساوێ، جادەی وەردێ، بنوخەڵەف و شەڕی گۆڕەشێر هەموو شاهیدی بۆ ئازایەتی و فیداکاریی فەرماندەی قارەمان شەهید عەلی باساوێ دەدەن.

ڕۆژی ٢٢ی گلاوێژی ساڵی١٣٦٩ ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات لە ناوچەی سەردەشتی سەرسەوز بە فەرماندەیی عەلی باساوێ هێرشیان کردە سەر گوردانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە گوندی وەردێ. پێشمەرگەکان پاش شەرێکی قارەمانانە توانییان دەست بەسەر گوردانەکەدا بگرن، بەڵام بەداخەوە لە گەرمەی شەڕ و گوللەی کۆنەپەرستان سینگی عەلیی قارەمان دەکەوێتە بەر فیشەکی دوژمن و گیانی شیرینی دەکرێتە قوربانیی ئازادی گەل و ئامانجەکانی حیزبەکەی.

شەهید عەلی تا دواهەناسە بە سەربەرزی ژیا و بە مردنی شکۆمەندیشی سەلماندی کە کوڕی حیزب و خاوەنی بیروباوەڕی خۆی و ئامانجی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەیە و ئامادەیە بۆ ئەو ئامانجانە لە هەموو شتێک و تەنانەت گیانیشی مایە دابنێ. بەمجۆرە هاوڕێ عەلی خزری ناسراو بە عەلی باساوێ شەهید بوو و چووە نێو کاروانی شەهیدانی سەربەرزی حیزب و گەل.

**(دەڕۆم و گیان لەسەر دەستم هەتا هەم**
**لە ڕێی گەلدا لەسەر هەستم هەتا هەم**

**دەڕۆم و گیان لە دوژمن بێ نیازە**
**دەڕۆم و سەر لەبۆ گەل پردە بازە**

**دەڕۆم و دڵنیابن هەر دەڕوخێ**
**قەڵای زاڵم بە خوێن و سەر دەڕوخێ)**

# حوکمی "عەداڵەت" لە بەرانبەر "جینایەت"دا


حەسەن حاتەمی

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی پووشپەڕ پێتەختی سوئێد، قازی تۆماس ساندر، سەرۆکی دادگای حەمیدی نووری (عەبباسی) لە پرێس کۆنفڕانسێکی دیجیتاڵیدا، حوکمی دوو جار زیندانی هەتا دوا تەمەنی ژیانی بەسەر ناوبراودا سەپاند.

ئەم پرۆسەیە سێ ساڵی خایاند. واتە دوای نزیک ٣ ساڵ گیرانی حەمیدی نووری لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ دا، هەتا ڕۆژی ٢٣ ی پووشپەڕ کە ئاکامی دادگا ڕاگەیەندرا، دادگاییەکی "عادڵانە" و " ئاشکرا"، لە ژووری ژمارە ٣٧ی نهۆمی دوویەمی دادگا، بە بەشداریی هەیئەت ڕەئیسەی قازییەکان، گرووپی دادستانەکان، چوار پارێزەری سکاڵاچییەکان و دوو پارێزەری تایبەت بۆ حەمیدی نووری بەڕێوە چوو. خۆی دادگاییەکە پتر لە ٩ مانگی کێشا و لە ٩٣ دانیشتندا ٤٦ کەس سکاڵاچی، ٢٦ کەس شایەتحاڵ و ١٢ کەس پسپۆڕ و کارناس بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا لینکی ئەلکترۆنیکی قسەیان لەسەر حەمیدی نووری و زیندانوانەکانی دیکە، بارودۆخی زیندان، شەڕی نێونەتەوەیی و دەروەستەکانی و ڕووداوەکانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکانی ساڵی ١٣٦٧ لە زیندانەکانی ئێڤین و گەوهەردەشت، قسەیان کرد. بەڵام دادگای نووری تەنیا سەبارەت بە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیەکانی گەوهەردەشتی کەرەج لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرماناندا بوو،.

حەمید عەبباسی "بە ناوی خوازراوی نووری" لە پاسدارێکی ئاسایی نیگابانڕا، بە هۆی جینایەتگەلی جۆراوجۆر، لە ئەشکەنجە و تەپەسەریی جەستەیی و دەروونییەوە هەتا گیانلێئەستاندنەکان لە زیندانی ئێڤیندا، پلەکەی بۆ جێگری "دادیار" و دواتر "دادیار" لە زیندانی گەوهەردەشت دا. حاشا و نکۆڵیی حەمید نووری لە جینایەتەکانی و پاراستن و نەدرکاندنی ناوی دەیان سەرکوتکار و تەپەسەرکار، لە ژوورە تاریک و گیانلێئەستاندەکاندا، و لە ژووری فیکریی چۆنیەتیی ئەزیەت و ئازاری زیندانییەکاندا، شاردنەوەی تەرمی ئێعدامییەکان، بێحورمەتی بە بنەماڵەکان دوای کوشتنی ڕۆڵەکانیان؛ بەپێچەوانەی ئەو هەموو بەڵگە مەحکەمەپەسند و شاهیدانە بوو، کە دادستانە بوێر و شارەزاکان، قسەیان لەسەر دەکرد. لە دوایین ڕۆژەکانی دادگادا، خانمی کریستینا لیندهۆف کارڵسۆن، لەلایەن گرووپی دادستانەکانەوە، "سزانامەی"ی حەمید نووریی بە تاوانی بەشداری لە "جنایەتی شەڕ" و "کوشتنی بەئەنقەست"، داوای پەسندکرانی زیندانیی تاهەتایی بۆ حەمیدی نووریی کرد.

هەیئەتی قازییەکان دوای تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی داوای ٤٠٠ لاپەڕەیی دادستانەکان، لە ١٨٠ لاپەڕەدا، کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان لە ئێران، لە بواری مێژوویی، سیاسی و قەزایی و خاڵ و بەڵگەکانی ئیسپاتی بەپێی شاهیدکان، کتێب و وتارە نووسراوەکان، بنەماڵەکانی زیندانیانی گیانلێئەستێندراو، پارێزەران و مامۆستایانی مافناس، پسپۆڕ و شارەزایانی زۆر گرینگ کە لە گەڕان بەدوای عەدالەتدا، دەبێ چ بکرێ؟ هۆی پەسندکرانی حوکمەکەی داواکاریی دادستانەکان، حەمیدی نووریی بە تاوانبار زانی و بڕیار وەک نووسرا: "دوو جار ئەبەد".

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چ لە ئێران و چ لە دەرەوە، بە تایبەتی لە سوئێد، زۆرترین ماوەی گیران و دادگاییکرانی حەمید نووری یا بێدەنگ و خەمسارد، یا خەریکی چەواشەکاری و پیلان بوون. بەڵام بەشی قەزایی سوئێد بەپێی سەلاحییەت و سەربەخۆیی خۆی، کە یەکێک لە مەرجە هەرە گرینگەکانی دێمۆکراسین، نەچووە ژێر باری هیچ تەبلیغاتێک و لە چوارچێوەی "بنەمای سەلاحییەتی قەزایی نێونەتەوەیی" (اصل صلاحیت دادگاه بین المللی)دا، دادگایەکی "عادڵانە"ی بەڕێوە برد؛ کە مافی بەرگریی زیاتر لە پێوەرەکانیشی دەدا بە تاوانبار نووری، جیاواز لە پارێزەرەکانی. دوو ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی حوکمی حەمید نووری گیتا هدینگ وایبری، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئێران ئینترناشناڵ و لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە وڵاتی سوئێد بۆچی بە میلیۆنها کرۆنی خەرج کردوە لەو دادگایەدا، و بەشداری خۆی لەو کەیسە پڕ کێشەیەدا؟ گوتی: ئەو کەیسە زۆر گرینگە و هەموو بەدوایەوە بوون. من وەک پارێزەرێکی سوئێدی شانازی دەکەم کە لەو پەروەندەیەدا بەشدار بووم. بۆ ئەوەی بە دونیا نیشان بدەین کە ئێمە لەسەر هەلومەرجی مرۆڤەکان لە وڵاتەکانی دیکەش هەستیارین و هاودەردییان لەگەڵ دەکەین. بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ لە تاوانی جینایەت ڕا بکات.

هەر ئەو تیڤییە لە زنجیرە دیمانەیەکدا، زۆر لایەنی تاریکی کە بەشێکی بنەماڵەی زیندانییەکان کە ژمارەیەکیان بۆ خۆشیان زیندانیی سیاسی بوون، ماوەیەکی کورت پێش ڕاگەیاندنی حوکمی نووری، ئەنجام دا. لەنێو ئەواندا، دوو خۆشک هەن ویدا و گیتا ڕوستەمعەلیپوورم کە برایەک و هاوژینی هەردووکیان ئێعدام کران. ویدا خانم لەو دیمانەیەدا کە وەک سکاڵاچییەک لە دادگا بوو، دەڵێ: پێم گوتن، براکەم و هاوژینەکەم لە زستانی ١٣٦٦وە، چاوپێکەوتنەکانیان لێ قەدەغە کرا. لە سەرماوەزی ١٣٦٧دا، لەجیاتی براکەم "سەعاتێکی دەستی" و لەجیاتی هاوژینەکەم "ئاڵەقەیەکی قامک"یان دامەوە!؟ لە حاڵێکدا، هەردووکیان ماوەی زیندانیبوونیان دیاری کرابوو و... . هەروەها، چەند خولەک پێش ڕاگەیاندنی حوکمی "ئەبەد"ی حەمید نووری خانمی مینا لبادی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "ئێران گلووباڵ"دا، گوتی: "هاوژینەکەم دوو ساڵی حوکم پێدرابوو، پێنج (٥) مانگی مابوو تەواو بێ، ئێعدامیان کرد و لاپەڕێکیان کاغەز دامێ و لێیان نووسی: عەلیی ئەسغەریی زەیغەمی بە نەخۆشی مردن لە ماڵێکدا، مرد!؟ نەخۆشیی فەوت چ نەخۆشییەک، من نازانم!؟ من مامەوە و سێ منداڵی ٥ ساڵ و نیو، ٢ ساڵ و نیو و یەک ساڵ و نیو، و دەرد و کوێرەوەرییەکانی ژیان و... ." دوای ڕاگەیاندنی حوکمەکەش، "عصمت وطنپرست" کە ١١ کەسی بنەماڵەکەی لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا، ئێعدام کراون گوتی: ئەگەر من نەمتوانی لە ئێران بۆ منداڵەکانم بگریم ئەمڕۆ لێرە [لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوئێد]، دەتوانم پێبکەنم.



ئەو حوکمە بە ناوی حەمید نوورییە، بەڵام ئەو پەروەندەیە پێویستە بەردەوام کراوە بێ. چونکە لانیکەم ١٨ کەس لەو بەشەی جینایەتەکەی گەوهەردەشت لە هاوین و پاییزی ١٣٦٧یان ئەنجام دا، تاوانبارن؛ بەتایبەتی "هەیئەتی مەرگ" کە بریتن بوون لە حوسێنعەلی نەییری؛ ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ئێستای ڕێژیم؛ عەلی خامنەیی، ڕێبەریی جینایەتکاری ڕێژیم؛ مستەفا پوورمحەممەدی و مورتەزا ئیشراقی و هاوکارەکانیان.

لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی حوکمی (ئەبەد) ی حەمید نووریدا، ڕێژیمی نگریسی ئیسلامی سیاسیی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی، لە چوارچێوەی پیلانە بەردەوامەکانیان بۆ خۆ دەربازکردن لە تاوانە دژی مرۆڤایەتییەکانی، و دەست ئاواڵابوونی لە درێژەپێدانی تێرۆر و ڕفاندنی ئۆپۆزیسیۆنی چالاک و کاریگەر یا لانیکەم لە کردەوە تێرۆریستییەکەی تەقینەوە لە کۆبوونەوەی بەرینی ئاشکرای ساڵانەی موجاهیدینی خەلق لە ڤیلپەنتی فەڕانسەدا، کە ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستی حوکمدراوی ٢٠ ساڵە و سێ هاوتێرۆریستی لە بلژیک، ژنێک (نەسیمە نعامی ١٥ ساڵ) و دوو پیاو (ئەمیر سەعدوونی ١٨ و مێهرداد عارفی ١٧ ساڵ)، کە دادگای پێداچوونەوەش حوکمەکانی پەسند کردوون، لە ساتوسەودایەک لەگەڵ دەوڵەتی بلژیک و هاوکاریی چەند وڵاتی دیکەی ئورووپایی، بە ناوی "ئەمنییەت و تەناهیی خۆیان"، لەبیری ئازادکرانی ئەو چوار تێرۆریستەی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندان.

ئەگە ئەم هەوڵەیان لە بلژیک سەرکەتوو بێ، کە هیوادارم وانەبێ، لە سوئێدیش هەوڵی جۆری پێویست لە داهاتوودا دەدەن بۆ نەجاتدانی لە زیندانیکرانی درێژماوەی حەمید نووری. هەروەها، سەروبەرکردنی ڕووداوی فڕۆکەی شیرکەتی ماهان لە ئارژانتیین و گیراوەکان بە پیلانەکانی بارمتەگریی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و سپای قودس، و سەرجەم ١٩ دەزگای سەرکوتکاری دیکەی ڕێژیم، هەڕەشەکردن و مەترسی خوڵقاندن بۆ "ئەمنییەتی جیهانی" دەبێ.

لە مێژووی پتر لە ٤٠ ساڵی پڕ لە کارەساتی کۆماری ئیسلامیی ئێڕاندا، ڕوونە کە لە هەر شوێنێک بۆ هەر کردەوەیەک، ڕاوستان لە بەرانبەری و بەرپەرچدانەوەی نەبێ، درێژە بە ئاکارە دزێوەکانی دەدا. بۆ وێنە دوای حوکمی دادگای موابیتی برلین، کە کارەساتی میکۆنۆسی بە ئەنجامی زۆر باش گەیاند؛ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئورووپایی باڵوێزەکانیان لە تاران کێشایەوە و گوشاری زۆر باشیان خستە سەر دەسەڵاتدرانی ڕێژیم و ناچاریان کردن بۆ ماوەی پتر لە دوو دەیە، لە چوارچێوەی یەکیەتیی ئورووپادا، تێرۆڕ ئەنجام نەدەن.

جاوید ڕەحمان، کە ڕێپۆرتەری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێرانە، پشتیوانیی لە حوکمی (ئەبەد)ی پەسندکراوی دادگای ناوچەی ٤ی ستۆکهۆڵم دەکا و دەڵێ: هیوادارم ئەو حوکمە یەکەمین هەنگاو بێ بۆ بەستێنی ڕاستیی تەواو، عەداڵەت و قەرەبووی تێچووی قوربانییەکان و بنەماکەکانیان و ڕەوایە کە داخوازی بۆ عەداڵەت بەهێز بێ. خاتوو میشل باشلە، کۆمیسێری بەرزی مافی مرۆڤیش لە تویتێکدا، نووسیی: وڵاتان دەبێ بە پشتیوانیی بنەڕەتی سەلاحییەتی قەزایی جیهانی، بۆشایی بەرایی بۆ وڵامدانەوە لە تاوانە جیدییەکان بۆ زەمانەتی حەقیقەت و عەداڵەت پڕ کەنەوە. زۆربەی کارناسان، لێکۆلەران، مافناسان و دادخوازانیش، حوکمی هەتا ماوەی ژیان (ئەبەد)ی حەمید نووری بە بڕیاری "عەداڵەت" بەرانبەر بە "جینایەت" یا "ڕاستی" لە بەرانبەر "درۆ"دا دادەنێن. بۆیە پێویستە وێڕای پیرۆزبایی لە گەلانی ئێران، بەتایبەتی "بزووتنەوەی دادخوازان"، "دایکانی خاوەران و بنەماڵەکانیان" و پتر لە ١٠٠ شوێنی شاردنەوەی تەرمە گیانلێئەستێندراوەکانی دیکەی نێوخۆی ئێران، کە کوردەکان چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ نیشتەجێ لە تاران و شارگەلی دیکە "پشکی شێریان وەبەرکەوتوە" کە تەرمی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ڕێی ئازادی و مافی ئینسانی و نەتەوەییان تێدا بزر کراوە، لە بنەماڵەی شەهیدان و نەمران، زیندانییە سیاسییەکان و هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بۆ گرتنی ئەو جەنایەتکارە هەوڵیان دا، سپاس بکەین.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە چاوەڕوانی لە بەشی قەزایی سوئێد ئەوەیە، بۆ درێژەدانی "عەداڵەت" لەبەرانبەر "جینایەت"دا، وەک: کارەساتی مێکۆنۆس، حوکمی تاوانی هاوکاران و بەرپرسانی سەرووتری حەمید نووری بەرپرسانی دەزگای قەزایی و ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەری نیزامی خوڵقێنەری کارەساتە جێی باسەکە، یانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانە سیاسییەکان لە ١٣٦٧دا، و سەرۆککۆماری ئەوکاتی عەلی خامنەیی (جێگری دوای ئا. خومەینی) لەگەڵ ١٧ کەسەکەی دیکە، کاری لەسەر بکرێ و بە ئەنجام بگەیەنرێ. پێویستە دەوڵەتی سوئێد سوور بێ لەسەر کورتکردنەوەی دەستەکانی تێرۆڕ و پڕ لە خوێن و جەنایەتی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسی لە ئێران، لە دەرەوەدا، نەک بە دواداچوونی سات و سەودا.

# وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی باشتر بۆ چاوترسێنکردنی ئێران هەیە

فارین ئەفەیرز – دێنیس ڕاس



و: کەماڵ حەسەنپوور

**(پەرەپێدانی ترسەکانی تاران، ڕەنگبێ تەنیا ڕێگا بۆ پێشگرتن بە جەنگ بێ)**

حەوتووی ڕابردوو، ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان بەکورتی دانوستانە ناڕاستەوخۆکانیان، بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، درێژە پێدا. بەپێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشوو لە ڤییەن، کە لە مانگی مارس ڕاگیران، ئەو کۆبوونەوەیە بە میوانداریی قەتەر و بێ بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی لایەنەکانی ڕێککەوتنە ڕەسەنەکە، واتە چین، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و بریتانیا، بەڕێوە چوو. ئەگەرچی وتووێژەکان بێئاکام بوون، نەفسی ڕێککەوتنی تاران و واشینگتۆن بۆ شێوازی نوێی دانوستان دەرخەری حەزی دوولایەنە بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکەیە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، حەزێکی بەهێزی بۆ گێڕانەوەی بەرنامەی ناوکی ئێران بۆ نێو سندوقەکە و خۆبواردن لە هەڵبژاردنی بژاردەیەک لەنێو لیستەی نەخوازراو بۆ پێشگرتن بە پیتاندنی یورانیۆم لەلایەن ئێران تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی و کورت کردنەوەی کاتی "تێپەڕین" [لە سنووری گەیشتن بە بۆمبی ناوکی. و.] تا نزیکەی سفر هەیە. بۆ ئێران، هاندەری سەرەکی هەڵگیرانی ئابلۆقەکانە، کە ئیزنی پێ دەدا نەوت بفرۆشێ و دەستی بە چەند میلیارد دۆلار لە ئەژماری سڕکراودا ڕابگات. سووککرانی زەختەکە بە تایبەتی ئێستا گرینگە، چونکە دەوڵەتی بێ پارەی ئێران ناچار بووە یارمەتییەکانی شیرەمەنی، هێلکە و گەنم کەم بکاتەوە و لە ئاکامدا بۆتە هۆی تووڕەیی و نارەزایەتیی بەربڵاو لە سەرانسەری وڵات.

گومان لەوە دانیە کە حەزی هاوبەش، زەمانەتی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ ناکەن، وەک چۆن بەرەوپێشنەچوونی دوایین وتوویژ ئەوەی ئاشکرا دەکات. تاران پێداگر بووە کە واشینگتۆن دەبێ سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوی تێرۆریستی بیانی بێنێتە دەر، ئەوە داوایەکە کە بایدن بە فەرمی ڕایگەیاندوە ئەو کارە ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، من پێموایە کاتێک دوولایەن ڕێکدەکەون، تەنانەت ئەگەر دوودڵی هەر لایەک بۆ دانپێدانان بە شتێکی زیاتر، ڕەنگبێ زۆرتر بەو مانایە بێ کە بۆ جێبەجێکردنەکەی، کات پێویستە. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە تاران و واشینگتۆن قەت نەتوانن جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن. یان تاران پێیوابێ کە واشینگتۆن لەژێر زەختی زیاتردا پاشەکشە دەکات، بۆیە بەرنامە ناوکییەکەی خێراتر بکات، ئۆرانیۆمی پێتێندراو تا ئاستی ٦٠ پلە بۆ چەند بۆمبی ناوکی تا ئاستی ٩٠ پلە (ئاستی پێویست بۆ بۆمبی ناوکی) بپیتێنێ و لە چەند شوێنی جیاواز کۆیان بکاتەوە و پێش بە دەستڕاگەیشتنی پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بگرێ، بە شێوەیەک کە دنیا نەزانێ خەریکی چییە.

شتێکی ئاشکرایە، بێتوو هیچ ڕێککەوتنێک نەکرێ، یان بێتوو ئێران دەست بە خێراترکردنی بەرنامە ناوکییەکەی، وەک بەشێک لە ستراتیژیی دانوستان بکات، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی نوێ بۆ چاوترسێنکردنی تاران دەبێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر دوولایەن ڕێک بکەون، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە باشترکردنی چاوترسێنکردنەکەی هەیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە کاتێک ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ هەڵگیرێن، ئێران هیچ حەزێکی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی دواتر، وەک ڕێککەوتنێکی "درێژمەوداتر و بەهێزتر"، کە پێشتر بەڕێوەبەرایەتی بایدن باسی کردووە، نابێ. بێجگە لەوە، سنوورە سەرەکییەکانی ڕێکەوتنی ٢٠١٥ لە ٢٠٣٠ ماوەیان بەسەر دەچێ، لە ئاکامدا هیچ سنوورێک بۆ قەبارەی ژێرخانی ناوکیی ئێران، ژمارە و چۆنیەتیی سانتریفیوژەکانی، یان ئاستی پیتاندن نامێنێ. بە واتایەکی دیکە، دەگەڵ دەستپێکی ٢٠٣٠، ئێران ڕەنگبێ هیچ هۆیەکی بۆ نەچوون بەرەو خاڵێک کە لەوێدا بتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆمبی ناوکی هەبێ، نەبێ.

ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە سامانی بەرچاو دەخاتە بەر دەستی ئێران. وەک چۆن ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات خوازیارن ئاماژەی پێبکەن، لە کاتێکدا ئێران لەژێر زەختی ئابلۆقان دایە، لێشاوی چەکوچۆڵی بەرەو میلیشیا کرێگیراوەکانی لە عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەن ناردوە، بیر بکەنەوە کاتێک ئەو ئابلۆقانە نەمینن، چ دەکەن؟

بۆ باشترکردنی چاوترسێنکردنی ئێران لە درێژخایەندا، واشینگتۆن دەبێ بە ئاشکرا ڕاگەیەنێ کە بێتوو تاران درێژە بەو ڕێبازە بدات، دەدۆڕێ و هەروەها ڕایگەیەنێت بێتوو ئێران ڕێچکەکەی بگۆڕێ، چ دەستکەوتێکی دەبێت. ئامانجەکە دەبێ ئەوە بێ کە ترسی ئێران لە هەنگاوی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان زیندوو بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕێگاچارەی سیاسی ڕەت بکرێتەوە. لە لایەکەوە، ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن کە درێژەدان بەو ڕێچکەیەی گرتوویانەتە بەر، مەترسی لەکیسچوونی سەرەجەم ژێرخانی ناوکی هەیە، کە ئەوان چەند دەیەیە خەریکی گەشە پێدانیی. لەلایەکی دیکەوە، ئەوان دەبێ تێبگەن کە بێتوو ئەوان دەست لە بژاردەی گەشەپێدانی چەکی ناوکی و زەخت خستنە سەر دراوسێکانیان هەڵگرن، بەرنامەی ئابلۆقەی بەربەرین، کە بە سنووردانانە کرداریەکانی بوونە هۆی دەبەزینی بازرگانی دەگەڵ ئێران، هەڵ دەگیرێن.

### جێگای گومان نییە

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە گەشەپێدانی ستراتیژییەکی کاریگەری چاوترسێنکردندا ناسەرکەوتوو بوو و، تا ئێرە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدنیش بە هەمان شێوە بووە. سیاسەتی "ئەوپەڕی زەختی" سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە پێشگرتن بە هێرشەکانی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدەست بەکرێگیراوەکانی، ئێران دژی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە، پاپۆڕەکان لە کەنداوی فارس و کەنداوی عوممان و ژێرخانی نەوتیی عەرەبستانی سعوودی، شکستی هێنا. تەنانەت کوشتنی قاسم سولەیمانیش، سەرۆکی سوپای قودسی ئێران، هێرشی بەکرێگیراوانی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان نەوەستاند، ئەگەرچی ڕەنگبێ بووبێتە هۆی سڵەمینەوەی ئێران لە کوشتنی ئەمریکاییان.

هەڵوێستی بایدن کاریگەرتر نەبووە. ئەو داوای ئێرانی بۆ وتوویژی ناڕاستەوخۆ قبووڵ کردوە، ئیزنی بە چین داوە نەوتی ئێران بێ سزادران بکڕێ و میلیشیا حوسییەکانی یەمەن، کە ئێران پشتگیرییان دەکات، لە لیستەی فەرمی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان هێناوەتە دەر. بەڵام، لەجیات بەخۆداچوونەوە، وێدەچێ ئێران بوێرتر بووبێ. لە کاتی سەرکۆماریی ئۆباما و ترامپدا، پیتاندنی ئۆرانیۆم تا پلەی ٢٠، سنووری نێوان پیتاندنی کەم و زۆر، وەک هەنگاوێکی وروژێنەرانە سەیر دەکرا. ئێستا ئێران نەتەنیا ئۆرانیۆم تا پلەی ٢٠ دەپیتێنێ، بێ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە بێ، بەڵکو بەرەو پیتاندن تا پلەی ٦٠ هەنگاوی ناوە، کە بەو مانایە هەست بە ترسێکی ئەوتۆ لە هەڵوێستی توندی وڵاتە یەکگرتووەکان ناکات و تا ئێستا هەر واش بووە. (کاربەدەستانی هەواڵگریی ئیسرائیل بە منیان گوت کە لە نێو ڕێژیمی ئێراندا لەسەر پیتاندن بە پلەی ٦٠، مشتومڕ هەیە، بەشێک لە کاربەدەستان پێیان وایە ئەوکارە مەترسیدارە. ئەوانەی هاندەری پیتاندن بە پلەی ٦٠ بوون بێگومان هەست دەکەن حەق بەوانە و تەنانەت دڵنیاتر بوون کە ئەمریکا بە هێز وەڵام ناداتەوە.)

بۆ چاوترسێنکردنی ئێران لە گەشەپێدان بە بەرنامە ناوکییەکەی و هەوڵدان بۆ سیاسەتی وێرانکەری ناوچەیی، واشینگتۆن پێویستی بە ستراتیژییەکی یەکگرتوو هەیە کە لەویدا کەڵک لە ئامرازی سیاسی، دیپلۆماتیک، ئابووری، هەواڵگریی، سایبەری و سەربازیی وەرگیرێت. ئەو بە هەمان شێوە پێویستە هەڵوێستەکەی نەتەنیا بە شێوەی تایبەت، بەڵکو بەگشتیش نیشان بدا. واشینگتۆن دەبێ ئێران ئاگادار بکاتەوە و، وای دابنێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش ئەو چاوەڕوانییەیان هەیە، کە بێتوو ئاشکرا بێ ئێران بەرەو چەکی ناوکی هەنگاو دەنێ، ئەمریکا بە هەموو ئامرازێکی شیاو وەڵام دەداتەوە. وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ٢٠١٥، ئێران بەڵێنی دا وەدوای وەدەستهێنان و گەشەپێدانی چەکی ناوکی نەکەوێ. چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا بەڵێنی داوە پێش بە بۆمبی ناوکی ئێرانی بگرێ، دەبێ ئێران ناچار بکات بەڵێنی خۆی بباتە سەر، بێ لەبەرچاو گرتنی سەرکەوتن یان شکستی ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ٢٠١٥. تەنیا گوتنی ئەوە کە کەڵک لە هەموو بژاردەکان وەردەگرین، لێدوانێکی هێندە سواوە کە کەس بە جیددی وەرناگرێ، وبەس نییە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەبێ بڵێ، بێتوو ئێران بەرەو چەکی ناوکی هەنگاو بنێ، سەرجەم ژێرخانی ناوکییەکەی دەخاتە مەترسییەوە. پێش ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستە بە فەرمی، بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ بە شێوەی تاکی هۆی ئەقڵانی ئەو هەڵوێستە بۆ هاوپەیمانانی خۆی شی بکاتەوە و پشتیوانیی ئەوان وەدەست بێنێ. کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەسەر پرسی ئێران هاوهەڵوێست بێ، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ئێران تێدەگەن کە تێچووی کۆماری ئیسلامی بەرز دەبێتەوە. بێجگە لەوە، تەریک خستنەوەی سیاسی ئێران گرینگە. ڕێبەرانی ئێران وڵاتی خۆیان وک کۆرەی باکوور سەیر ناکەن. لە ڕوانگەی خۆیانەوە، ئەوان میراتگری شارستانیەتێکی گەلێک مەزنن، نەوەک شانیشینییەکی پەراوێزخراو.

چونکە ڕێبەرانی ئێران گومانیان لە کەڵکوەرگرتنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێز بۆ پێشگرتن بە پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکییەکەیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە چەند هەنگاو هەیە تا سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکەی جێی باوەڕ بێ.

یەکەم، ئەو دەبێ ڕێنوێنی ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بکات تا مانۆڕان بەڕێوە بەرێ، هەم بۆ خۆی و هەروەها دەگەڵ هاوپەیمانانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ڕاهێنانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئامانجی پتەو بکات. دووهەم، ئەو دەبێ ڕاهێنانی گەیاندنی سووتەمەنی بە فڕۆکەی ئیسرائیلی لە ئاسمان بکات کە بۆ هەر هێرشێکی بەکردەوەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران پێویستە. ئەوەی نابێ بیکا ئەو کارەیە لە مانگی مای کردی: خۆی لە پڕکردنەوەی سووتەمەنیی فڕۆکەی ئیسرائیلی، لە کاتی ڕاهێنانی هاوبەشی هێرشی دووری ئاسمان بۆ زەوی، بوارد. واشینگتۆن پێویستە ترسی ئێرانییەکان لە هێرش پەرە پێ بدا، نەوەک بیانوو بداتە ڕێبەرانی ئەو وڵاتە پێیان وابێ ئەمریکا قەت کەڵک لە هێزی سەربازیی دژی ئەوان وەر ناگرێ.

لە کۆتاییدا، بۆ پتەوتر کردنی بڕوا بە سیاسەتی ڕاگەیەنراو، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ یارمەتی سەربازیی زیاتر بدات بە ئیسرائیل. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، ئیسرائیل پێویستی بە توانایی باشتری گەیاندنی سووتەمەنی لە ئاسمان هەیە تا بە شێوەیەکی بڕوا پێکراو و کاریگەر ژێرخانی



درێژە بۆ لاپەڕەی ١١

دارسمە

دەنووکی لە سمێن ناپارێزێ

## لێکدانەوەی
## دوو گۆرانیی "موبتەزەل"

جاری جاران واتە سەردەمی کەمولکێک کۆن، یانی سی چل ساڵ لەمەوبەر ئەم گۆرانییەی عەلی مەردان هیچ کێشەیەکی لێ نەدەکەوتەوە. سەردەمی عەلی مەردان وابوو، بەڵام ئێستێ ئەمجۆرە دەربڕینانە مەترسیدارن. زیان بە نیزامی موقدەس دەگەیەنن و هەرکەسێک دەق و ڕستەی ئەم گۆرانییە بە چپە و لەسەرخۆش بڵێتەوە، بە "زیددی ئینقلاب" و " دژبەری خوا" و "بۆگەنی سەرزەوی" واتە "موفیسدول فیل ئەرز" دەناسرێت.

ئەو عەلی مەردانەی لەنێو کوردان بە دەنگبێژ و هونەرمەند ناسراوە و ڕێزیشی لێدەگیرێت، ئێستا ئەگەر نەمردبایە، بە تۆمەتی گوتنی گۆرانیی "شەرمی پێناوێ پەچەکەت لادە"، وەک سەلمان ڕوشدی خەڵاتی سەری دیاری دەکرا و دەبوایە وەک دوژمنی خوا چاوەڕوانی ملپەڕاندن یان بەمل هەڵواسین بوایە. ئەگەر کەرکووکی جارانیش وەک ئێستە بوایە، ئەوە جەماعەتی بەرەی موقاوەمەت هەرامەیان لە فەللاقە دەدا.

ئەم عەلی مەردانە لە کاتی گوتنی گۆانیی پەچەکەت لادە، لە ڕادەبەدەر شووڵی لێ هەڵدەکێشیت. بەوەندە ناوەستێت داوا بکات تەنیا لە ماڵەوە پەچە لابدرێت. ئەو یەک بە گەووری بە خەڵکی کۆڵان و سەرجادە دەڵێت پەچەیان لابدەن:

**کۆڵان بە کۆڵان جادە بەجادە**
**نەشمیلەی چاومەست پەچەکەت لادە، پەچەت لادە**
**خۆمم بۆ سێدارەت کردوە ئامادە**
**شەرمی پێناوێ پەچەکەت لادە، پەچەت لادە**

پەچە لادان بە مانای لەبەرچاونەگرتنی حیجابە. زیاتر لە چل ساڵە کەسانی دژی شۆڕش هەوڵ دەدەن بە لادانی پەچە دژایەتیی پێکهاتەی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی بکەن. سەرەتا لایەنگرانی لادانی پەچە زۆر کەم بوون، بەڵام بە درێژایی ئەم ساڵانە لە زیادبوونن. ئێستا زیاتر لە نیوەی ژنان و پیاوان داوای لادانی پەچە لەسەر زۆر شت دەکەن.

پەچەلادان شتێکە گەورەپیاوانی بەساڵاچووی وەک پیرئەحمەد جەننەتی بە هیچ شێوە و شێوازێک پەسندی ناکەن. لە ماوەی نزیک بە نیوسەدە دەسەڵاتی ئاخوند و پیاوچاکان لە ئێران چاویان لەبەرانبەر خۆزەقکردنەوەی خانمان نووقاندوە و ئیزنیان داوە ژنان هەر چۆنێک پێیان خۆشە گۆڕان بەسەر ئەو جلوبەرگانە دابهێنن لەلایەن عولەمای ئەعلەمی نیزامی موقدەسەوە بۆیان دیاری کرابوون. وەک میناک خانمان دەتوانن مانتۆکانیان وا بدروون جیاوازیەکی کەمی لەگەڵ تیشێرت هەبێت و کەڵک وەرگرتن لە قوماشی ئیستریچ یان مەتات هیچ کێشەیەکی نییە و خانمان دەتوانن بۆ پێشاندانی ئەندامانی سەرنجڕاکێشی لەشیان چۆنی پێیان باش بێت جلکی بەریان ڕێکبخەن. بەڵام لادانی پەچە هێڵی سوورە و هەرکەسێک لە کۆڵان و لەسەر جادە پەچە لابدات، بە توندترین شێوە بە دەستی "ئامرانی بە مەعرووف و ناهیانی لە مونکەر" سزا دەدرێت. هەر کەسێک پەچە لابدات بە قژانی ڕادەکێشن  و بە شەپانی خەنی دەکەن. پەچەلادان تەنیا پێشاندانی لەش و لاری ژنان نییە و لێفەهەڵدانەوە لەسەر هەتیوانە.

خاتوونی بەڕێزا! تۆ دەتوانی مانتۆی پێش ئاوەڵا بکەیە بەر و شەڵواری تەنکی نەتەنگیش هیچ کێشەیەک نانێتەوە. ئەودەم فێنکایی و سیلەچاوی جوانیپەسەندی "برادەرانی موعەمەم"یش لە هەموو لەشت دەگەڕێت و بە دیتنی لەشولارت هەر حەفتا و دو حوورییەکەی خۆیان دێتە بەرچاو و بە تۆیان دەشوبهێنن؛ بەڵام پەچەلادان نا.

پەچەلادان بڤەیە و کێشە تەنیا پەچەلادان لەسەر قژ و ڕوخساری ژنان نییە. پەچەلادان تەنیا بابەتی ژنانە نییە بۆ زۆر شوێنی دیکە تەشەنە دەکات. ئەگەر پەچەلادانی ژنان لەسەر شەقام و لە نێو ئوتووبووس و میترۆ و تاکسی و ئیدارەجاتان شڵەی بدرێتێ. ئەم پەچەلادانە پەل داوێتە زۆر شوێنی هەستیاری دیکەش. دەنا خوای لە ژووری سەر ئاگادارە، ئەگەر پەچەلادان تەنیا بە دەرخستنی قژی خانمان و لادانی لەچکە کەسکە تەسکەکەت کۆتایی هاتبایە، هیچ کەس ئەوەندەی ماموستا و قوتابیانی قوم تاران و مەشهەدی پیرۆز حەزی لە دیتنی لەش و لاری ژنان نییە. خواوەندی داهێنەری ئێمە و هەموو کائینات ژن و پیاویانی بە ڕووتی ئافراندوە. خۆ دەکرێ بڵێین خۆداپۆشین دەست لە کاری خوا وەردانە و گوناهیشە.

جگە لەمانەش ژن وەک خزمەتکاری پیاو هەتا ڕوحسووک و جوان و لەبەردڵان بێت و جوانییەکەی بەرچاوتربیت، باشترە. ئەگەر لادانی پەچە کێشەی درووست نەکردبا، چ قەیدی بوو با خەڵک هەر بە ڕووتی کۆڵان بە کۆڵان و جادە بە جادە سووڕابانەوە.

ئەوەتا هەر لەم ئاخر و ئۆخرانەدا، لەکاتێکدا ژنان لادانی پەچە و فڕێدانی لەچکەیان دەست پێکردوە، پیاوی وەک مستەفا تاجزادە، ئەو مستەفایەی هەتا ئێستا هەر خزمەتکاری نیزامی موقەدست بووە، دەستی بە پەچەلادان کرد و تەنانەت خەریک بوو پەچەی لەسەر کاروکرداری ئەوانی سەر سەرەوەش هەڵدەدایەوە. ئەگەر ڕاپێچی زیندانیان نەکردبایە، ئێستا پەچەیەکی زۆری لادابوو.

هەر دوور نەچین دوو ڕۆژ لەمەوبەر موحسنی هاشمی، کوڕی عەلیئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی کەمێک پەچەی لەسەر بارودۆخی وڵات هەڵدایەوە. دیارە ئەویش پەندی لە خنکاندی باوکی لە گۆلی مەلەکردندا وەرنەگرتوە و خەریکە بە هەڵدانەوەی پەچە لەسەر ئاکاری ڕێبەری موعەززەمی ئینقلاب تاوانی گرانی و برسیەتی و بەکوشتدانی خەڵک و توندیوتیژی دژ بە ژنان و بێکاری و هەموو ئەوشتانە دەخاتە ئەستۆی ڕێبەری مەزنی وڵات. ئەوە نییە فائیزەی خوشکیشی هەر لەچکی سەری توند دەکا و بە چادرەی ڕەش هەموو لەشی دادەپۆشێت و پەچەش لەسەر سیاسەت و میاسەت هەڵدەداتەوە؟

هەتا ئێستا دەقی گۆرانی "پەچەکەت لادە"ی عەلی مەردان زۆر بیری لێ نەکراوەتەوە و وەک "بەلەنجە بەلەنجە"ی ناسر ڕەزازییش ڕاستەوخۆ دژایەتیی عەبا و مەبای نەکردوە، ڕەزازی ئاوی لە ئاوەڕیە دەرکردووە و هەر بەئاشکرا دەڵێت:

**ئای بەلەنجە بەلەنجە، بەلەنجــە هیچ نەماوە**
**هەموویی ون بوو بزر بوو، بە دەست حوکمی مەلاوە**
**هەموویی ون بوو بزر بوو، لە ژێر هەوری عــەباوە**

## ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست:

# پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەکەین



کۆبوونەوەی ساڵانەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی پووشپەڕ (٧ و ٨ی جولای ٢٠٢٢) شاری لە ژنێڤ لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە سەرپەرستیی شاندی حیزبی دەکرد، پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی خوێندەوە.

"کارکردن بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر ئامانج و بنەماو ڕێسا هاوبەشەکان"، "بەهێزکردنی دێموکراسی و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکان"، "چارەسەرکردنی قەیرانە جیهانییەکان–پەتا، گۆڕانی کەشوهەوا، ئابووری، کۆچ و پەنابەران"، "پەسەندکردنی بڕیارنامە و بەیاننامەکانی شوڕا" و "پلان بۆ کار و چالاکییەکانی داهاتوو" لەگەڵ چەند بابەتی ڕێکخراوەیی تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بوون.

لە ڕۆژی یەکەمی کاری کۆبوونەوەکەدا جۆرج پاپاندریۆف، سەرۆکی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، لویس ئەیالا، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە، و پێدرۆ سانچز سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا و سکرتێری گشتیی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی ئەو وڵاتە وتاریان پێشکێش کرد و گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕا و بۆچوونیان لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێس ئای و بەهێزتر کردنی زیاتری ئەم ڕێکخراوەیە لە داهاتوودا، پێشکەش کرد. پاشان لە بڕگەکانی دواتردا چەندین وتاری دیکە پێشکەش کران کە یەک لەوان وتاری بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. وتاری سکرتێری گشتیی حیزب هەروەک لە سەرەتادا باس کرا لەلایەن مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیست خوێندرایەوە.

شاندی حیزب لە پەراوێزی کارەکانی کۆبوونەوەکەشدا توانی لەگەڵ سەرۆک و سکرتێری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، سکرتێری گشتیی حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست و سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا، سکرتێری ژنان و لاوانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و هەروەها هەیئەتەکانی دیکەی حیزبەکانی بەشدار دیدار و چاوپێکەوتنی هەبێ. هەروەها لەو کۆبونەوە و چاوپێکەوتنانەدا وێرای پێشکەش‌کردنی وتاری سکرتێری حیزب، چەندین دێکیۆمێنتی سیاسی، ڕاپۆرتەکانی چاونیوز و ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ پرسەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران، نامیلکەی موشەکبارانی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بگەیەنێتە شاندەکانی بەرانبەر و لە ستاندی حیزبیشدا بیانخاتە بەر دەستی ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە.

لەو کۆبوونەوەیەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا حیزبە کوردییەکانی بەشدار لەبارەی بە هێزکردنی گرووپی کاری کوردان لە ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست وێڕای باس و دیاریکردنی کۆمەڵێک ڕێوشوینی نوێ بڕیاریان دا کە بەپێی هەلسەنگاندنی وەزعی ئێستای چوار پارچەی کوردستان، هەرکام بەجیا بڕیارنامەیەک ئامادە بکەن و بیدەن بە هەیئەتی بەڕێوبەریی ئێس ئای. لە دوابڕگەی کاری کۆبوونەوەکەشدا کە بۆ هەڵسەنگاندن و پەسندکردنی بڕیانامەکان تەرخان کرابوو، بڕیارنامەی پێوەندیدار بە کوردستانی ئێران پەسند کرا. ئەو بڕیارنامەیە دەڵێ:

"ئێمە پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوەی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەکەین. بە باوەری ئێمە باشترین ڕێگە بۆ تێپەڕین لە نەزۆکهێشتنەوەی هەڕەشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە، پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە مەدەنییەکانی خەڵکە بۆ گەیشتن بە مافە مرۆیی و دێموکراتیکەکانیان و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێران کە لە ئاستی نێوخۆییدا لەلایەن خەڵکی فرەنەتەوەی ئەو وڵاتەوە شەرعییەت و ڕەوایی درابێتێ و، هاوکات لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا حکومەتێکی پابەند بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و هاوبەشێکی متمانە پێکراو بێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی."

هەر لەو کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا، لیژنەی ڕێبەریی شوڕا ڕەزامەندیی خۆی بۆ کاراکردنەوەی لیژنەی گرووپی کاری کوردان و هەروەها گرتنی کۆبوونەوەیەک بۆ ئەم مەبەستە و گرنگیپێدان بە پرسی کورد لە داهاتوودا دەربری.

لە دوابەشی کاری کۆبوونەوەدا بڕیار درا کە بیستوپێنجەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە نۆڤامبری ساڵی ٢٠٢٢دا لە مادرید، پێتەختی وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوە بچێت.

شایانی باسە کە شاندێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سویس پێکهاتوو لە زاهیر قادرحاجی، بەرپرسی کۆمیتە؛ عەلی خزرنیا، بەرپرسی تشکیلات و هێژا نێعمانی بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمیتەی حیزب کە وڵاتی سویس هاوڕێیەتی مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەیان کردبوو.

## مەولوود سوارە: پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب کاریگەریی بنەڕەتیی لەسەر بڕیارنامەی ئێس ئای هەبوو

***"کوردستان بۆ باسی زیاتر لەسەر تازەترین کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و چەندیوچۆنیی ڕەنگدانەوەی پرسە سیاسی و ڕۆژەڤەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دیمانەیەکی کورتی لەگەڵ مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست پێکهێناوە:***




**کاردانەوەکان بە پەیامەکەی سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا لەلایەن بەشدارانەوە چی بوو؟**

لەگەل ئەوەی مێژووی ناسین و ئاشنابوونی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بە جوولانەوەی کورد و مێژوویی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کە دوانەی لێکدانەبراون، دەگەرێتەوە بۆ یەکەم بەشداریی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٥ لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست (لیما–پێروو) ، بەڵام هەرکات ناو و پەیامی حیزبی دێموکرات لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێس ئای دێتە ئاراوە؛ بەشداربووان بەو پەری سەرنجەوە گوێبیسی پەیام و لێدوانەکانی حیزبی دێموکرات دەبن. ئەمجارەش پەیامەکەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی سەرنجی بەشداربووانی وەک هەمیشە بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەشداربووان دەگەل ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر بەدواداچوون بۆ باسەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەراست بە گشتی و پرسی کورد بە تایبەتی دەکەن، بەلام چوونکە ئێمە لە ناخی باسەکاندا هەین و ڕۆژانە دەگەڵ کێشەکانی کورد هەڵسوکەوت دەکەین، بە دڵنیاییەوە پەیام و باس و دێبەتیی ئێمەیان پی سرنجڕاکێشە. پەیامی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چەند تەوەری لەخۆی دەگرت کە هەمووی ئەوانە بەلای بەشدارانی کۆبوونەوەکە گرینگ بوو، وەک کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی لە ناوچە و دونیا، موشەکبارانی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی وەک دەستدرێژیی بەئاشکرا بۆ سەر خاک و وڵاتێکی دی، پرسی کارنامەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بە وەبیرهێنانەوەی تیرۆری دوو ڕێبەری حیزبەکەمان و ساڵوەگەری هەردوو ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتۆر سەعید. بەدوای ئەوانەشدا پرسی گۆڕینی کۆماری ئیسلامی بە حکومەتێکی دێموکرات و فرەنەتەوەیی و لەو بەشەدا پیویستیی پشتیوانی لە خۆپێشاندەران و داوا ڕەواکانیان.

کە سەیری بڕیارنامەی کۆبوونەوەی ئێس ئای لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا دەکەین، دەبینین کاکڵەی باسەکەی کاک خالید و تەنانەت لەجێیەکدا هەر تەواو دەقی پەیامەکەی سکرتێری گشتیی حیزبەکەمانە. ئەوەش دەریدەخا کە ئەو پەیامە هەم جێگای خۆی گرتوە و هەم بەدەنگەوەهاتن و کاردانەوەیەکی باشیشی بووە.

**لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی لە پەراوێزی کاری کۆبوونەوەکەدا بووتانە، بایەخ بە چی دراوە و چیتان باس کردوە؟**

کۆبونەوەکانی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەداخەوە لەبەر پەتای کڕۆنا دوا خرابوون و دوای زیاتر لە دوو ساڵ ئەمە یەکەم کۆبونەوەی حزووری بوو، لەم کۆبونەوەیەدا باس و خواستەکان و دیدار چاوپێکەوتنەکان گەرموگوڕی زیاتریان هەبوو و ئێمەش لەو دەرفەتەدا جیا لە دیدار تازە کردنەوە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار، ئەوانمان لە دواگۆڕانکارییەکانی کوردستان، ئێران و دۆخی جوولانەوەی سیاسیی کورد و ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکانی وڵات ئاگادار دەکردەوە.

پرسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەهۆی کۆماری ئیسلامی، ڕەشبگیر و کوشتنەکان و ڕوونکردنەوە لەسەر سیاسەت و ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێکی دیکە لە نێوەرۆکی باسەکانمان لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە بوو کە دەماندیتن. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە نامیلکە و ڕاگەیندراوەکانی حیزبیمان گەیاندە دەستی بەشداربووان و لە کاتی پرسیار و ڕوونکردنەوەی پێویستدا بەشداریی چالاکمان هەبوو.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە تەوەرێکی دیکەی باسی و یەکتردیتنەکان لەسەر داهاتووی ئێس ئای و گرتنی کۆنگرە لە مانگی نوامبری ئەمساڵ و هەروەها کارا کردنی گرووپی کاری کوردان بوو کە ئەویش لە داهاتوودا و بە هاوکاریی حیزبە کوردەکانی ئەندام کاری زیاتری بۆ دەکرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەندامی سەرەکیی ڕێکخراوەی ئێس‌ئایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە پرسی کورد لە ئێران، پرسی مافەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران، پرسە سەرەکییەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەمتر لە بڕیار و بڵاوکراوەکانی ئێس ئایدا ڕەنگ دەداتەوە؟ بۆ؟**

من لەگەڵ ئەوە نیم کە بڵێین ڕەنگدانەوەی نەبووە، دەکرێ بڵێین ڕەنگدانەوەی لە ئاستی نووسین و بەیاننامەدا هەبووە، بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەو جۆرەی ئێمە چاوەڕوانیمان هەیە کاریگەریی نەبووە. ئێمە نابی ئەوە لەبیر بکەین کە بەشی هەرە زۆری حیزب و لایەنەکانی ئەندام لە ئێس ئای ئەو حیزبانەن کە یان لە دەوڵەتدان یان حیزبێکی ناسراو و دەسەڵاتدارن لە وڵاتی خۆیان و خاوەن وڵات و دەولەتی خۆیان بە تایبەتمەندی و بەرژەوەندیی خۆیانن. لێرەدا ڕەنگبێ ئەمجۆرەی ئێمە دەخوازین و ئارەزوو دەکەین ئەوان ئەم دەست و باڵ کراوەییەیان نەبێت وەک حیزب بەتەنیا و بەوەخت کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت، بەڵام لە ئاستی ئێس ئای هەر وەک زۆربەی ئەنیستیتوو و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەک پارلمانی ئورووپا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ کات لە ئاستی پیشلکردنی مافی مرڕۆڤ و بگرە لە زۆر بارەوە لە زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە زیاتر بە هانای کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتوون.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە هەموو کۆبونەوە و کۆنگرەکانی شوڕای ئێنترناسیۆنال سۆسیالیستدا کە لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان وتار و قسە لەلایەن نەفەری یەکەم یا نوێنەری حیزبەکان لە ئێس ئای پێشکەش کراوە، دوای هەموو کۆبونەوەکان قەتعنامە لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان پەسەند کراوە. ئەگەر بەڕوونی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بمەوێ نموونە بێنمەوە پەیام بۆ کۆنگرەکانی حیزب، ساڵیادی ڕێبەرانی تێرۆرکراو، دوکتور قاسملو، دوکتور سەعید، هێرشی موشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر بارەگای حیزبی دێموکرات و... هەمووی ئەوانەدا ئێس ئای زۆر بەڕوونی هەڵوێستی خۆیان و لەسەر سایتی ڕەسمیی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە.

وەک چۆن لە ڕاپۆرتی بەشدارییەکەی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا هاتبوو، کۆبوونەوەکە لە دوابەشی کارەکانی خۆیدا کۆمەڵە بڕیارنامەیەکی پەسند کرا کە بەشێکی پێوەندیی بە ئێران و بە دۆزی ئێمەوە بوو. وەک پشتیوانیکردن لە ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوەی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی، داکۆکی لە بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە مەدەنییەکانی خەڵک بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە مافە مرۆیی و دێموکراتیکەکانیان.

**پێتان وانییە کە گرووپی کاری کوردان لەو ڕێکخراوەیەدا پاسیڤە؟**

بەهاتنی پەتای کڕۆنا کار و چالاکیەکانی ئەم گرووپەش وەک چالاکیە دیپلۆماسییەکانمان بە گشتی ڕاگیرا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبووە کە گرووپی کاری کوردان هیچ چالاکییەکی نەبووە لە ماوەی ڕابردوودا. ئێمە لەو ماوەیەدا توانیومان کۆبونەوەیەکی ئانلاین بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب و لایەنە کوردییەکانی دیکە پێک بێنین. هەر لەم کۆبونەوەیەشدا بڕیار لە سەر کاراکردنەوە و گرتنی کۆبونەوەیەکی حزووری ئەم گرووپە درا کە بە خۆشییەوە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئەمجارەی ئێس ئای ئەم کۆبونەوە حزوورییەی گرووپی کوردان ڕێک خرا.

کوردستان
ژمارە: ٨٢٧
٣١ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

# ئەمن و چیرۆکی دیوارەکان



ڕەزا دانشجوو

...لە کۆتاییدا بە هەوڵێکی زۆر توانیمان فلْچەیەک و هەندێک بۆیاخ بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین ناوی یانەی تۆپی پێیەکەمان لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کۆڵانەکە بنووسین. خولیایەکی سەیرمان هەبوو، بۆ ئەو منداڵانەی کە لەگەڵ دەنگی فیشەک و بۆنی خۆێن گەورە ببوون. تۆپی پێ تامێکی جیاوازی هەبوو، هەروەها جۆرێک لە خۆپیشاندان بوو لە نێوان گەورەکاندا، بەڵام سەختترین بەشی چیرۆکەکە هێشتا مابوو، دۆزینەوەی شوێنێکی چۆڵ لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کوچەکە بۆ نووسینی تەنیا چەند وشەیەک. دیوارەکان جێیەکی ساغیان پێوە نەمابوو. جێی فیشەک لە هەموو شوێنێک بوو، تەنانەت لەسەر دەرگاکانیش. دەکرا وانەیەکی زانستی چەک لێرە بەڕێوە بچێ، لە فیشەکی "کلاشینکۆف" و "بی کەی سی"یەوە دوە تا پاشماوەی "قەناسە" و...

ئەم شوێنانەش کە لە هێرشی فیشەک ڕزگاریان ببوو، پڕبوون لە نووسراوە و دروشمی ڕەنگاوڕەنگ. تریبونێک لە بیروڕای جیاواز. لە چەپی ڕادیکاڵەوە تا لاوانی موسڵمان، تودە، دێموکرات، کومەڵە و هتد. بەشێک لە دروشمەکان لەلایەن حکومەتەوە بە بۆیەی سپی داپۆشرابوون و دروشمێکی نوێیان لەسەر نووسرابوو، بەڵام دواتر بە هۆی باران و تێپەڕبوونی کات دروشمە کاڵبووەکەی ئاشکرا ببوو. ڕێژەی دروشمەکان ئەوەندە زۆر بوو کە حکومەت کاتی سڕینەوەی هەموویانی نەبوو. بۆیە لەم دواییانەدا تەنیا ئەو دروشمانەیان دەسڕیەوە کە تازە نووسرابوون. دیمەنێکی زۆر سەیر بوو، لە هەندێک شوێن کە حکومەت گرنگی بە سڕینەوەیان نەدابوو، ئەوجار فیشەک لەنێو دروشمەکان درابوو و، بۆشاییەکی لە نێوان وشەکاندا سازکردبوو. ئەم دیوارانە باشترین شاهیدن کە ئاکامی گفتوگۆ و دیالۆگ لەم ڕێژیمەدا هەر لە سەرەتای سەقامگیربوونی تا ئەمرۆ، یان سڕینەوەیە یان فیشەک!

گۆشەی کۆڵانەکە پێشتر ماڵی شەهید "سولێمان موعەینی" بوو، کە چەند ساڵێک بوو لەم گەڕەکە نەمابوون. سەیر لەوەدا بوو کە پشکی دیوارەکانی ئەم ماڵە لە فیشەک زۆر زیاتر لە ماڵەکانی‌تر بوو، هەروەها لە دروشمەکانی"بژی دێموکرات" هەتا "بژی ڕێگای کرێکار". لەسەر تیر چرابەرقی تەنیشت ماڵەکە وێنەی پیاوێک بە جلی کوردییەوە بوو. بینای ڕووبەڕووی چیرۆکێکی تەواو جیاوازی هەبوو. نهۆمی دووهەمی شێوەیەکی سەیری هەبوو. پێش یەکێک لە پەنجەرەکانی دواتر بە خشت گیرابوو، دیاربوو کە ئەم خانووە نۆژەن کراوەتەوە.

لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی 57 دا بڕیار بوو یەکێک لە ئەندامانی گرووپی "لاوانی موسڵمان" بۆمبێک لە کۆبوونەوەیەکی یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکاندا بتەقێنێتەوە. بۆمبەکە بەر لە کاتی بەڵێندراو لە ماڵەکەدا تەقییەوە و لەبری خەڵکی بێتاوان ئەم کەسە خۆی تێداچوو. دیوارەکانی ئەم ماڵە کۆمەڵێک دروشمی جیاوازیان لەسەر بوو. زۆرێک لە دروشمەکان لەلایەن حکومەتەوە شێوێندرابوون، چەند گەڕەکێک لە خوارەوە ماڵی خوالێخۆشبوو "غەنی بلووریان" بوو، خانوویەکی جیاواز و لوکس‌تر لە خانووەکانی‌تر. لەو ڕۆژانەدا کە هەموو خانووەکان وەک یەک بوون، شێوە و سیمای ئەم خانوویە زۆر تایبەت بوو بۆ من. دەیانگوت لەلایەن ڕێژیمەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام خێزانەکەی هێشتا لەوێ دەژیان. دیوارەکانی ئەم ماڵە چیرۆکی تایبەتیی خۆی هەبوو، هەرچەندە درێژایی دیوارەکە کورت بوو، بەڵام پڕ بوو لە دروشمی جیاواز. ئەم چەند میتر دیوارە بە تەواو مانا کتێبێک بوو. لەم چەند دروشمە سادەیەڕا دەتوانرا زۆر شت تێبگەی، لە پیلانگێڕیی حیزبی تودە کە بووە هۆی لێکترازانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات تا دەگاتە کاردانەوەکانی خەڵکی ئاسایی بەرامبەربەم ڕووداوە. دەکرێ هەر ئا لەو دیوارەدا ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٣٥٧دا بکرێت.

لێرەدا شوێنەواری زۆر کەس دەبینرێت، لە "پیکار" تا دەگاتە "فدائیان خلق" بە کەمینە و زۆرینە. ئەو میوانانەی کە دواتر بوونە دۆستی دوژمن و شەرەفی خانەخوێیان نەپاراست، ئەم دیوارانە و خاوەنی ئەو دیوارانە تاکە یارمەتیدەریان بوون، لە ڕۆژانێکدا کە هیچ شوێنێکیان بۆ ژیان نەبوو، بەڵام دواتر حاشایان لە هەموویان کرد. ئەوانەی کاغەز و ئامێری چاپکردنیان لە خاوەن خانووەکە وەرگرت و دواتر لەسەر هەر ئەم کاغەزانە لە دژیان دەنووسی.

ئەمانە ئەو وێنانە بوون کە ڕۆژانە لە بەردەم چاومدا دەهاتن، ماوەیەک بوو کە شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێو شارەکاندا لە کزی دابوو، و گواستراوبۆوە بۆ دەرەوەی شارەکان. پێشتر خەڵک بە دەنگی تەقە و تۆپ لە خەو هەڵدەستان و بە دیتنی دیمەنی کۆکردنەوەی تەرمە بەجێماوەکانی شەوی ڕابردوو و شۆردن و پاککردنی شوێنەواری خوێنی وشک و ڕەقهەڵاتوو بە شەقامەکانەوە کۆتاییان بە ڕۆژەکەیان دەهێنا. ژیان لە شوێنێکی وادا بەبێ ئەوەی خۆت هەست بکەی یان بتەوێ هانت دەدا بەرەو سیاسەت مل پێوەنێی. هەندێک جار مرۆڤ ناچار دەبێت ئەو شتانە ببیسێت و ببینێت کە خۆی هەڵی نەبژاردوە. نە من و نە هاوڕێکانم و نە هیچ یەک لە دانیشتووانی ئەم کۆڵانە هیچکات نەماندەویست "خوێن برژێ" یان "بۆنی کەلاکی کۆن" بکەین یان دەنا گوێبیستی دەنگی هاژەی فیشەک بن.




بەڵام ناچار بە بیستن و دیتنی هەرهەموویان بووین... .

بە هەوڵێکی زۆر توانیمان شوێنێکی ساغ لەسەر یەکێک لە دیوارەکان بدۆزینەوە. خانوویەکی کۆن بە دیوارێکی قوڕە سواغەوە، درێژایی دیوارەکە زۆر کورت بوو؛ ئەم جۆرە خانووانە لە کاتی تەقە و شەڕدا زۆر پڕبایەخ بوون، دەگوترا ئەو خانووانەی کە "ڕووبەری سەر کۆڵانە"کەی بچووکە لە خانووەکانی تر سەلامەتترن، بەپێچەوانەوە ئەمرۆ هەرچی "ڕووبەری سەر کۆڵان" گەورەتر بێت، خانووەکە زیاتر پەسندی خەڵکە. لەسەر دیوارەکە هیچ دروشمێک نەبوو، ڕەنگە لەبەر ئەوەی دیوارەکە لە قوڕ دروست کرابوو یان ئەوەی کە دیوارەکە زۆر کورت بوو، تەنیا لە سەرووی دەرگا دارەکەی ماڵەکەوە، لە تەنیشت هەندێک کاشیی ڕەنگاوڕەنگەوە کە ناوی "الله"ی لەسەر نووسرابوو، وێنەی هەمان پیاو بە جلوبەرگی کوردییەوە دیاربوو. پێشتر گوتم کە ئەم وێنەیەم لە چەند شوێنێکی‌تری کۆڵانەکەمان بینیوە، بەهەر حاڵ توانیمان خاوەن ماڵەکە ڕازی بکەین؛ تەنها یەک مەرجی هەبوو، دەبا لە کاتی نوسینی ناوی یانەکەمان ئاگاداری بۆیاخ نەکردنی دەرگای ماڵەکە و وێنەی سەر دیوارەکە بین.

ناوی یانەکەمان نا "هیوا". درەنگانێکی ئێوارێ ماندوو و شەکەت بەڵام دڵخۆش لە بەئاکامگەیشتنی پلانەکەمان چوومەوە ماڵێ. لە هاویندا کە زۆربەی کاتمان لە کۆڵان بەسەر دەبرد، بە دەگمەن دەگەڕاینەوە ماڵەوە، برسێتی و تینوێتی تاکە شت بوو کە ناچارمانی دەکرد سەردانی ماڵێ بکەین. لە سووچی حەوشەکەدا باوکم وەک هەمیشە گوێی لە ڕادیۆ گرتبوو، ئەمە کاری هەموو ڕۆژیی بوو، ئەنتێنە گەورەکەی ڕادیۆکە و دارەکەی نێوەڕاستی حەوشەکە ڕێگریان دەکرد کە ڕووخساری باوکم بەباشی ببینم، بەڵام بەڕوونی گوێم لە گریانەکەی دەبوو. لە نێوەڕاستی حەوشەکەدا شێرەی ئاوەکەم کردەوە و دەستم کرد بە ئاو خواردنەوە؛ تینوێتیم کە شکا، چاوەکانم کرانەوە، ئێتر ئێستا بەباشی دەمتوانی باوکم ببینم. فرمێسک بە چاوەکانیەوە و ڕادیۆ بەدەستەوە. چی دەتوانێت ئەوەندە دڵتەزێن بێت بۆ پیاوێک کە لە بەردەم شێرپەنجەدا کۆڵی نەدا و ساڵانێک بوو لەگەڵ بارودۆخی سەختی نەخۆشی و ئازاردا شەڕی دەکرد؟ بێ ئەوەی شێرەی ئاوەکە بگرمەوە، چوومە لای دایکم، ئەویش دەگریا. بەئارامی فرمێسکەکانی سڕینەوە و لە باوەشی گرتم. پرسیم چی ڕووی داوە؟ دەستێکی بە سەرمدا کێشا و ئارام وەڵامی دایەوە: باوکت ئەڵێ: دکتۆر قاسملویان کوشتوە!

لەسەرەخۆ گەڕامەوە حەوشە و شێرەکەم گرتەوە.

بێ‌ئەوەی هیچ بڵێم، چوومەوە بۆ کۆڵان. هێواش هێواش بەرەو دیوارە قوڕە سواغەکە ڕۆیشتم. هەرچەند گڵۆپی تیری چرابەرقی پەنا دیوارەکە سووتا بوو و وڵات تەواو تاریک بوو، بەڵام بە هۆی مانگەشەو دەتتوانی بەباشی دەوروبەری خۆت ببینی. هیچ منداڵێک لە کۆڵان نەمابوو، دیوارەکان بێدەنگتر لە هەمیشە بوون، بۆیەی سەر دیوارەکە هێشتا تەڕ بوو؛ سەرم بەرزکردەوە و بێ‌دەسەڵات چەند چرکەیەک چاوم برییە کاشییە ڕەنگاوڕەنگەکانی سەر دەرگاکە و وێنەی ئەم پیاوە کوردە کە ئێستا بەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕووناکیی مانگەشەو دەدرەوشایەوە.

یەکەمجار بوو سەرنجم دەدایە نووسینی ژێر وێنەکە: "بژی دوکتور قاسملوو..."

درێژەی لاپەڕەی ٩

# وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی باشتر بۆ چاوترسێن‌کردنی ئێران هەیە

پتەوکراوی ناوکیی ئێران لە مەترسی باوێ. بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەبێ گەیاندنی تانکەری KC-46، فڕۆکەیەکی هەڵگری سووتەمەنی کە فرۆشتنەکەی بە ئیسرائیل پەسەند کراوە، خێراتر بکات، بەڵام نەوەکوو لە ٢٠٢٤ کە ئێستا بڕیاری بۆ دراوە. پەسەندکردنی وەپێشدانی ئەو مامەڵەیە، ڕەنگبێ لە سەفەری بایدن بۆ ئیسرائیل لە ١٣ و ١٤ی جولای، ئەو پەیامە بە ئێرانییەکان بدات کە ئەمریکا ئامادەیە ئەگەر پێویست بێ، توانایی سەربازیی ئیسرائیل بەرز بکاتەوە. بژاردەیەکی دیکەش ئەوەیە کە تەقەمەنی کونکەری مەزن MOP، بۆمبێکی کێوڕمێنی ٣٠ هەزار پاوندی، بداتە ئیسرائیل و فڕۆکەیەکی B-2 ش بۆ هەڵگرتنی بە کرێ بداتەوە ئەو وڵاتە. ئیسرائیل ئێستا توانایی لەنێوبردنی بنکەی پیتاندنی فۆردۆی نییە، کە لەنێو کێوێکدا دروست کراوە، بەڵام یەک MOP و فڕۆکەیەکی B-2 دەتوانن ئەو کارە بکەن، ئەوە سوور بوونی ئەمریکا لە پشتیوانیی هێرشەکانی ئیسرائیل، ئەگەر پێویست بێ، پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەوە بەو مانایە نییە، ئەمریکا بیەوێ ئیسرائیل لەجیات ئەو کردەوەی هەبێ. لەجیاتان، ئەوە سیگناڵێکە بۆ ئێران کە واشینگتۆن بە تەنیا یان دەگەڵ لایەنی دیکە بۆ لەناو بردنی ژێرخانی ناوکی هەنگاو دەنێ، بێتوو ئەو وڵاتە بەرەو بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی هەنگاو بنێ. ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن هەر هەوڵێکی ئەوتۆ کردەوەیەکی هێندە مەترسیدارە بۆیان؛ ئەوان دەبێ بڕوا بکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەی دەیڵێ مەبەستیەتی و ئەوان دەبێ تێ بگەن کە بێتوو ئێران ڕێگاچارەی سیاسی ناomمکین بکەن، ئەمریکا ئامادەکاریی بۆ هەنگاوی سەربازی دەکات.

### شتێک کە لێی بترسی

بەڵام واشینگتۆن ناتوانێ تەنیا جەخت لەسەر بەرنامەی ناوکی ئێران بکاتەوە. ئەو دەبێ هەروەها ستراتیژییەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئاکاری تێکدەرانەی تاران لە ناوچەدا، پێشگرتن بە گەیشتنی چەکوچۆڵی ئێرانی بە بەکرێگیراوەکانی و گەشە پێدانی بەرگریی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە ناوچەدا هەبێ، بە تایبەت دژی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، مووشەکی دەریایی و مووشەکی بالیستیکی بەکرێگیراوانی ئێران. بۆ ئەو مەبەستە، ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ سیستەمی بەرگریی هۆشداریی سەرەتایی دژی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، بەرگریی سایبەری و مووشەکیی هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەدا وەسەریەک بخات، ئەگەرچی ئەو هاوبەشانە دەبێ لە پێشدا ڕەزامەندی بۆ ئەو کارە دەربڕن.

لە کاتێکدا کە گەلێک لە دۆستانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانی ئەوەن ئەو وڵاتە لە ناوچەکە بکشێتەوە، یەکخستنی بەرگریی، ڕێگایەکە بۆ دڵنیاییدان بەوان و هێشتنەوەی ئەمریکا لەو ناوچەیە. سوودی ئەوە تەنیا دابەش‌کردنی قورسایی تێچووەکان نییە، بەڵکوو سامانی تاکیی وڵاتەکان لەناوچەدا کەڵکی باشتری لێ وەردەگیرێت. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست ناکا مووشەکی بەگریی زۆرتر بدات بە هاوبەشەکانی، بێتوو ئەوەی تا ئێستا پێیانی داوە بە شێوەیەکی کاریگەر وەک کۆیەک کەلکیان لێ وەرگیرێ. کۆی ئەو چەکوچۆڵانە بێگومان لە لە بەشە تاکیەکانی زیاترن. دەبێ دان بوەشدا بنرێت کە لە سایەی بەڕێوەبەرایەتی بایدنەوە، هەر ئێستا کار بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی بەرگریی ئاسمانیی و مووشەکیی یەکگرتوو لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەستی پێ کردوە.

لە کۆتاییدا، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئامادە بێ بەهێزتر وەڵامی هێرشەکانی بەکرێگیراوانی ئێران دژی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە عێراق و سووریە بداتەوە. ئەو بنکانەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لێیان جێگیر بوون زیاتر لە ٤٠ جار بەئامانج گیراون، بەڵام ئەمریکا تەنیا دوو جار بە شێوەیەکی باش وەڵامی ئەو هێرشانەی داوەتەوە. وەڵامەکانی واشینگتۆن دەبێ چاوەڕواننەکراو بن و دەبێ ئەوە بە ڕێبەرانی ئێران بڵێن کە، بە پێچەوانەی گریمانەی ئەوان، وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادەیە دژی ئەوان کەڵک لە هێز وەرگرێ. ڕەنگبێ کاتی ئەوە هاتبێ وەک ئیسرائیلییەکان بکەین: لە نیوەشەودا لە ئامانجەکانی ئێرانی بدەین، نەوەک هی بەکرێگیراوەکانی، و دانیشیان پێدا نەهێنین. وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ ئێران لە دۆخێک هاوێ یان وەڵام بداتەوە یان حەیای بچێ، بەڵام دەتوانێ بۆی ڕوون بکاتەوە کە چیدیکە هێرشەکانی بێ وەڵام ناهێڵێتەوە.

ئامانجی سیاسەتی ڕاگەیەنراوی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ چاوترسێن کردن بێ. تا ڕێبەرانی ئێران باشتر لەوە تێبگەن کە چ دەدۆڕێنن، بەو شێیەوەی وێدەچێ ئەوان زۆرتر ملکەچی ڕێگاچارەی سیاسی بن. ئەویش هەڵگیرانی ئابلۆقەکان بەشێوەیەکی گەلێک زیاتر لەوەی چاوەڕوانی دەکەن، بێتوو تاران ڕێککەوتنێکی بەهێزتر و درێژمەوداتر پەسەند بکات. ڕێککەوتنێکی "زیاتر بۆ زیاتر" لەو شێوازە ڕەنگبێ بکرێ وەدەست بێ، بەڵام تەنیا کاتێک کە ڕێبەرانی ئێرانی بە شێوەی ڕاستەقینە لەوە بترسن چ شتێک لە کیس دەدەن. بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە، وێدەچێ گەڕاندنەوەی ترسی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ڕێگای پێشگرتن بە جەنگ، سنووردار کردنی هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچە و گەیشتن بە ئاکامێکی سیاسی شیاو لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی ئێران بێ.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:827 22 July 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312

# بەرەو بەرەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد و کۆمەڵەی خوێندکارانی ڕۆژهەڵات لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا ڕایانگەیاندوە کە لە پێناو گەشەپێدانی چالاکییەکان و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان و هاوکاریی لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەرتاسەری ئێران، سەرەڕای کاری هاوبەش، بۆ دروستکردنی ناوەندێکی هاوکاریی لەژێر چەتری پلاتفۆرمێکی هاوبەش تێدکۆشن.

ڕاگەیەندراوەکە دەڵێ پێکهێنانی ئەم بەرەیە بۆ کاری هاوبەش، بەرپرسایەتیی زیاتر لەسەر شانی توێژی خوێندکاری کۆمەڵگە وەکوو توێژی پرسیارخولقێن و ڕادیکاڵ لە سەرووی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دادەنێت، هەر بۆیە خوێندکاران لە ئاستی ئەم بەرپرسایەتییە دەبێت هەنگاوی جیدی بۆ کاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان، قەڵەمبەدەستان، ڕووناکبیران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەڵبگرن؛ لەبەر ئەوەی کە کاری هاوبەش پێش بە بەریەککەوتنی مەترسیدار دەگرێت و هەم ڕێخۆشکەری قۆناغێکی گەورەتر و پیرۆزتر بە ناوی یەکگرتوویی و یەکبوونە و پێش بە ناتەبایی و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی کورد دەگرێت و بەهێزتر دەتوانن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تێبکۆشین و هەروەها بە هێزەوە لە دۆخی هاوکێشە سیاسییەکان لە نەزمی جیهاندا ڕووبەڕوو بێتەوە و ببێتە ڕۆژەڤی بابەتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەنگاوێکی گرینگ بۆ داهاتووی کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵبگرێت.

ڕاگەیەندراوەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەگەرچی زانکۆ هەمووکات وەک بەشێک لە کۆمەڵگە قوربانی سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و خوێندکارانی کورد وەک کەمینەی نەتەوەیی و هەروەها ئایینزاش لە ئێراندا، لەگەڵ هەڵاواردنێکی چەند قات بەرەوڕوون و ڕۆژانە بە بیانووی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکان بە هۆی بیروڕای پێشکەوتنخوازانەیان، بە ئەستێرەدارکردن، دەرکردن لە زانکۆ، زیندان و ئێعدام لەلایەن حاکمانی ئەم سیستمە بەرەوڕوو دەبنەوە و دەرفەت و بەستێنی چالاکی بۆ خوێندکاران نەخوڵقاوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە خوێندکاران وەکوو توێژی پێشەنگی کۆمەڵگە، ئەرکی بەرەوپێشبردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر شانە و نابێ سیاسەتی ڕێژیمی ئێران لەسەر ڕێگای چالاکییەکانیان لەمپەر بێت.



# کۆڕی پەردەلادان لەسەر کتێبی «ڕەگەزی لاواز»

ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، بەئامادەبوونی بەشێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کوردستان، لەکۆیە کۆڕی پەردەلادان لەسەر کتێبی «ڕەگەزی لاواز» بەرهەمی چاپکراوی نەسرین یووسفزادە بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕە ئەدەبییەدا سەرەتا خاتوو نەسرین یووسفزادە وەرگێڕی کتێبی «ڕەگەزی لاواز» لەسەر نێوەڕۆکی کتێبەکە بۆ بەشداران دوا و پاشان مستەفا شێخە، نووسەر و وەرگێڕ کە پێشەکیی بۆ کتێبەکە نووسیوە، هەڵسەنگاندێکی بۆ وەرگێڕانەکە کرد. لە دوابڕگەی کۆڕەکەدا



خاتوو سوڕەیا پەیڕەوان پەردەی لەسەر کتێبەکان لادا وەرگێڕ کتێبی بۆ ئامادەبوان واژۆ کرد.

جێی ئاماژەیە خاتوو نەسرین یووسفزادە، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر دوو بەرهەمی دیکەی وەک ڕۆمان بە دوو زمانی کوردی و فارسی بە ناوەکانی «ماجرای یک عشق» و «کۆڵانەکەمان» چاپ کراون.

# سەرکەوتنی گرووپی هەڵپەڕکێی «چالاک»ی بانە لە فێستیڤاڵی ئەرمەنستان

گرووپی هەڵپەڕکێی «چالاک»ی بانە کە بەشداریی لە فێستیڤاڵی «فەرهەنگ و هونەر»ی وڵاتی ئەرمەنستاندا کردبوو، توانی چەندین خەڵات لە بوارە جۆراجۆرەکاندا بباتەوە.

خەڵاتی تایبەتی فێستیڤاڵ سەبارەت بە پاراستنی فەرهەنگ و ڕەسەنایەتیی نەتەوەکان، پلەی دووەمی فێستیڤاڵ بۆ گرووپی هەڵپەڕکێی چالاک، پلەی یەکەم و باشترین مۆسیقای فێستیڤاڵ بۆ گرووپی هەڵپەڕکێ و هونەرمەندانی بەشداربوو، دیپلۆمی شانازی بۆ گرووپی هەڵپەڕکێ، باشترین دەنگ و مەزنترین دەنگبێژیی فێستیڤاڵ بۆ ڕابەر کوردستانی بەشێک لەو خەڵاتانە بوون کە لەو فستیڤاڵەدا بە گرووپی هەڵپەڕکێی چالاکی بانە دران.

فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فەرهەنگ و هونەر بۆ هەڵپەڕکێ و گۆرانی لە شاری تساخکادزۆری ئەرمەنستان بە بەشداریی ١٦ گرووپی چەندین وڵاتی جیهان ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی پووشپەڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.



## بەر لە ماڵاوایی

# کوێستانی ئاواجیغ



شارۆخ حەسەنزادە

لە نێوەڕاستەکانی مانگی ئەم مانگەدا قاچاغچییەکانی مرۆڤ کە زیاتر خەڵکی ئەفغانی ئاودیوی تورکیە دەکەن، لە ئاکام گرتنی دەستەیەک لە ئەفغانەنییەکان لەلایەن ژاندارمی تورکەوە بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبوون سنووورداش دەکرێنەوە. دواتر لەسەر ئەم کێشەیە دەبێتە شەڕ و گرووپی تورکەکان بە قەمە و دار و بەرد هەڵدەکوتنە سەر ڕەشماڵی ماڵە کوردەکانی ناوچەی کوێستانی «ئاواجیغ» (ئاواجیق)(دوو هەوار بەناوەکانی «نادۆ» و «سپی سەنگ» کە زیاتر لە ١٥٠ خێزانی لێیە و بیست هەزار سەر مەڕومالاتی لێ دەڵەوەڕێندرێ و سەرەتای دەستپێکی کاروچالاکیی مەڕدارانە) و کوردەکانیش بەناچاری دەست دەکەنەوە؛ کە لە ئاکام چەند کەس لە هەردووک لا دەکوژرێن و بریندار دەبن.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو شەڕە دەکرا بە ڕێگای یاساییەوە چارەسەر بکرێ و هیچ پێویستیی بە لەشکرکێشان و خۆپێشاندان نەبێت، هەر زۆر خێرا خەڵکی تورکی ناوچەکە بە فیتی سپای پاسداران و پشتیوانیی نوێنەری بەناو مەجلیس کۆ دەبنەوە و داوا لە بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ناوچەکە دەکەن کە دەبێ ئەو کوردە مەڕدارانە سەدان ساڵە لەو کوێستانانە گەرمێن و کوێستان دەکەن کۆچ بدرێن و بەزۆری دەستبەرداری هەوار و زۆزانی خۆیان بن.

لەم نێوەدا ژنێک لە فیلمێکدا دەردەکەوێ کە چەند دە کەسێک دەوریان داوە و گۆیا مامۆستای قوتابخانەیە و داوا لە نوێنەری ئەو شارە (ماکۆ، بەخشعەلی ڕەحیمی باغچە جوقی)و هێزە ئەمنییەتییەکان دەکا کە ئەو خەڵکە کوردە دژی شۆڕشن و یان دەبێ ئێوە بێن ئەو خەڵکە دەر بکەن، یان خۆمان کفن دەبەر دەکەین و لێرەیان وەدەردەنێین! بەناو نوێنەریش کە خۆی یەکێک لە مۆرەکانی ڕێژیمە، ئەم هەلە وەک باشترین دەرفەت دەبینێ و دەیقۆزێتەوە و بەپەلە بڕیار دەدەن دەبێ کوردەکان ئەو مەڵبەندە بەجێ بێڵن و لە چادر و چیغ و ڕەشماڵیان دەکەن. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەودەمەی ساڵ کاتی زۆزان و کوێستانچییەکانە و بە وەرزی کار و تێکۆشانی مەڕداران دادەنرێ.

هەر ئەمە وای کرد ئەو ڕووداوە ئاساییەی شەڕی دوو بنەماڵە ببێتە هەوێنی کۆچی زۆرەملێی بەشێک لە کوردەکانی ئەو ناوچەیە و هەڵوێستی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیاندنە کوردییەکانی بەدوادا هات. لێ مەخابن لە نێوخۆی ماکۆدا نەیانهێشت دەنگی کاناڵە کوردەکان بێتە دەر و وێڕای هەڕەشە و گوڕەشە پێیان ڕاگەیاندبوون هەر هەواڵێک لەسەر ئەو بابەتە دەچێتە چوارچێوەی ئەمنییەتی نەتەوەیی و نابێ بڵاو بکرێتەوە؛ لەبەرامبەردا کاناڵە تورکەکان بە دڵی خۆیان ڕووداوەکەیان چەواشە دەکرد و ئەسپی خۆیان لە مەیدانی سپادا تاو دەدا!

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا پانتورکەکان بە پشتیوانیی هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان بەتایبەت سپای پاسداران کە لەم ناوچانەی کورد و تورک پێکەوە دەژین، دەسەڵاتدارن و بەهەر شێوەیەک بۆیان لوابێت دژایەتیی کوردەکانیان کردوە و بەجۆرێک دێموگرافیای کوردستانیان شێواندوە و بە قازانجی تورکەکان و لە بێدەنگیی ناوەنددا چالاکیی بەردەوام دەکەن. هەر لەم ڕووداوەی دواییدا کەسێک بەناوی «ئەلیار ماکۆیی»، جێگری حیزبی پانتورکی «گاموح» دەستخۆشیی لە قسەکانی ئەو ژنە کرد و هێزەکانی ڕێژیمی هان دەدا بۆ ئەوەیکە دەبێ بەزۆرەملێ کۆچ بەو کوردانە بکرێ.

ناوچەی ئاواجیغ (ئاواجیق) دەکەوێتە باکووریترین خاڵی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوامین ئاواییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو مەڵبەندەیە کە بەپێی سەرژمێرییەکانی ئێستای ئێران سەر بە شاری «چاردێرانە»(چالدران)ە و بەدرێژایی مێژوو وەک ڕێڕەوێکی ستراتێژیی تورکەکان بۆ هاتوچۆ کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە مێژووی ئەو دەڤەردا سەلجوقییەکان، مەغۆلەکان، سەفەوییەکان، تورکەکانی بەیات، ئەفشار، قاجار، شاملوو و ئیستجالوو و ... بەم دەربەندەدا بۆ کوردستان دەگوازرانەوە یان بەم ڕێڕەوەدا هێرشیان دەکرد و هەڵدەهاتن. لە سەردەمی سەفەوییەکاندا هەزاران بنەماڵەی ئەم سنوورە بەرەو خۆراسان گوازرانەوە، بەجۆرێک کە لە سەردەمی شاعەبباسی سەفەویدا قەڵای «قابان»ی ماکۆ کە بە ناوەندی دەسەڵاتی کوردەکانی «مەحموودی» دەناسرا، دەستی بەسەردا گیرا و دوای وێرانکردنی قەڵاکە، ٣٠٠ بنەماڵەی تورکی بەیاتیان بۆ ئەو ناوچەیە گواستەوە، و بەمجۆرە حاکمییەتی سەڵماس و ورمێش هەر لەو سەردەمدا دران بە دەستەڵاتدارانی تورک. دوای گەڕی دووهەمی شەڕەکانی ئێران و ڕووس و شکانی ئێرانییەکان، تورکە قەرەپاپاقەکانیان هێنایە ئەو ناوچە سنوورییانە و پاش ماوەیەک بەشی هەرەزۆرییان بردنە دەشتی سندووس و دەوییان خزاندن، بەجۆرێکی دیکە ئەو تورکانەی ئاواجیغ و قەرەپاپاقی نەغەدە لە یەک تایفە و بەرەبابن.

وێڕای هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە ئەتنیکییە و شێواندنی دێمۆگرافیای ئەو ناوچانە و هێنانی دوامین دەستە لە تورکەکان لە ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کوێستان و زۆزانەکان و هەروەها ئاواییەکان هەر لەدەست کوردەکاندا ماوەتەوە و جەلالییەکان و میلانییەکان بەردەوام دەسەڵاتداری ڕەسەنی ناوچەکانیان بوون. دوای نسکۆی شۆڕشی ئاگری بە سەرکردایەتیی ژێنراڵ ئێحسان نووری پاشا بەهۆی ئەوەیکە کوردەکانی ئەم بەشە هاوکار و یارمەتیدەری شۆڕشی ئارارات بوون، نزیک پێنج هەزار بنەماڵەی جەلالییان وەک تۆوی زەوی بەسەر ئەردەبێڵ، قەزوین، ئەهەر و خۆراسان وەرکرد و لەژێر ناوی «تختە قاپو»کردنی کۆچەرەکان ڕێژیمی شا جارێکی دیکە هەوڵی سڕینەوەی کوردەکانی ئەو ناوچەیەی دا.

ئەو هەمووە هەوڵە لانیکەم ئاکامەکەی لەو ماوە زەمەنییە دوورودرێژە ئەوە بوو کە، بەشێکی زۆر لە کوردەکان ئاسمیلە بوون کە لەوان دەتوانین ئاماژە بە کوردەکانی دونبولی کە هەم زمانیان بۆتە توریک و هەمژی دینیشییان بۆتە شیعە! یان تایفەی کوردی ڕەسەنی مافی کە لە ورمێ نیشتەجێ دەبن، ئەو حاڵەتەیان بەسەردا هاتوە. یان سیاسەتی ئابووریی ناوەند وای کردوە زۆربەی کوردەکانی ئەو ناوچانە لەبەر ئەوەیکە هیچ هیوایەکیان بە دامەزراندن و هاوکاری و یارمەتییەکانی حکومەت نییە بەناچار یان دەبێ کۆڵبەری بکەن و بکوژرێن، یان دەبێ بۆخۆیان ئەو ناوچانە جێ بێڵن و ڕوو لە شارە گەورەکانی وەک تاران و ئیسفەهان بکەن و بەمجۆرە بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیانیان و کوردستان و خاکی خۆیان بەجێ بێڵن و حکومەت و لایەنی پانتورک بە هاوکاریی دەزگا ئەمنییەتییەکان هەموو ئیمکانات و دەرفەتێک بۆ تورکە هاوردەکان دەرەخسێنن و دایاندەمەزرێنن بۆ ئەوەیکە لەو ناوچانەدا بمێننەوە و خاکی کوردان بە شێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ داگیر بکەن.